# مارکسیزمو

# مەسەلەی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراق

سەرەتای کانونی یەکەمی 2002

# پێشەکی

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە یەکێك لەو زنجیرە باسانەیە کەکۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنفرانسی سێیەمی رێکخراو، کە لەمانگی شوباتی 2002دا بەسترا، ئامادەی کردبوو.

باسەکە لەژێر ناونیشانی "**مارکسیزم‌و مەسەلەی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراق**" خرایە بەردەستی هاورێیانی ڕێکخراو و هەموو ئەو هاورێ‌و لایەنانەی کە بڕیاربوو باسەکانی کۆنفرانس بەدەستیان بگات، دیارە باسەکە وەکو گفتوگۆیەکی نێوان چەند هاورێیەکەی ناوەند لەزنجیرە کۆبوونەوەیەکدا لەسەر کاسێت تۆمارکراو دواتر نوسرایەوەو خرایە سەر کاغەز.

پاش گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە کۆنفرانسی سێیەم هێڵە سەرەکی‌یەکانی باسەکەی دایە بەرباس‌و پەسەندی‌کرد. وە لەسەر ڕۆشنایی ئەو باسەوە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی ڕاسپارد کە بڕیارنامەی پوخت‌و ڕۆشن لەو بارەیەوە دابڕێژێت‌و هەروەها وردەکاری‌یەکانی باسەکە زیاتر لێکبداتەوە.

بێگومان لەباسێکی وا ئاڵۆزو هەمەلایەنەدا، لەباسێکدا کە تاکو ئێستا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەعێراقدا بەم شکڵە هەمەلایەنەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکردووە، جیاوازی بیروڕاو شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامگیری‌یەکاندا شتێکی سروشتی‌یەو نەبوونی ئەو جیاوازییانە جێگای پرسیارو تێڕامانە.

دیارە ئەم باسە بەتایبەتی بەشی کۆتایی‌یەکەی کە تایبەتە بەئەنجامگیری‌یەکان‌و شکڵی تایبەتی ڕێگەچارەی بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست ــ عێراق بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی کورد هێشتا پێویستی بەتاووتوێ‌کردن‌و قسەوباسی زیاترو گەیشتن بەبڕیارێکی کۆتایی هەیە.

ئومێدمان وایە بڵاوبوونەوەی عەلەنی‌و ئاشکرای باسەکە کۆمەك بکات بەو کارەو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زیاتر چەکداربکات بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ناسیونالیزم‌و بۆ چارەسەکردنی گرێکوێرەیەکی سیاسی ((واتە مەسەلەی نەتەوەیی کورد)) کەدەیان ساڵە خەڵکی عێراق بەدەست بوون‌و ئاسەوارەکانی‌یەوە دەناڵێنن.

بەتایبەت لەم بارودۆخەدا کە خەریکە عێراق‌و کوردستان گۆڕانگاری گەورەتر دەیگرێتەوەو مەسەلەی قەومی کورد یەکێکە لەتەوەرەی کیشمەکێش‌و ململانێکان، لەو باوەڕەداین ئەم باسە کۆمەك بکات بە خستنەڕووی ئاسۆو ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری یەکجاری ئەو کێشەیە.

نزار عبدللە

سەرەتای کانونی یەکەمی 2002

# ماركسیزمو
# مەسەلەی نەتەوەیی لەكوردستانی عێراق

***ئەم باسەی سەرەوە لەچوار تەوەرەی سەرەكی‌دایە :***

1/ ماركسیزمو مەسەلەی قەومی(پایە تیۆری‌یەكان).

2/ سەرهەڵدانی مەسەلەی قەومی كورد لەعێراقو ڕابووردووەكەی.

3/ دەیەی نەوەتەكانو بارودۆخی ئێستای مەسەلەی قەومی كورد.

4/ ڕێگەچارەی سۆسیالیستی لەبەرانبەر مەسەلەی قەومی كورد لەعێراقدا.

---

## ماركسیزمو مەسەلەی قەومی(پایە تیۆری‌یەكان)

**نزار عبدالله:**

باسكردن لەپایە تیۆری‌یەكانی ماركسیزم سەبارەت بەمەسەلەی قەومی لەم باسەی ئێمەدا گرنگی‌یەكی زۆری هەیە، لەو ڕووانگەیەوە كەبتوانین هەم دووپاتیان بكەینەوەو هەم بمان گەیەنێت بەكۆمەڵێك ئەنجامو ئاكامی سیاسی‌و ڕێگەچارەیەكی دیاری‌كراو.

گرنگی باسێكی وا كاتێك ڕوونتر دەردەكەوێ كەئەوە بهێنینە پێشچاو مەسەلەی قەومی نەك هەر لەكوردستانو عێراقدا، بەڵكو لەسەرتاسەری دنیادا ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی‌و بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. ئەو پایە تیۆرییانەی كە ماركسو ئەنگلس لەسەردەمی خۆیاندا سەبارەت بەمەسەلەی قەومی‌و بەتایبەت لە پەیوەند بەمەسەلەی ئێرلەندەو پۆڵەنداوە ... تاد پێیان لەسەر داگرتووە، یان ئەوانەی كە لینین تەرحی كردووەو لەپەیوەند بەووڵاتە كۆلۆنیالكراوەكانو دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە دیفاعی لی‌كردووە، هەموو ئەوانە بەحوكمی گۆڕانی بارودۆخەكان، ناكرێ بەبێ هیچ پیاچوونەوەیەك دووپاتی بكەینەوەو تەعمیمی بكەین بەسەر دنیای ئەمڕۆدا.

ئەو بارودۆخو گۆڕانكاری‌یە هاوچەرخانە وادەخوازێ بەو پایە تیۆریانەدا بچینەوە تابزانین چەند لەوانە بۆ ئێستای ئێمە دەست دەدەنو چەندیان پێویستی بە دووپات كردنەوەو پێداگرتنو گەشەپێدانە. گرنگی ئەم كارە ئەو كاتە ئاشكرا دەبێ كە ئەو تەحریفاتو شێواندنە گەورەیەی لەبواری مەسەلەی میللی‌دا بەسەر ماركسیزمدا هاتووە لەبەرچاوبگرین، ئەو میراتە شوومە گەورەیە بهێنینە پێشچاو كەستالینیزمو سۆسیالˇ ـ شۆڤینستەكانو بزووتنەوە قەومی‌یە بەناو ماركسی‌یەكان بەدرێژایی چەند دەیەیەك بۆیان بەجێ‌هێشتووینو كەڵەكەیان كردووە لەسەر یەك. ئەو تەحریفاتو شێواندنانە هەر ئەوكاتەی كەلینینیش لە ژیاندابوو دەستی پێكردو دواتر لەسایەی بەهێزبوونی بزووتنەوە ناسیونالیستیەكانو دوای شكستی شۆڕشی ئۆكتۆبەر بەشكڵو شێوەی تر درێژەی كێشاو لەچوارچێوەی فۆرمۆڵو هەڵوێستی جۆراجۆرداو بەزمانێكی ماركسیستی بەیانیان كرد. ئێستا ئێمە لەگەڵ هەڵوێستو فۆرمۆڵی جۆراوجۆر ڕووبەڕووین. كەم نین ئەوانەی ماركسیزمیان كرد بەهۆیەكو چەكێك بۆ ڕزگاری‌و ئازادی قەومی، كەم نەبوون ئەوانەش كە دەستبەرداری ماركسیزم بوونو بۆ ڕزگاری میللەتو قەومەكەیان بوون بە ناسیونالیستو قەوم پەرست.

بەهەرحاڵ ئەگەر لەو لادانو شێواندنانەش چاوپۆشی بكەین، هێشتا هەر خودی ماركسیزم وەكو تیۆرێك لەبواری مەسەلەی میللی‌دا پێویستی بەپیاچوونەوەیەكی وورد هەیە. لەڕاستی‌دا باسكردن لەو پیاچوونەوەیە شتێكی تازە نی‌یە. لەمێژە ئەم ڕەوندە دەستی پێكردووە، بزووتنەوەی ماركسیستی دنیا هەمیشە یەكێك لەباسو سەرقاڵی‌یەكانی باسو لێكدانەوە بووە دەربارەی مەسەلەی میللی‌و پایە تیۆریەكانی ماركسیزم لەو بارەیەوە. ئەوەی كە میللەتو چی‌یە، ناسیونالیزم چی‌یە، پەیوەندی ناسیونالیزمو میللەتو كۆمەڵگا چۆنە؟ مەسەلەی قەومی چی‌یەو ڕێگاچارەكانی زوڵمی قەومی كامانەن؟و ... تاد.

بەبڕوای من پێویست ناکات ئێمە لەم باسەی ئەمڕۆماندا زۆر قووڵبینەوەو شۆڕبینەوە بەناو ئەو باسانەو ووردەکاری‌یەکانی‌دا. دەکرێ لێرەدا چەند خاڵێکی گشتی‌و پایەیی هەیە پێی لەسەر دابگرین‌و بەپشتبەستن بەوانە فۆرمۆڵو ڕێگەچارەیەکی گشتی دیاری‌بکەین. لەبەرئەوە من لێرەدا باسکردن لە چەند خاڵێک‌و دووپات کردنەوەی هەندێ حوکمی تیۆری بەپێویست دەزانم:

1/ ناکرێ ئێمە فۆرمۆلی ((مافی نەتەوەکان بۆدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان)) ئەوەی کەلینین‌و مارکسیستەکان بۆ دەورەیەکی درێژ بەرزیان کردبۆوەو دیفاعیان لێ‌دەکرد وەکو فۆرمۆڵو حوکمی ئەم سەردەمەی خۆمان بێ پیاچوونەوە قبووڵبکەین. دیارە دیفاعی لینین لەو سیغەیە لەکاتی خۆیشیدا موتڵەق نەبووە. لینین بەڕۆشنی ئەو ڕێگەچارەیەی بەبزووتنەوەی سۆسیالیستی‌یەوە گرێ‌داوەتەوەو دواتریش گرێی دایەوە بەئاڵوگۆڕەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە. ئەگەرچی مارکسیستەکانی دنیا وەکو ڕێگاچارەیەك بۆ زوڵمی قەومی یان بۆ ڕزگاری‌و سەربەخۆیی قەومی هەمیشە دیفاعیان لەو سیغەیە کردووە تائەو ئەندازەیەی کە کردوویانە بەپێوانەیەك بۆ مارکسیست بوون یان انتهازی بوونی لایەنەکان، بەڵام ئێستا ناکرێ لەبواری مەسەلەی میللی‌دا سیغەیەکی گشتی‌و لەو شێوەیە بکەین بەهەڵوێست‌و حوکمی تیۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و مارکسیستی. زوڵم‌و ستەمی قەومی‌و سەربەخۆیی قەومی وەکو ڕابوردوو لەجێگەی خۆی نەماوەتەوەو ئاڵوگۆڕی زۆری کردووە. هەروەها بزووتنەوە قەومی‌یەکانیش کەبەزۆری پەیوەندی‌یەکی ئەوتۆیان بەزوڵم ستەمی قەومی‌یەوە نی‌یە ئەو فۆرمۆڵو سیغەو ڕێگەچارەیەیان بۆ خۆیان بردووەو کردوویانە بەئاڵای خۆیان‌و زیاتر ئەوانی پێ‌دەناسرێنەوە.

لەهەر شوێنێك، گروپێك یان کۆمەڵێکی ناسیونالیست ئامانجیان ئەوەبووبێ کەبەشێك لەدەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری بپچڕن، هاتوون ئەو ڕێگەچارەیەیان بەرزکردۆتەوەو لەسایەی ئەوەدا بۆ ئەو ئامانجانەی خۆیان تێکۆشاون، وە زۆرکات هیچ ڕیفۆرم‌و ئیصلاحاتێکی ڕیشەیی‌و پایەییان بەو خەبات‌و هەڵسووڕانەوە گرێ‌نەداوەو بەئەرکی خۆشیان نەزانیوە.

لەڕابووردوودا مەسەلەکە بەجۆرێکی‌تر بوو. کەمو کوڕی ئەو فۆرمۆڵەی سەرەوە(واتە مافی نەتەوەکان بۆ ...) هەرچی‌یەك بووبێ کاتی خۆی ڕێگەچارەیەکی گشتی‌و هەمەلایەنەی بۆ زەمانی خۆی تەرح کردووە. جگە لەبوونی زوڵم‌و ستەمی قەومی‌و مانەوەی هەندێك کێشە بەچارەسەرنەکراوی لەئەورووپاو ووڵاتانی تردا، بەشێکی زۆری گۆی زەوی لەژێر سایەی کۆلۆنیالیزم‌و داگیرکاری‌دا(مستعمرات)دا ژیاون. ئەو فۆرمۆڵە لەلایەنێکی سەرەکی‌دا ڕێگەچارەیەك بوو بۆ ئەو ووڵاتە داگیرکراوانە. ئێستا ئەو ووڵاتانە تێکڕا سەربەخۆییان بەدەست هێناوەو وەکو کۆمەڵێکی زۆر لەووڵاتانی سەرمایەداری پێکهاتوون.

ئەوەی کە سەربەخۆیی ئابووریان نی‌یە وەکو هەندێك دەڵێن‌و بانگەشەی بۆ دەکەن، یان گەشەی نیشتمانی‌و قەومییان لاوازەو چی‌و چی، ئەوانە لەکاتی خۆشیدا هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەخودی ئەو ڕێگەچارەو فۆرمۆڵەوە نەبووە. دیارە(مافی نەتەوەکان بۆ ...) لەبنەڕەتدا مافێکی سیاسی بوو نەك ئابووری‌و لینین خۆی زۆرجار ئەوانەی دووپات کردۆتەوە.

لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ دیاریکردنی مافی نەتەوەکان ڕووبەڕوونین تاکو بێین‌و بەو ڕێگەچارە گشتی‌یەوە بنوسێین، لەبنەڕەتدا لەگەڵ کۆمەڵێك حاڵەتی تایبەت تر ڕووبەڕووین. من ناڵێم زوڵمی قەومی لەبەین چووەو ئیتر مەسەلەی قەومی کۆتایی هاتووە. نا مەبەستی من ئەوەیە کە لەدنیای ئەمڕۆدا حاڵەتی منفردو تاك تاك هەیە نەك حاڵەتێکی گشتی‌و عمومی.

هەر لێرەوە دەبێ ئەوەش استنتاج بکەین کەبوونی بەندێکی بەرنامەیی لەسەر ئاستی دنیا تایبەت بەمەسەلەی قەومی‌و پێویستی پەیڕەویکردن لێی لەلایەن هەموو کۆمۆنیستەکانی دنیاوە، بەجۆرێك کە حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا، یان حزبی کۆمۆنیستی عێراق‌و ووڵاتانی تر پابەندی بن، پێویست نی‌یەو ئەو کارە بەسەرچووە. کۆمۆنیستەکان

لەدنیادا دەکرێ بـەندێك یـان ڕێگەچارەیـەکی دیاریکراویـان بـۆ مەسـەلەی قـەومی لەبەرنامەکـەیاندا نـەبێو ئـەوە هیچ لەکۆمۆنیست بوونو ڕادیکاڵ بوونو پێشکەوتنخوازبوونیان کەم نەکاتەوە.

بـەجیا لەخـەبات دژی ناسـیونالیزم کـەخۆی مـەیدانێکی سـەربەخۆیە، لەهـەر جێگایـەك زوڵمێکـی قـەومی بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوەو مەسەلەی قەومی وەکو مەسـەلەیەك هاتۆتـە نـاوەوە، ئـەوکات دەبـێ بەتایبـەتی قسـە بکـەینو هەڵوێسـت دیـاری بکـەین. لـەوەش بڕوانـین کەلایـەنی پێشـکەوتنخوازیو لایـەنی کۆنەپەرسـتیی ئـەو کێشـەیە لەچیدایە، تاچەند دیفاعی لێبکەینو ئەو دیفاعە چ قازانجێکی بۆ چینی کرێکار تێدایەو ... تـاد. ڕۆژگـارێك مـارکس هیچ سیغەو ڕێگەچارەیەکی گشتی تەرح نەکردووە بەڵکو لەگەڵ هەر حاڵەتێك بەجیا مامەڵەی کردووە، هەندێك جـار مـارکس دیفاعی لەسەربەخۆیی کردووەو هەندێك جاریش لەاتحاد (فیدراڵیەت).

مەسەلەکە بۆ ئێمەش وابێ باشترە. لەهەر جێگایەك کەمەسەلەیەکی لـەو جـۆرە لەئارادایـە بـا کۆمۆنیسـتەکانی ئـەو شوێنو جێگایە دیدگاو بۆچوونو هەڵوێستی خۆیان لەڕوانگەی مارکسیزمو بەرژەوەندی چیـنی کرێکـارەوە لـەو بـارەوە دەربڕن.

دیارە لێرەدا ئەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەو قسانەی سەرەوە بەمانای دەستبەرداربوون لەخـەباتی جیهانی کۆمۆنیستەکان دژی ناسیونالیزم نییە. کۆمۆنیستەکانی دنیا هەموو ئەرکیانە لەسەر ناسیونالیزم لەبـەریتانیا بێـت یـان لـەعێراق، لەئـەمریکا بـێ یـان لەهـەر وڵاتێکیـتر قسـەو هەڵوێسـتی ڕۆشـنی خۆیـان دەربـڕن، لێکدانـەوەو بۆچوونـی مارکسیسـتی خۆیـان دەربـارەی ئـەم جووڵانـەوە پایـەدارەی بـۆرژاوزی دەربـڕنو ڕۆڵـی کاریگـەرو زیانبەخشـی ئـەو بزووتنەوەیـە لـەدنیای ئـەمڕۆو مەترسـیەکانی بـۆ هەڵگیرسـاندنی شـەڕو مـاڵوێرانیو کاولکـاریو دووبـەرەکی نانـەوە لەڕیزەکانی چینی کرێکاردا بناسێنن.

لـەواقعدا ناسـیونالیزم لـەدنیای ئـەمڕۆدا خەسـڵەتێکی پایـەداری هەیـەو یەکێکـە لەبزووتنـەوەو جووڵانـەوە سەرەکییەکانی بۆرژوازی. تەنانەت لەو شـوێنانەی کـەزوڵمێکی قـەومی هەیـە بەچارەسـەکردنی عادیلانـەی ئـەو زوڵمـە ناسیونالیزم لەنێوناچێ، بەڵکو بەشێوەی تر خۆی پێناسە دەکاتەوەو درێژە بـەبوونی خـۆی دەدات. ئەگـەر کـەناڵێکی گەشەو پەرەسەندنی مادی خۆی لەدەست چووبێ(واتە زوڵمی قەومی) ئەوە بەئاسانی کەناڵیتر بۆ گەشەو بوونی خۆی دەدۆزێتـەوە. ئاڵوگۆڕەکـانی دنیـای هاوچـەرخیش گۆڕانکـاری سـەرەکی لەپایـەو سـەرچاوەی بوونـی ناسـیونالیزمدا نـەکردووە، هەرچـەند هـەژاندبێتیو ئـەو پایانـەی لـەرزاندبێ. ناسـیونالیزمو ئایدۆلۆژیـای ناسیونالیسـتی هێشـتا هـەر مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر مرۆڤایەتیو بەرەنگاربوونەوەی هەوڵو تێکۆشانێکی گەورەی دەوێ.

بەڵام جگە لەم ئەرکە پایەییو بەرنامەییە، ئـەرکێکی تایبـەت تـر ئەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو بەشـە لەکۆمۆنیسـتەکان کەلەگەڵ زوڵمو کێشەیەکی قەومی چارەسەرنەکراودا ڕووبەڕوون. بۆنمونە مەسەلەی کـورد، یـان مەسـەلەی فەلەسـتینو چەندین مەسەلەی هاوشێوەی ئەوانە لەناوچەکەو دنیادا.

لێرەدا بۆئەنجامدانی ئەم ئەرکە تایبەتەو خستنەڕووی ڕێگاچارەیەکی مارکسیستی ئەبێ لێکدانەوەیـەکی تایبـەت بـۆ ئەو بارودۆخە تایبەتە بخەینە ڕوو. چۆنی ئەم کـارە دەکـەینو چ میتۆدێك بـەکاردەهێنینو لەسـەر چ جـۆرە پایەیـەکی تیۆری پێدادەگرین ئەمـەیان قسـەی تایبـەتی دەوێ. بـەڵام دیـارە دەکـرێ لـەم حاڵەتـەدا بچینـەوە سـەرحوکمو پایـە تیۆریەکانی مارکسیزم لەڕابووردوداو کەلکی لێوەربگرین. من لێرەدا زۆر بەکورتی کۆمەڵێك خاڵ باس دەکەم:

پێش هـەموو شـتێك پێویسـتە ڕێگـەچارەی مەسـەلەی قـەومی بەبزووتنـەوەو جووڵانـەوەی سۆسیالیسـتی چیـنی کرێکارەوە گرێ بدەینەوە، لەڕوانگەی بەرژەوەندیە پایەییەکانی ئەو چینەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بڕوانینو هەڵوێست لە بەرامبـەریدا وەربگرین. لینـین لـەم بـارەوە بەڕۆشـنی دەیـووت کـە ئـەو مەسـەلە دیموکراتیکـە (واتـە چارەسـەری مەسەلەی قەومی) ئەبێ ملکەچو پابەندی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بێ.

من ئەم خاڵە دووپات دەکەمەوەو پێی لەسەر دادەگرم. پێویستە تەرح کردنی ڕێگەچارەی ئێمە بۆ مەسەلەی زوڵمی قەومی گرێ بدەینەوە بەجووڵانەوەی کرێکاریو سۆسیالیستیەوە، جا با خودی مەسەلەی قەومی سەربەخۆیی نیسبی خۆی هەبێو وەکو مەیدانێکی تایبەتو جیاواز لەئارادابێ.

دیارە ئەو گرێدانەوەیە نابێ بەمانای نەفی کردنەوەی تایبەتمەندیو خەسڵەتی ئەو مەسەلەیە بێ، چونکە ئەوە تەنها مەسەلەیەکی کرێکاریو سۆسیالیستی نییەو بەکۆمەڵێکەوە پەیوەندی هەیە کەبۆرژوازیش لەخۆ دەگرێ، هەرچەند ئەو زوڵمە لەسەر بەشە بۆرژوازەکەی زۆر سووکترە وەك لەبەشە کرێکاریو نەدارەکانی.

خاڵێکی تر کەدەبێ لەهەر لێکدانەوەیەکی تایبەتدا بۆ مەسەلەی قەومی لەبەرچاوی بگرین مەسەلەی پەیوەندی شۆڕشو ڕیفۆرمە. ئەبێ بەڕۆشنی تەئکید لەسەر ئەوەبکەین کەڕێگاچارەی مەسەلەی قەومی دەچێتە خانەی ریفۆرمەکانەوە. جووڵانەوەی خەڵك بۆ لابردنی ستەمی قەومی لەناوەڕۆکی خۆیدا شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو سەپاندنی ئیصلاحاتێکی سیاسییە بەسەر بۆرژوازیدا. چارەسەری عادیلانەی ئەو مەسەلەیەش هیچ شۆڕشێك بەدی ناهێنێ لەژێرخانو سەرخانی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، ئەوەی کە دەووترا(بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد)و کۆمۆنیستەکانیش بۆ نیشاندانی ڕادیکاڵبوونی خۆیان بێهیچ تێبینیو هەڵوێستە کردنێك دووپاتیان دەکردەوە، خۆی تێنەگەیشتن بوو لەماهییەتو ناوەڕۆکی مەسەلەی قەومی. دیارە چارەسەری ئەو مەسەلەیە ئەگەر شۆڕشێك نەبێ، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، عادیلانەو پێشکەوتنخوازانەیە. تا چەند ئەو مەسەلەیە عادیلانەو پێشکەوتنخوازەو خزمەت دەکات بەشۆڕش(شۆڕشی سۆسیالیستی)و ئینتلاقو هەستانو گەشەپێدانی، ئەوە بەستراوەتەوە بەو زەمینەو بارودۆخەوە کە ئەو مەسەلەو کێشانەی تیادا دەگوزەرێ.

بەڵام کاتێك دەڵێین چارەسەری مەسەلەی قەومی ریفۆرمو ئیصلاحاتێکە، بەو مانایەیە کە وەکو هەر ئیصلاحاتێکی تر هەم قابیلی تەحیقیق بوونو بەدی هێنانە، هەم قابیلی لێسەندنەوەو وەرگرتنەوەیە. لەدنیای سەرمایەداریدا ئەمانە ڕوویانداوەو مێژوو پڕن لەنمونەی ئەو نەتەوانەی لەدەورەیەکدا زوڵمی قەومییان لەسەر خۆیان لابردو لەدەورەیەکی تردا (بۆنموونە لەئاکامی جەنگێکدا) لێیان زەوتکراو ناچارکران جەنگی ڕزگاریبەخش ڕێك بخەنەوە. حاڵەتی فەڕەنسا لەجەنگی جیهانی دووهەمدا بەبەرچاوەوەیە. فەرەنسییەکان ناچاربوون جەنگێکی ڕزگاریبەخش دژی نازیزمو دەسەڵاتی هیتلەر بەرپابکەنو ئەوەبوو حزبی شیوعی فەرەنسی لەو جەنگەدا دەورێکی کاریگەری لەئەستۆ گرتو بوو بەزەخیرەیەکی گەورە بۆ کاری داهاتووی.

بەڵام کاتێك دەڵێین لابردنی ستەمی قەومی لەچوارچێوەی سەرمایەداریدا وەك هەر ئیصلاحێکی تر ئیمکانی هەیە بەو مانایە نییە کە ئەمە مەسەلەیەکی بڕاوەیە. لەڕاستیدا لەم بارەیەشەوە ئەبێ بەووردی قسە بکەین. مەرج نییە ڕژێمی سەرمایەداری لەبارودۆخێکی تایبەتدا لابردنی زوڵمو ستەمی قەومی تەحەمول بکات. ڕەنگە پایەکانو بەرژەوەندییە پایەییەکانی ئەو ڕژێمە بەجۆرێك بەستەمو زوڵمی قەومییەوە گرێی خواردبێ کەمل نەدات بەرێگەچارەیەکی عادیلانە بۆ چارەسەرکردنی. کرێکارانی روسیا زۆر مافو داخوازییان هەبوو هەتا شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەکو خۆی مایەوەو لەسایەی ئەو شۆڕشەدا بەدەستیان هێنا، نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی روسیای تزاریش هەروەها بوون. بەهەرحاڵ من لێرەدا ناچمە ناو ووردەکارییەکانەوەو تەنها دووپات کردنەوەی پایە تیۆرییەکان بەپێویست دەزانم. ئیتر ئەوەی کەئەو ئەحکامو پایە تیۆرییانە چەندە لەگەڵ واقیعیەتێکی تایبەتدا جووتە ئەمەیان لێکدانەوەو شیکردنەوەی تایبەتی دەوێ.

خاڵێکی گرنگی تر هەڵوێستی ئەنتەرناسیونالیستییە لەمەسەلەی قەومیدا. ئێمە کاتێك دەمانەوێ خەبات بۆ لابردنی زوڵمی قەومی وەکو مەیدانێکی گرنگ بۆ ئیصلاحاتی سیاسی، بەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارەوە گرێبدەینەوە ئەبێ ڕاستەوخۆ بۆ تەحقیقی بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانی ئەو چینە تێبکۆشینو زۆرترین هەوڵو توانا بخەینە گەڕ تا چینی کرێکار بەڕیزی سەربەخۆو چینایەتی خۆیەوە لەم مەیدانەدا دەوری کاریگەری هەبێ.

ئێمە ئەبێ هەمیشە بەشوێن ڕێگەچارەیەکەوە بین کە هەم مەسەلە قەومییەکان نەبێ بەهۆیەك بۆ دووبەرەکیو پاشەکشەکردن بەخەباتی چینایەتی کرێکارو هەم چارەسەرێکی وابخاتە ڕوو کەچینی کرێکار لەبەدیهێنانی مافەکانی نزیك بکاتەوەو زەمینەی بۆ برەخسێنێ. ئەگەر ڕێگەچارەیەك کەڕەنگە خۆی لەخۆیدا مەسەلەی قەومی بەباری چارەسەرکردندا بەرێ بەڵام ناوەڕۆكو ئاکامەکانی بەزەرەری بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە بشکێتەوەو تووشی هەژاریو ڕۆژ ڕەشی زیاتری بکات ئەوە هیچ حیکمەتێکی تیانییە بچین ئەوە پەسەند بکەین. بۆنمونە ئەگەر جیابوونەوە یان پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ (کە لەناوەڕۆکی خۆیدا وەڵامێکی براوەو کۆتاییە بەزوڵمی قەومی) ڕیزەکانی چینی کرێکار لێك بترازێنێ لەناوخۆو لەناوچەکەداو زەربەی لێبدات دیارە کەنابێ پشتگیری لەو ڕێگەچارەیە بکەین. ئەنتەرناسیونالیست بوونی ئێمە وادەخوازێ کە ئەوە ڕەت بکەینەوەو ڕێگەچارەیەکی تر بخەینە ڕوو.

بەبڕوای من چارەسەری زوڵمی قەومی بەتەواوی بەچینی کرێکارەوە نەبەستراوەتەوە. مەسەلەکە وانییە کەئەگەر چینی کرێکار نەیەتە ئەم مەیدانەوە زوڵمی قەومی بەچارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. نابێ ئەوە لەیاد بکەین کەزوڵمی قەومی کاتێك دروست دەبێو دەبێ بەمەیدانێکی کێشمەکێشو بەرانبەرکێ کەبزووتنەوەیەکی قەومی یان دەوڵەتێکی قەومی سەپاندنی ئەو زوڵمە بەسەر قەومێکی تردا بکات بەبناغەیەكو پایەیەك بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتو نفوزی خۆی، یان کاتێك جووڵانەوەیەکی قەومی بێتە مەیدانو مەسەلەی قەومی قەبەبکاتو بیکات بەبنەمایەکی ماددی بۆ گەشەو پەرەسەندنی دەسەڵاتو نفوزی خۆی.

بۆیە کاتێك زوڵمی قەومی توونددەبێتەوەو تەنانەت تراژیدیای لێدەکەوێتەوە کەدوو بزووتنەوەی قەومی لەسەر ئەو مەسەلەیە بەرامبەر لەیەك بگرنو بەیەکدا بکێشن.

گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەنێوانی ئەم دوو لایەنەدا (بەهۆی زۆر فاکتەری ناوخۆییو جیهانییەوە) ڕەنگە ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو زوڵمە قەومییە بدۆزێتەوەو لەم نێوەدا چینی کرێکار هیچ دەورێكو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی تیادا نەبێت. ئەوەی کەئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییانە لەتەرازووی هێزەکاندا چ وەڵامێکی کۆتاییو یەکجاری بەلابردنی زوڵمی قەومی دەداتەوە یان نا یان هەنگاوێك لەو ئامانجە نزیکی دەکاتەوەو سووکتری دەکات، ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەتایبەتمەندیو ناوەڕۆکی لەیەك جیایی هەر مەسەلەیەکەوە هەیە. زۆر جار بینیومانە ئەو هەرێمانەی لەسەر بنەمایەکی قەومی دروستبوونو ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵ بوون کاتێك هاوسەنگی هێزەکان گۆڕاوە سەربەخۆییان ڕاگەیاندووەو کۆتاییان بەو هاوژیانییەش هێناوە کە لەگەڵ نەتەوەیەکدا یان نەتەوەکانی تردا هەیانبووە. نموونەی یەکێتی سۆڤیەتی جارانو سەربەخۆیی جمهوریەتەکان لەیادی کەسمان نەچووە.

هەروەها ئەمەوێ لێرەدا دەربارەی مەقولەی (میللەت)و (ناسیونالیزم) چەند قسەیەك بکەم. لەواقیعدا مارکسو ئەنگلس لەسەردەمی خۆیاندا دروستبوونو پێکهاتنی نەتەوەکانیان بەدیاردەیەکی مێژوویيو هەنگاوێك بۆ پێشەوە لەقەڵەمداوە، ئەوان نەچوونە ناو وردەکارییەکانی ئەوەی کەنەتەوە بەمانا ماددیو سۆسیۆلۆجییەکەی چییە، تایبەتمەندییەکانی کامانەنو نەتەوەیەك بەچی لەنەتەوەیەکی تر جیادەکرێتەوەو ... تاد. ئەوان زۆرتر سەرنجیان لەسەر دروستبوونی کۆمەڵگای سەرمایەداریو بازاڕی ناوخۆو یەکگرتووبوونی خەڵك لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدابوو، هەروەها بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش هێشتا بەمانای تەواوی ووشەکە، لەسەردەمی ئەواندا نەهاتبوونە گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکانی دنیاوەو تەنها وەك حاڵەتی تایبەت هەبوون نەك گشتی.

دیارە من لام وایە کە خودی دروستبوونی کۆمەڵگاکانی ئەورووپا لەچوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداریو لەژێر ئاڵای نەتەوەییدا خۆی هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ پێشەوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵك، هەر ڕەگەزو دینو پێکهاتێکی کۆمەڵایەتیو جیاوازییان لەیەك هەبووبێ، لەچوارچێوەیەکی گەورەترداو لەکۆمەڵگایەکی فراوانتردا پێکەوە گرێدراوەتەوەو ژیانو چارەنووسیانی کردووە بەیەك. ئیتر ئەوەی کەکۆبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵكو بەدەستهێنانی ژیانێکی باڵاترو پێشکەوتووتر لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکدا ناوی فەرەنسا، یان ئەڵمانیا، یان هەرناوێکی تری لێنرابێو ئەو پێناسەو هەویەتەیان بەسەردا سەپابێت ئەوە بەلای منەوە زۆر مەسەلە نییەو لەگرنگیو بایەخی

ئەو ئاڵوگۆڕە مێژووییە گەورەیە کەمناکاتەوە. بۆنموونە کاتێك لەعێراق سـەدان هـەزار کـەسو دواتـر بـەملیۆن کـەس لێکهەڵپێکرانو ژیانو چارەنووسیان لەو چوارچێوەیەدا بوو بەیـەك شـت ئیـتر ئـەوە هـەنگاوێکی پێشـکەوتووی گرنـگو مێژوویی زەمانی خۆی بوو.

ئەگەر دواتر ئایدۆلۆژیای قەومیو بزووتنەوەیەکی قەومی بـۆ دیفـاع لەبـەرژەوەندی سـەرمایەی نـاوخۆ دەبـەوێ ئـەو کۆمەڵگایە بەشوورای چین لەوی‌تر جیابکاتەوە، فەرەنسیو ئەڵمانی دەخاتە بەرامبەر یەك، یان عێراقیو ئێرانی دەکـات بەدوژمن، ئەمەیان نابێ ئەو هەنگاوە مێژووییانەی پێشوومان لەبیربەرێتەوە. گرفتەکـە ئـەوەی ڕابـووردوو نی‌یـە بـەڵکو ئەمەی ئێستایە، واتا بوونی ڕژێمی سەرمایەداریو بوونی جووڵانەوەی ناسیونالیستی‌یە کە دەرهاویشتەی ئەو ڕژێمەیـە. ئەمانەیە کەبوون بەکۆسپێکی مێژوویی لەبەردەم گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤایـەتیو دامـەزراندنی کۆمـەڵێکی نـوێ کەیـەك ناسـنامەی مرۆیـی هـەبێت. ئـەوە سـەرمایەدارییە پێویسـتی بەوەیـە کـە کۆمـەڵگاکان بەهەویـەتو ناسـنامەی قـەومی جیاوازەوە لەیەك جیابکاتەوەو سنوور لەنێوانیاندا بکێشێت، دەوڵەتێکی قەومی تیادا دابمەزرێنێو دواتریش بـۆ دیفـاع لەدەسکەوتەکانی سەرمایەی خۆیی دووبەرەکیو شەڕی قەومی هەڵگیرسێنێو ئاشووب بنێتەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بەرژەوەندیی‌یـە پایەییانـەی سـەرمایە پێـم وانیـە کۆمـەڵگای بەشـەری بەرێگایـەکی قـەومی‌دا نەڕۆیشتایە لەچوارچێوەی سیستمی چینایەتیدا، لەچوارچێوەی پێکدادانی بەشەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیو جیـهانو سـەرجەم ئاکامـە ئـابووریو سیاسـی‌یەکانیدا مەسـەلەی قـەومی بـەو شـکڵە سـەریهەڵداوە، ناسـیونالیزم بـووە بەجووڵانەوەیەکی پایەداری بۆرژوازیو زوڵمو شەڕی قەومیشی کردووە بەیەکێك لەبنەماکانی.

لەباری تیۆری‌یەوە پاسـاوەکانو بنـەما فکـریو ئایدۆلۆژیـەکانی ناسـیونالیزم وەك جووڵانەوەیـەك هەرچـەندە لاوازو لەرزۆکو پووچ بێت، بەڵام هێشتا وەکو حەرەکـەتێکی ئـەصڵیو پایـەدار ماوەتـەوە. گرنـگ ئەوەیـە ئێسـتە بچـین ئـەو بنەمایانەی هەڵتەکێنینو ڕەخنەی لێبگرین، بەتایبـەتی لەهـەمووکات زیـاتر ئاشـکراتر بـووە کـەجێگیربوون لـەخاڵێکدا، بوونـی زمـانێکی هاوبـەشو یـەك کلتـوری تایبـەت سـیفەتو خەسـڵەتێکی مێژووییـان هەیـە نـەك سروشـتیو ئەبـەدی، لەبڕگەیەکی مێژووییدا سەریان هەڵداوەو دەکرێ لەبڕگەیەکی تردا لەنێو بچـن. دنیـای ئـەمڕۆ ئاراسـتەکەی بـەرەو ئـەوە دەچێ لێکچوونو ئیندماجی ئینسانەکان زیاتر بەرەو پێش بەرێو یـەك ناسـنامەی هاوبەشـی مرۆیـی جێگـای ناسـنامە ئایینیو ڕەگەزە قەومیو نەژادی‌یەکان بگرێتەوە. ئەگەر ئەوانە لەدەورەیەکدا پێویستی خۆیان هەبووە ئەمڕۆ ئیـتر ئـەو زەرورەتو پێویستی‌یەیان نەماوەو سەرمایەداری بەزۆری زۆرداری دەیهێڵێتەوەو دایان دەتاشێ.

پێداگرتن لەسەر ئەم ڕەوەندەو باسکردنی(کەلـەمێژە مارکسـی‌یەکان باسـیان کـردووەو لێکیـان داوەتـەوە) بـۆ ئـەم دەورەیـەی ئێسـتا گرنگی‌یـەکی زۆری هەیـە. ئـەوە هـەم خەسـڵەتو نـاوەڕۆکی ئەنتەرناسیونالیسـتی بزووتنـەوەی مارکسیستی دنیا تۆخـتر دەکاتـەوەو هـەم وەڵامێکـی گونجـاوە بـەو تیۆری‌یـە داتاشـراوانەی کـە دەیانـەوێ ململانـێی ئینسانەکان بەهەویەتە جیاوازەکانو شارستانی‌یەتەکانەوە بکەن بەبابەتی ململانێکانی دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆ.

**احمد معین:**

## مارکسیزمو کورتەیەکی مێژووی مەسەلەی میللی

منیش پێم وایە هەڵوێست لەسەر مەسەلەی قەومی بەندێکی بەرنامەی کۆمۆنیستی نی‌یە.

لەو سەردەمەدا کەمارکسیـەت سـەری هـەڵدا، مەسـەلەی قـەومی سـیمایەکی ئـاڵوگۆڕە کۆمەڵایـەتیو ئابووریی‌ـەکان نـەبوو. لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەشـەوە ئیـتر بزووتنـەوە قەومیی‌ـەکان دەمێك بـوو ببـوون بـەڕێگر لەبـەردەم ئاڵوگۆڕی ڕوو لەپێشی کۆمەڵ، ببوون بەبزووتنەوەیەکی دژی کرێکـاریو قۆنـاغی مێـژووی خۆیـان بەسـەر بردبـوو. بـەو مانایەش ئیتر بیروباوەڕی قەومی وەکو بیروباوەڕێکی دواکەوتووی سەر بەچینی بۆرجوازی دەناسرا کـەڕێگرە لەبـەردەم ئاڵوگۆڕی پێشـڕەوانەی کۆمـەڵو بـەکورتی لـەو سـەردەمەدا فکـری قـەومی وەکـو یـەکێك لەشـکڵو ڕەوتـەکانی فکـری بۆرجوازی دەناسرا.

بـەڵام لـە ڕاسـتیدا چارەنووسـێك كەكۆمـەڵگای بەشـەریو ئـەورووپا بەسـەری هـات جیـاواز بـوو لـەوەی كـە تەنانـەت ماركسـیش پێـش بینـی دەكـردو ئـەوەش زۆر شـتی گـۆڕی. ئومێـدو پێشـبینییەكان لـەوەوپێش چاوەڕوانی ئـەوەبوون كـەپێش ئـەوەی سـەرمایەداری لەهـەموو شـوێنێكی جیـهاندا ببـێ بەسیسـتمی زاڵو بـاو، خـودی ئـەو نیزامـە لەئـەورووپاوە ڕووبـەڕووی زەحـتو فشـاری گـەورەی چینـی كرێكـارو سوسـیالیزم ببێتـەوەو تەنانـەت شـۆڕش لـەووڵاتانێكی ئـەورووپادا بـەرپابكرێو بەسـەركەوتنیش بگـات. بـەڵام دیـارە كۆمـەڵگای ئـەورووپیو دواتـر بـاقی دنیـاش ڕەوتێكـی ئـاڵوگۆڕی ئـاڵۆزتری بـڕی. ئـەوە قۆنـاغی یەكـەمی مەسـەلە قەومیـیەكان بـوو.

گەر بكرێ سـەدەی بیستەمو ئاڵوگۆڕەكـانی سـەرمایەداری بـەرەو ئیمپریـالیزم نـاو بنێـین قۆنـاغی دووەم ئـەوە دەتوانین باشتر ئەو ئاڵوگۆرە ڕیشەییانە ببینینو ئاكامە سیاسیو ئایدۆلۆجییەكانیشی لە ئاستی دنیـادا باشتر دەست نیشان بكەین.

لـەم قۆناغـەدا ووڵاتـانی ئاسـیاو ئـەفریقیاو ئـەمریكای جنووبـی تێكـەڵ بـوون یـان ڕاكێشـرانە نـاو بازنــەی كێشـەو ئاڵوگۆڕەكـانی دنیـای سـەرمایەدارییەوە. كۆلۆنیـالیزمو داگیركردنی سـەربازیو دابەشـكردنی دنیـا لـە نێوان دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتییەكانداو پـەلكوتان بەهـەموو سـوچێكی دنیـاداو سـەرهەڵدانی بزوتنـەوە میللـیو قەومیـیـە دژی ئیسـتعمارییەكان بەتایبـەتی لەئاسیا، بەشێك لەسیماكانی دنیـای ئـەم دەورەیـە بـوون، سـەرجەم ئەمانـەش ڕەوتـی ئاڵوگۆڕە جیهانیەكانی ئەوكاتەیان گۆڕی.

دیارە هەڵوێستی ماركس سەبارەت بەمەسەلەی قەومی ئاڵوگۆڕی بـەخۆوە دیـوە، پێـش گشـت شـتێكیش پێویستە ئەوە بڵێم كە ماركسـیزم ڕەوتـی پـەیدابوونو پرۆسـەی مێژوویـی ئـاڵوگۆڕی مەسـەلەی قەومیشـی وەكـو بـاقی دیاردە كۆمەڵایەتیو سیاسییەكان شیكردۆتەوە. بەڕای من هەر بەپێی هەمان میتۆدیش دەبێ ئاڵوگۆڕە هەمەلایەنـەكانی ئـەو دیاردەیە لەمڕۆدا لەڕوانگەی ماركسیزمەوە شیبكرێتەوەو ڕەخنەی لێبگیرێتو هەڵوێسـتی شۆڕشـگێرانەی لەبەرامبـەردا وەربگیرێ.

مەسـەلەی (قـەومیات) وە هـەروەها فكـری قـەومیو دیاردەی قەومیـەت بەپێچەوانـەی ئـارەزووی ئێمـەوە نەچوونـە مۆزەخانەی مێژووەوە بەڵكو مانەوەو تـەفاعولاتی تازەشـیان كـردو برینـی تازەشـی لەلەشـی كرێكـارانو خـەڵكی ئـەم سەردەمەدا زۆر پێكهێنا. جگە لەوەش هەر لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەوە سنووری ماركسیزم لەگـەڵ ناسـیونالیزمدا تووشی تێكەڵی هات، یان ئەو ڕەوتانەی كەتا ئەوكاتیش لەچوارچێوەی ماركسیزمدا دەگیرسانەوە. بـیرو بۆچوونـەكانی ئەنتەرناسـیونالی دووەمو هەڵوێسـتی زۆربـەی حزبـەكانی بەرانبـەر بـەناوەڕۆكی شـەڕی جیـهانی یەكـەمو گرتنەبـەری سیاسـەتی پشتگیری لە بۆرجوازی خۆووڵاتیو ئەوەی پێ ووترا(سۆسیاڵ ـ شـۆڤینیزم) نموونەیـەكی بـەرچاوو لەهـەمان كاتدا بەربڵاوی ئەو دیدگایە بوو كە بەدەر لـەئیرادەی هەركـەسو لایـەنێك بـەجۆرێك یا بـاڵێك لەچـەپو سۆسیالیسـتو ماركسی دەدرایە قەڵەم.

دواتر لەسەردەمی ستالینو لەسەر پایەی پاشەكشەی حزبی كۆمۆنیستی ڕوسیاو بەرتەسكردنەوەی كاریگەرییـەكانی شۆڕشی ئۆكتۆبەر، ئیـتر بیروبـاوەڕی قـەومی امتیـازی گـەورەی درایـە لەلایـەن سۆسـیالیزمی مـەوجودەوەو نـەك هـەر ئـەوەش بـەڵكو لـەچوارچێوەی سـتالینیزمدا، كـرا بەكۆڵەكەیـەكی سۆسـیالیزمو بـەو مانایـە ناسـیونالیزم كۆڵەكەیـەكی سەرەكی (ستالینیزم)بوو. دیارە مەسەلەكە تەنها تەحریفو دەستێوەردانێكی فكری نەبوو، ئـەوەی لەلایـەن دەوڵـەتی ئـەو كاتـەی (سـۆڤیەتو سـتالینیزم)بـە ڕەوتـی ڕەسمـی كۆمۆنـیزمو بـەناوی ماركسـیزمو سۆسـیالیزمەوە دەناسـێنرا، ئامانجەكـەی پاكانـە هێنانـەوە بـوو بـۆ كۆمـەڵێك بـەرژەوەندی سیاسـیو دیپلۆماسـی تایبـەت لـەچوارچێوەی دیدگـاو بۆچوونەكانی ستالین سەبارەت بەسۆسیالیزم (كە لەژێر تێزی سۆسـیالیزم لەیـەك ووڵاتـدا دایڕشـت)و مەسـەلەكان لـەو قۆناغەدا، ئەو شێواندنەی ماركسیزمو ئیمتیازدان بەناسیونالیزم تیایدا، پاكانەیەك بوون لەخزمـەت بەرژەوەندییـەكانی سۆڤیەتی ئەوكات وەكو دەوڵەتێك كە ئامانجی دەركەوتن بوو وەكو هێزێكی گەورەی جیهانی.

لێرەوە مەسەلەی کۆنتڕۆڵکردنی بزووتنەوە میللیو قەومیەیە دژی کۆلۆنیالیەکان بەتایبەتی لە وولاتانی ئاسیادا بوو بەڕوکنێکی سیاسەتی سۆڤیەتی. دیارە کۆنتڕۆڵ کردنی بزووتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی غەربیش و کردنی بەوەسیلەیەك بۆ خزمەتی مانەوەو بەهێز کردنی ڕوسیای (سۆسیالیستی) ئەوکات یەکێك لەئامانجەکانی ئەو دەوڵەتە بوو. بەلام کۆنترۆلی ئەمیان لەچاو بزووتنەوەی خەڵکیو میللی وولاتانی ئاسیادا گرانتر بوو. دەوڵەتی سۆڤیەت لەبیستەکاندا ستراتیجی خۆی لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشو بزووتنەوەی بەهێزی کرێکاریو سۆسیالیستی غەربو بەتایبەتی لەئەوروپادا بنیات نابوو. ئومێدی سەرانی حزبی بەلشەفی ئەوە بوو کەئەوانە چەقو سەنتەری شۆڕش دەگوێزێتەوە ئەوروپاو فریای ڕوسیای جووتیاریو گەمارۆدراویش دەکەوێ، بەلام ڕەوتی ئالوگۆڕەکان بەو بارەدا نەڕۆیشتن. شۆڕش لەئەڵمانیا تێکشکا، سۆسیاڵ دیموکراتی هەژموونی کرد بەسەر ئەحزابی کۆمۆنیستی ئەوروپاداو شۆڕش لەڕووسیا بەتەنهاو بەگەمارۆدراوی مایەوە.

جگە لەوەش بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی ئەوروپا هەروا بەئاسانی بەستالینیزم کۆنترۆل نەدەکرا. بەلام بزووتنەوە دژی کۆلۆنیالیەکان لەوولاتانی شەرق مناسبتر بوون بۆ چاندنی تۆوی ئەو سۆسیالیزمەی کەسۆڤیەتی سییەکان پەرەی پێدەدا. چونکە لێرەدا زەمینەی مەوزوعی مناسب تر هەبوو بۆ پەرەسەندنی ئەو بیروباوەڕانە. وجودی زوڵمی قەومیو داگیرکراو یا نیمچە داگیرکراوی ئەم وولاتانە لەلایەن دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەوروپاوەو بوونی داخوازی بۆ زەویو ئیسلاحاتی بۆرژوازیانە زەمینەیان بۆ پەرەسەندنی ناسیونالیزمو میللی گەرایی خۆش دەکرد. ئەم بزووتنەوانە لەبەرانبەر غەربی سەرمایەداریداو لەبەرانبەر چاوچنۆکیو مەرامی ئابووریو سیاسیو کۆلۆنیالیزمی ئەواندا دەوەستایەوە، لەهەمان کاتیشدا بەحوکمی خەسڵەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بانگەوازەکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی زەمانی لینینو دواتر بۆ خەڵکی وولاتانی کۆلۆنیال کراو بۆ شکاندنی تەوقی چەوسانەوەی سەرمایەداری غەرب، سۆڤیەتی ئەوکاتو تەنانەت تا پەنجاکانیش، بەدۆستو دڵسۆزو ڕزگاریکەری گەلانی چەوساوە ناسرابوو. ئەمە وایکرد کەستالینیزمو سۆسیالیزمی ئەوکاتی ڕەسمی شورەوی بەئاسانی نفوز بکات بۆ ناو ئەو بزووتنەوە دژی غەربیو دژی ئیستعمارییانەو لە ناویاندا پایەگای بەهێز دابنێ. سەرهەڵدانی حزبە شیوعییەکان لەزۆربەی وولاتانی شەرقو کۆلۆنیالیو نیمچە کۆلۆنیالی زادەی ئەو پرۆسە مادیە بوون، زادەی ئەو زەمینە مادیەو دەستێوەردانی سۆڤیەتو نەشوناماکردنی تەماحەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو کەستالین لەسەرروویەوە وەستابوو.

بەهەرحاڵ هەم جیاوازی لەباری مێژوویی و بارودۆخی مەسەلە میللیەکانو هەم تێڕوانینی جیاواز بۆیان، هەرسێ سەردەمی مارکسو لینینو ستالین لەیەك جیادەکاتەوە. هەرچی زەمانی مارکسە، ئەوە ئەوروپا دەرگیری چەند مەسەلەیەکی لەو جۆرە بوو کە لەپەنجەی دەست کەمتر بوون. مەسەلەی پۆڵەنداو مەسەلەی ئێرلەندا لەبەرچاوبوون. هەر بۆیە مارکس وەکو حاڵەتی تایبەت هەڵوێستی لەسەر وەردەگرتنو تەنانەت جۆری هەڵوێستەکانیشی لەیەك جیابوون. ئەو لەکاتێکدا بەرگری لەمافی دیاریکردنی چارەنووسو بەدیاریکراویش لایەنگری لەجیابوونەوەی پۆڵەندا دەکرد، چونکە پێی وابوو کە ئەو جیابوونەوەیە پەیکەری قەیسەریەتی رووسیاو دەسەلاتی بەسەر ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا لاواز ئەکا، لەعەینی کاتدا بانگەوازی خەڵکی ئێرلەندەی دەکرد (کەزوڵمی قەومییان لێئەکرا) کە جیابوونەوە چارەنوسێکی باشتان ناخاتە بەردەم.

بەلام لەسەردەمی لینیندا هەم ئالوگۆڕی گەورە بەسەر بارودۆخی جیهاندا هات بەجۆرێك کەوولاتانی ژێردەستەی ئیستعمارو بزووتنەوە دژی کۆلۆنیالیەکان تیایاندا بوون بەیەکێك لەناوندە گرگرتووەکانی جیهانی ئەو سەردەمەو هەڵپەو هەوڵی هەیمەنەی وولاتانی سەرمایەداری ئەورووپاش، لەچوارچێوەی ئیمپریالیزمدا کەمەیلێکی نوێبوو، بووبوو بەیەکێك لەدیاردە زەقەکانی سەردەم کەوولاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینییان لەنێوان ئەو دەوڵەتەنانەدا دابەش دەکردو ئەوەش پەرەی بەبزووتنەوە قەومیەکان دەدا بەو خەسڵەتە دژی ئیستعماریەوە کەباسمان کرد.

بەو پێیە بەهۆی داگیرکردنی ڕاستەوخۆو سەربازی یان ناڕاستەوخۆ وەیا دزینی سەروەتو سامانیانەوە، هەروەها بەهۆی ئەو ئالوگۆڕە ئابووریو کۆمەلایەتیو سیاسیەوە کە بەسەر خودی ئەو وولاتانەدا هاتبوو کەڕووی لەوەبوو

ته‌جاوزی ئابووری فیودالی بکا، وولاَتانی جیهانی سێیه‌می ئه‌و کـات ببـوون بـه‌ناوه‌ندی کێشمه‌کێشـی زۆر کـه لـه‌هـه‌موو لایه‌که‌وه هه‌وڵده‌درا ئه‌و ئاڵوگۆڕانه به‌لای قازانجی لایه‌نی ناوبراودا بشکێته‌وه.

ئه‌و واقیعیه‌ته وولاَتانی ناوبراوی ڕاکێشا بۆناوجه‌رگه‌ی کێشمه‌کێشه‌کانی سـه‌ده‌ی بیسـته‌م. بۆیـه مه‌سـه‌له‌ی قـه‌ومی ئه‌بعادێکی مه‌وزوعی‌و زاتی زۆر تازه‌ی به‌خۆوه‌گرت‌و نه‌ده‌کرا له‌لایه‌ن لینینه‌وه بێجواب به‌جێبهێڵرێ. به‌تایبـه‌تی گـه‌ر ئه‌وه له‌به‌رچاوبگرین که له‌به‌رانبه‌ر ئه‌و هه‌وڵی هه‌یمه‌نـه‌و دابه‌شـکردن‌و داگیرکردنـه‌ی وولاَتـانی سـه‌رمایه‌داری ئـه‌وروپی له‌ئاسـیادا، بزووتنه‌وه‌یـه‌کی میللـی‌و قـه‌ومی سـه‌ری هـه‌ڵدابوو به‌تایبـه‌تی لـه‌و وولاَتانـه‌ی کـه ڕاده‌یـه‌ك له‌پێشـــکه‌وتنی ئابووری‌و کۆمه‌لاَیه‌تی له‌وه‌وپێشی به‌خۆوه دیبوو وه‌کو هیندستان، چین، ئێران، میسر، عێراق، تورکیا.

سـتراتیجیه‌تی پێشـتری بزووتنـه‌وه‌ی کۆمۆنیسـتی پـێ‌ی وابـوو شـۆڕش له‌ڕووسـیا ته‌نـها هـــه‌نگاوی یه‌کـه‌م ده‌بـێ له‌زنجیره‌یه‌ك شۆڕش‌و ڕاپه‌ڕین‌و بزووتنه‌وه‌ی ئاڵوگۆڕبه‌خشـی سۆسیالیسـتی لـه‌دژی وولاَتـانی سـه‌رمایه‌داری ئـه‌وروپی‌و سه‌ره‌نجام ئه‌وروپا ده‌بێ به‌چه‌قی ئـه‌و ئاڵوگۆڕانـه‌و ڕووسیا ئـه‌و بایه‌خـه کاتی‌یـه‌ی له‌ده‌سـت ده‌دات وه‌کـو سـه‌نته‌ری شۆڕش‌و لـه‌و گـه‌مارۆ ده‌ره‌کـی‌و عوزلـه جووتیاری‌یـه‌ش ڕزگـاری ده‌بـێ. بـه‌لاَم ئـه‌و سـتراتیجه بـه‌و بـاره‌دا نه‌ڕۆیشـت، بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری ئه‌وروپی که‌وته ده‌وره‌یه‌کی درێژ لـه‌ڕکوده‌وه‌و لـه سـه‌ر بنـه‌مای ئـه‌وه‌ش ڕیفۆرمـیزمی سۆسـیال دیموکراتی بوو به ڕه‌وتی باو تیایدا. به‌و پێیه له‌جێی شۆڕش ئارامی باڵی به‌سـه‌ر کۆمـه‌ڵگای سـه‌رمایه‌داری ئـه‌وروپادا گرت. دیاره جگه لـه شکسـتی ئه‌نته‌رناسـیونالی دووه‌م، کۆمۆنـیزمیش نـه‌یتوانی جوابێکـی دروسـت‌و هه‌مه‌لایه‌نـه بـه‌و بارودۆخه تازه‌یه بداته‌وه‌و سـتراتیجی تـازه‌ی سۆسـیالیزم بـه‌جۆرێك دابڕێژێتـه‌وه کـه ڕه‌نگدانـه‌وه‌ی بـارودۆخی تـازه‌ی سه‌رده‌می ئیمپریالیزم بێت‌و ئه‌و ئاڵوگۆڕه قوولاَنه له‌به‌رچاو بگرێ.

لـه‌و چوارچێوه‌یـــه‌دا ته‌نانـه‌ت له‌به‌شـی زۆری نووسـراوه‌کانی ئه‌وکاتـه‌ی (لینـین)یشـدا، زۆرتـر لـه ڕووانگـــه‌ی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانی ئه‌و کاته‌ی ده‌سه‌لاَتی تازه‌ی سۆڤیه‌ته‌وه سه‌یری مه‌سـه‌له‌ی شـۆڕش له‌ئـه‌وروپادا ده‌کـرا تاڕزگـاری بکـات لــه‌و گــه‌مارۆ ده‌ره‌کـی‌و گیرخواردنــه ناوخۆیی‌یـــه‌ی کـــه‌تێ کـــه‌وتبوو، نـــه‌ك له‌ڕوانگـــه‌ی بـــه‌رژه‌وه‌ندی ئینته‌رناسیونالیستی چینی کرێکاری جیهان‌و ئه‌وروپاوه به‌گشتی. بـه‌لاَم سـه‌رباری ئه‌زمـه‌ی سـه‌رمایه‌داری بیسـته‌کان‌و ته‌قینه‌وه‌ی له 1929دا، ده‌وره‌ی ڕکودی بزووتنـــه‌وه‌ی کرێکـاری هـه‌ر درێـژه‌ی کێشـاو نـه‌یتوانی شۆڕشـی ڕووسـیا لـه‌و بنبه‌سته‌ی ڕزگار بکات.

له‌و بارودۆخه مادی‌و کۆنکریته‌دا بایه‌خ‌و قوورسایی بزووتنه‌وه میللی‌یه‌کانی ئاسـیا لـه‌دژی ئیسـتعماری ئـه‌وروپی لـه فکرو سیاسه‌تی لینینـدا، لـه‌چوارچێوه‌ی سـتراتیجی پشـتیوانی‌کردنی شۆڕشـی ڕووسیاو فشـار خسـتنه سـه‌ر دوژمنـه ئه‌وروپی‌یه‌کانی (واته ده‌وڵه‌تانی سه‌رمایه‌داری وه‌کو ئه‌ڵمانیاو فه‌ره‌نساو به‌ریتانیا) زیادی ده‌کرد.

کاتێ ده‌گه‌ینه قۆناغی سی‌یه‌کان‌و پـاش مـه‌رگی لینـین‌و ئـه‌و بۆشـاییه‌ی غیـابی ئـه‌و دروسـتی کـردو پـاش ئـه‌وه‌ی پاشماوه‌کانی به‌لشه‌فیزم له‌ناو ڕابـه‌ریی حزبـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیه‌تدا پاکتـاوکراو هـه‌موو باڵـه‌کانی معـارز بـه‌و خه‌تـه ڕه‌سمی‌یه‌ی حزب تێکشکێنران که‌ستالین ئالاَ هـه‌ڵگری بـوو، ئیـتر قه‌ومیـه‌ت به‌گشـتی به‌رزکرایـه‌وه بۆئاسـتی بـه‌ندێکی به‌رنامه‌یی سۆسیالیزم‌و نه‌ك هه‌ر ئه‌وه بگره کرا به‌ڕوکنێکی مارکسیه‌ت‌و به‌تایبه‌تیش بۆ خزمه‌ت بـه‌وه بیروباوه‌ڕه‌کـانی لینین له‌و باره‌یه‌وه ده‌ستکاری کـران. لـه‌م قۆناغـه‌دا چ ناسـیونالیزمی ڕووسـی‌و چ میللـی گـه‌رایی(النزعـة الوطنیـة)و چ ناسیونالیزم له‌وولاَتانی داگیرکراوو نیمچه داگیرکراودا، به‌ناوی مارکسیه‌ته‌وه، ئیمتیازیان پێدراو تـه‌قدیس کـران. ئـه‌وه نه‌حاسڵی پێشـڕه‌وی تیـۆری مارکسـی‌و نه‌حاسـڵی پێشـڕه‌وی شـۆڕش له‌ڕووسـیا بـوو، بـه‌ڵکو به‌رجه‌سـته‌کردنه‌وه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆی پاشه‌کشه‌ی شۆڕشی ئۆکتۆبه‌رو له‌قاڵبدانی ستراتیجی سۆسیالیزم بوو لـه‌چواچێوه‌ی مه‌دره‌سـه‌ی ڕه‌سمی کۆمۆنیزمی تازه‌ی ڕووسیادا که‌سـتالین تیۆریزه‌کـاری بـوو. دیـاره سـتالین بـۆ ڕازاندنـه‌وه‌ی ئـه‌و ته‌حریفاتـه‌ی، کـه‌ڵکی وه‌رده‌گـرت لـــه‌بارودۆخی ڕکـودی بزووتنـــه‌وه‌ی کرێکـاری ئـــه‌وروپی‌و زاڵبوونـــی سۆسـیال دیموکراتـــی به‌ســـه‌ر ئـــه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌داو وای نیشان ده‌دا که‌ئه‌وه‌ی ئه‌و ده‌یکا(پیاده‌کردنی بنیاتنه‌رانه‌ی لینینیزم)ه به‌سـه‌ر بـارودۆخی تـازه‌ی دنیا لـه‌سی‌یه‌کاندا. به‌لاَم لادانی ئه‌و سیاسه‌تانه له‌فکرو پراکتیکی لینین ئاشکراو دیاربوون. سـتالین بۆهـه‌مان مه‌به‌سـت ڕێکخـراوی کۆمینتـێرنی به‌تـه‌واوی خسـته‌گه‌ڕ. له‌ڕاستیشـدا سـتالین توانـی لـه‌ڕێی بـــه‌هێزکردنی بزووتنـــه‌وه میللـــی‌و

قەومییەکان لەووڵاتانی ژێر دەسـەڵاتی کۆلۆنیـالیزمدا، فشـاری گـەورە بـۆ بـەریتانیاو فەرەنسـاو ئـەڵمانیا پێکبـهێنێ و لەوێوە نەك هەر فشاری ئەو دەوڵەتانە لەسەر سۆڤیەت کەمبکاتەوە بەڵکو نفوزی ئەو ووڵاتەش لە ئاسیادا پەرەپێبدا.

دواتریش کاتـێ ڕەوتـی سۆسیالیسـتی جۆراوجـۆر لـەووڵاتانی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپریـالیزمدا سـەریان هـەڵدا، لـەژێر کاریگەری بارودۆخی بابەتی ئەو ووڵاتانەو لەسایەی ئەو فەزا فکری و سیاسییەدا ناسیونالیزم و میللی گـەرییان کـرد بـە ڕوکنێکی پایەیی و بگرە سەرەکی ئاسۆو سونەت و سیاسەتەکانیان و هەر لەبنەڕەتەوەو لەسەر هەڵدانـەوە سۆسـیالیزم و کۆمۆنیزمیان لەسەر بناغەی ئاسۆو بەرژەوەندی نیشتمانی و قەومی ناساند. تەنانـەت ئـەو ڕەوتانـەش کـە لەدەیـەکانی شەستەکان بەدواوە بەڕەخنەگرتن لەسۆسیالیزمی شـوروەوی سـەریان هـەڵدا، هـەمان ناوەڕۆکیـان پاراسـت. نـاوەڕۆکی ماویەت و پۆپۆلیزم و کۆمۆنیزمی پرۆسۆڤیاتی ووڵاتانی جیهانی سـێیەم لەپـەنجاکان و شەسـتەکان و حـەفتاکاندا شـتێك نەبوو جگە لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی میللی سەربەخۆو گشـت ئەوانـەش ئیلـهامیان لەجیـهان بینـی و ئاسـۆو سـوونەتی ستالینییەوە وەردەگرت، سەرباری هەر جیاوازییەکی شـکڵی و ڕەخنەیـەك کـەبووبێتیان لەبەرانبـەریدا. سـەرجەم ئـەو ئاڵوگۆڕانە مارکسـیزمیان لەبنەڕەتـەوە شـێواندو لەکاتێکیشـدا کەلەبەرانبــەریاندا هیــچ بــاڵێکی تــری بزووتنــەوەی کۆمۆنیستی نوێنەرایەتی مارکسیزمی ڕاستەقینەی نەدەکردو بەتایبەتیش وەکو وەسیلەیەکی تیۆری بۆلێکدانەوەی ئـەو ئاڵوگۆڕانە بەکاری نەدەهێنا، ئیتر زۆر سروشتییە کە ئەو بیروبۆچوون و تەفسیرانە بەناوی مارکسـییەت و کۆمۆنیزمـەوە بڵاوببنەوەو ببن بەماڵ بەسەریەوە.

## ئەرکی ئەمڕۆی کۆمۆنیستەکان لەوبوارەدا:

مارکسیزم و کۆمۆنیزمی هاوچەرخ ئەرکێکی گرنگیان لـەو بـارەوە لەسەرشانە. ئـەبێ ئـەوان هاوکـات لەگـەڵ ئـەوەی تەسفیەی حساب لەگەڵ ئەو مێـژووە دوورو درێـژەی شـێواندنی مارکسـیزمدا دەکـەن و نـاکۆکی مارکسـیزم لەگـەڵ هـەر جۆرە ڕەگـو دەمارێکی فکری میللی و ناسیونالیستیدا دەردەخـەن و ئـەو تـۆزەی لەسـەر لادەبـەن؛ لەهـەمان کاتیشـداو بەپەیوەند بەوەشەوە دەبێ جوابی نەزەری و سیاسی بەچارەنووسی دیـاردەی قـەومی و ناسـیونالیزم و میللـەت و میللـی گەرایی بدەنەوەو ئاڵوگۆڕو ڕەوتی گیرسانەوەی ئێسـتای شـیبکەنەوە. بەتایبـەتی بەلەبـەرچاوگرتنی ئـەوەی دیـاردەی میللییـەت و ناسـیونالیزم، وەکـو بەشـێك لـەدیاردە سیاسـییەکانی دنیـای سـەرمایەداری بــەو بــارەدا نەڕۆیشــتن کــە لەستراتیجی سۆسیالیســتی 100 –150ســاڵ لەمەوبــەر پێشــبینی دەکراو نەچوونـە مۆزەخانەکانـەوە. ئـەم مەسـەلەیە بەتایبـەتی لـەووڵاتانی سـەرمایەداری دواکـەوتوودا بـەزەقتر، چ ئێسـتاو چ لەسـەرجەم سـەدەی بیستەمدا، دەبیـنرێ. هەرئێستا لەناوەندە فکری و سیاسییەکانی دنیادا، بەچەپ و ڕاستەوە ئەو باسـە لەئارادایـەو لەڕوانگـەی جۆراوجـۆرەوە قسـەی لەسـەر دەکـرێ و زۆربـەی ئەوانـەش کەبـەناوی مارکسـییەوە تیـایدا بەشـدارن، یـا تـەنیا لەزاویـەی کلاسـیکی و تەقلیدیـیەوە، یـا لەزاویـەی سـتالینییەوە، کـە بـەپیرۆز دانـانی ناسـیونالیزم و میللـەت و بەرجەسـتەکردنەوەیان، بیروباوەڕەکانیان دەخەنە ڕوو.

بەکورتی غیابی تێڕوانینێکی نەزەری و سیاسی مارکسی بەهێزو چالاك لەسەر مەسەلەی میللەت و مەسەلەی قـەومی و ناسیونالیزم و چارەنووسی ئەوانەو بارودۆخی ئێستایان، یەکێکە لەو ڕاستییانەیە کەناکرێ چاوپۆشی لێبکـەین یا تـەنیا بەتـەئکیدی ئایدیۆلۆجی لەسـەر ئەنتەرناسیونالیزم وەکـو بـەدیل بۆ قەومیـەت وە یـا پێداگرتـن لەسـەر مەقولـەکان و استنتاجاتەکانی 100ساڵ و 150ساڵ لەمەوبەرو جوابیان بدەینەوە.

## فۆرمۆڵەی (مافی دیاریکردنی چارەنووس)!

چاوگێڕانێکی سادە بەبیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانی مارکس و ئەنگلس لە سەر بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی ئـەورووپا و مەسەلەی قەومی نیشانی ئەدا کە فۆرمۆڵەی(مافی دیاریکردنی چارەنووس) جێگەیەکی تیایاندا نییەو ئـەوان سـوودیان لە عیبارەتی(جیابوونەوە) وەرگرتووە، جا بەسوودوەگرتن لێی یا ڕەتکردنـەوەی لەسـەر چـەند مەسـەلەی دیـاریکراوی قـەومی. ئـەوان مـەبدەئێکیان دانەڕشـتووە نـاوی (مـاف دیـاریکردنی چــارەنووس)بێـت تەنانـەت لـەبواری تـاکتیکی سیاسیشدا.

ئەم فۆرمۆڵەیە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لینین. بەڵام دیارە ئەویش نەیکردبوو بەبەندێکی بەرنامەیی سۆسیالیزم. ئەو فۆرمۆلەیەی لینین شیعارێك بوو لەبەرانبەر مەسائیلی دیاریکراوی قەومی وەکو مەسەلەیەکی سیاسی سەردەمێکی تایبەت، دەلیلەکەشی ئەوەبوو لەچوارچێوەی گۆڕانی سەرمایەداری بۆ سەردەمی ئیمپریالیزم، ئاڵوگۆڕێك لەسیاسەتی دەولی‌دا ڕوویدابوو. ئەو ئاڵوگۆڕانە (پەلهاویشتنی سەرمایەداری بۆ ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین‌و دابەشکردنی لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکاندا) بزووتنەوەیەکی دژی کۆلۆنیالی، بەناوەڕۆکێکی نیشتمانی پێشکەوتنخوازەوە پێکهێنابوو. بەڵام لەسەردەمی سی‌یەکاندا لەسەر دەستی ستالین(مافی دیاریکردنی چارەنووس) بوو بە دۆگمێکی یەکجاری‌و پایەیەکی (مارکسیزم ــ لینینزم).

*لێرەدا گەڕانەوەیەکی کورت بۆ دواوە بەپێویست دەزانم.*

بۆرجوازی ئەوروپا، لەسەدەکانی 15و 16و 17دا، وەکو چوارچێوەیەك بۆ پێکهێنانی یەکێتی بازاڕو ڕێخۆشکردن بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، شیعاری دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی هەڵگرت. ئەوەی لەو سەردەمەدا باوبوو گەلێك کیاناتی سیاسی ناوچەیی‌و(مقاطعات)ی پەرش‌و بڵاوبوون کە لەلایەن پاشاو (ئەمیر)و خاوەن زەویەکانەوە حوکمڕانی تیا ئەکرا.

بۆرجوازی لەژێر شیعاری دەوڵەتی نیشتمانی‌دا ئەو یەکە سیاسی‌و مقاطعاتانەی پێکەوە گرێداو ئاڵای فکری ناسیونالیستی بەرزکردەوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە تەکانێکی گەورەیان دا بەپرۆسەی بەرهەمهێنان لەشێوەی بەرهەمهێنانی کاڵایی بچووکەوە بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

ئەم پرۆسەیە لەزۆربەی بەشەکانی ئەوروپای غەربی‌دا لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا کۆتایی پێهات‌و بەتەواوی جێگیربوو. بەدوای ئەوەدا ئیتر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە بەتایبەتی لەسەرەتاکانی ئەو سەدەیەوە ئیتر چینی کرێکار ڕێك لەبەرانبەر بەچینی سەرمایەداردا، دێتە مەیدان‌و لەساڵی1840 بەدواوە دەبێ بەهێزێك کەبەرانبەرکێی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەوروپادا دەباتە ئاستێکی تەواو نوێ. مارکسیزم ڕەنگدانەوەی ئاوات‌و ئامانج‌و تحقیقی ئەوەیە‌و لەساڵی 1848 بەدواوە ئیتر سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتاریەکان دەست پێدەکات‌و نموونەکانی لەفەرەنساو ئەڵمانیا بەزەقی دەبینرێن. مەسەلەی قەومی بەجیا لەو بارودۆخ‌و گۆڕانکارییە قووڵانە قابیلی تێگەیشتن نیە. بەو پێیە لەساڵی 1800 بەدواوە، بەشێوەیەکی گشتی، ناسیونالیزم دەبێ بەڕەوتێکی کۆنەپەرست‌و لەڕووی مێژووو کارکردی سیاسیشەوە دەبێ بەئاڵای بۆرجوازی ئەوروپای غەربی بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی دنیاو ئەوروپای شەرقی‌و چەکێك بۆ پاکانەکردن بۆدەستدرێژی‌و داگیرکردن‌و بەتاڵان بردن‌و چەوسانەوەی سەرمایەداری، خەسڵەتێکی تەواو کۆنەپەرستی پەیدادەکا لەئەوروپاداو ڕێك لەبەرانبەر هەربزووتنەوەو ئاڵوگۆڕو خواست‌و ئامانجێکی شۆڕشگێرانەو ڕادیکاڵدا دەوەستێتەوە کە ئاڵاکەی بەدەستی کرێکاران‌و کۆمۆنیستەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیاوەیە.

بەهۆی کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە قووڵانە، ئیتر بزووتنەوە قەومیەکان، تەنانەت لەئەوروپای شەرقیشدا، لەوە دەردەچن کە دیاردەیەکی سەربەخۆو خۆبەخۆبن، چونکە سیمای سەردەمەکە (سەرمایەداری‌و هەوڵی بۆ داگیرکردن‌و پەرەدان بە کۆنەپەرستی‌و لەبەرانبەریشدا هەوڵی چینی کرێکار بۆ پاشەکشە پێکردن‌و شۆڕش بەسەریدا)، ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بەسەردا دێ. ئیتر بزووتنەوە قەومیەکان‌و نەزعەی میللی ئەبن بە چوارچێوەیەك بۆ دیفاع لەسەرمایەو چەکێك بۆ ڕاگرتنی لەبەرانبەر سۆسیالیزمدا. لێرە بەدواوە قەومیات‌و ناسیونالیزم هیچ شەرعیەتیان نامێنێت‌و لانی کەم لەئەوروپادا دەبن بەدیاردەیەکی کۆنەپەرستی. لەم قۆناغە بەدواوە مەسەلە قەومیەکان‌و عنصریی قەومی دەبێ بەفاکتەرێکی پلە دوو لەگۆڕانکارییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان‌و خەباتی چینایەتی‌و دەوری چینی کرێکارو سۆسیالیزم دەبن بەفاکتەرێکی سەرەکی.

بەڵام لەووڵاتانی ئاسیاو دنیای تازەدا ـ بزووتنەوە قەومی‌یەکان لەبارودۆخێکی تردابوون. ئیتر لـێرەش دامـەزراندنی سەرمایەداری‌و پێچانەوەی فیودالیزم، نوێنەرایەتی ئاواتی خەڵکی نەدەکرد بەقەدەر ئەوەی بوون بەبەشـێك لـەدیاردەی زاڵبوونی سەرمایەداری ئەوروپی بەسـەر گشـت دنیـاداو ڕاکێشـانی ووڵاتـانی ئاسـیاو... تـاد، بـۆ ناوجەرگـەی پرۆسـەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، سەرمایەدارییەك لەئەوروپادا ئیتر لەبەرانبەر کۆمەڵو چیـنی تـازەو شۆڕشـگێڕی کرێکـاردا وەستابوو. جائەو ئاڵوگۆڕە لەفیودالیەتەوە بۆ سەرمایەداری گەرچی لـەڕووی مێژوویی‌یـەوە هـەنگاوێگ بـێ رووڵـەپێش لەووڵاتانی ئاسیا، بەڵام بەهۆی پاشەکشەی سۆسـیالیزمو خامۆشـی ئـەو بزووتنەوەیـە لەبیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بـەدواوەو شکسـتی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەرو دامـــەزراندنی دەوڵـــەتی ســـۆڤیەتی گـــەورە لەســـەر بناغـــەی ئـــەو شۆڕشـــە سۆسیالیسـتی‌یە، خەسـڵەتی سیاسـی‌و کۆمەڵایـــەتی ئـــەو گۆڕانکارییانـــەی ووڵاتـــانی ئاســـیا، لـــەناوەڕۆکدا خزمـــەتی بـەرژەوەندی بۆرجـوازی کـردو چارەنووسـی ئـەو ووڵاتانـەی دایـە دەسـت بۆرجوازییـە نیشـتمانی‌یەکان، واتـا لـــەڕووی سیاسـی‌یەوە دوو ڕێگـە لەبـەردەم پرۆسـەی ئـاڵوگۆڕە سیاسـی‌و کۆمەڵایەتی‌یـەکانی ئاسـیادا هـــەبوو، یـــا دەســـەڵاتی سەرمایەداری وەکو شکڵێکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی تیایدا بەهێز ببێ گەرچی بەئاقاری ئـابووری سـەربەخۆو بڕیـنی وابەستەیی‌و دەوڵـەتی سـەربەخۆی نیشـتمانیدا بـڕواو لـەڕووی سیاسـی‌یەوە بـەناچاری بکەوێتـە بەرانبـەر بەغـەرب(بـۆ ماوەیەك)و تارادەیەك نفوزی مەعنەوی سۆڤیەتی تیا زەق بێتەوە. یا ئـەوەتا بەهـەڵچوونی کـێرڤی شـۆڕش لەئـەوروپاو گوێزانـەوەی سـەنتەرەکەی لەرووســـیاوە بـــۆ ئـــەڵمانیاو بـــەریتانیاو فەرەنســـا، تەنانـــەت چارەنووســـی گۆڕانکارییـــە ئابووری‌یەکەی ئاسیاش بکەوێتە ژێر کاریگەریی پەرەسەندنی شۆڕش لەئەوروپاو کۆمـەڵی ئاسیا دەردو مەینەتیـەکانی سەرمایەداری نەبینن.

دیارە سیناریۆی یەکەمیان هاتەدی‌و ئەوەش بارودۆخی ئەو ووڵاتانـەو چارەنووسـی بزووتنـەوە میللـی‌و نیشـتمانی‌و قەومی‌یەکانی بەتەواوی گۆڕی بەقازانجی چینی بـۆرژوازی‌و باڵـە نیشـتمانی‌یەکەی. بـەو مانایـە بزووتنـەوە قەومیـەکانی ئاسیا بـوون بەبەشـێکی دانەبڕاو لەپرۆسـەی زاڵبـوون‌و بـەهێزبوونی زنجیرەکـانی سیسـتمی سـەرمایەو کـە شـتێکی چاوەڕوان کراوبوو، وە لەڕووی خەسڵەتی سیاسیشەوە بزووتنەوە قەومی‌یەکان، تەنانەت لەچاو سی‌یەکاندا، بەرەبـەرە ئەو خەسڵەتە پێشکەوتنخوازییەشـیان نـەماو ئاکامەکـەیان دروسـتبوونی دەوڵەتـە قەومیـەکان بـوو لـەئێران‌و میسـرو هیندو پاکستان‌و عێراق‌و تورکیاو چین‌و ...و بەرقەراربوونی هەمەلایەنەی سیستمی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری وەکـو بەشێکی دانەبڕاو لەئیمپریالیزمو دەسەڵاتدارەتی چینی بۆرژوازی یا بەشبەشی ئەو چینە.

لەوەی پێشەوە دیاردەیەکی ئاشکرامان بۆ دەردەکەوێ. کاریگەریی بەرانبـەرکێی چیـنی کرێکـار لەگـەڵ بۆرجـوازی لەئاستی ئەوروپاداو چارەنووسی شۆڕش لەو دەمەی ئەوێدا بەسـەر بزووتنـەوە قەومی‌یـەکانی ئاسـیاوە زۆر ئاشـکرایە. بەو مانایە بزووتنەوە قەومی‌یەکانی ئەو دوو سەردەمەی دنیا، نەك وەکو بزووتنەوەی سەربەخۆو (قـائم بـالذات) بـەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەبەرانبەرکێی شۆڕش‌و دژە شۆڕشی لەئەوروپاوە وەردەگرت، سـەرباری تایبەتمـەندی جیـاوازی خۆیان.

بەڵام کاتێ جەنگی سارد دەست پێ‌دەکاو سۆڤیەت هیچ خەسڵەتێکی پێشکەوتنخوازی نامێنێ‌و ئەبێ بەدەوڵـەتێکی سەرمایەداری‌و خاوەن تەماحی ئیمپریالی، هەوڵدەدا بزووتنەوەی کرێکاری غـەرب‌و بزووتنـەوە قەومی‌یـەکانی ووڵاتـانی جیهانی سێ‌یەم بخاتەگەڕ بۆ قازانج‌و منافەسەی خـۆی لەگـەڵ ئـەمریکاو غـەرب‌و بـەو پێ‌یـە بزووتنـەوە قەومی‌یـەکانی پەنجاکان‌و شەستەکان ئیلهام لەو ئاسۆیە وەردەگرن. هەر ئەم دەوڵەتانـە بـۆ پاراسـتنی چەوسـانەوەی سـەرمایەداری‌و ئیمپریـالی‌و لـەژێر دەسـەڵاتی توێژەکـانی (بۆرجـوازی نیشـتمانی)دا دڕندانـەترین چەوسـانەوەی ئـابووری‌و دڕندانـەترین داپڵۆسینی سیاسـی‌و دیکتاتۆرییانـەیان سـەپاند بەسـەر کرێکـاران‌و زەحمەتکێشـانداو زۆرتریـن سـوودیان وەرگـرت لـە ئۆتۆریتـەی بیروبـاوەڕی نیشـتمانی‌و ناسیونالیزم کەلەلایـەن سـۆڤیەت‌و کۆمۆنیزمـە ڕەسمی‌یەکەیـەوە ئـاوی تقدیـس‌و شەرعیەتی بەسەردا دەکرا.

لەقۆناغی شەستەکانو حەفتاکانیشدا چینو ماویزم بۆجارێکیتر کەوتنە کەلك وەرگرتن لە بزووتنەوە میللیو قەومییەکانی (جیهانی سێیەم)و توانیان لەهەندێ شوێنی ئالۆزو پرکێشمەکێشدا نفوزی سیاسی خۆیان پەرەپێبدەن لەناو ئاخرین پاشماوەکانی بزووتنەوە دژی ئیستعماریەکانی ئەفریقاو ئاسیادا.

## سەرنجێك لەبارودۆخی ئێستای ناسیونالیزمو میللی گەرایی!

لەقۆناغی نەوەتەکاندا، جێو شوێنی ناسیونالیزم لەهاوکێشە جیهانییەکاندا گۆڕانی زۆری بەسەردا هات. جگە لەوەش پاشماوەی بزووتنەوە قەومییەکان بوون بە پایەگایەك بۆ نفوزی ئەمریکا بەناوی دژایەتی لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانو دیفاع لەمافی مرۆڤو دیموکراسی.

ئامانجی ئەمریکا لەم بوارەدا بریتی بوو لەپاشەکشەکردن بەمنافسە سیاسییەکانی لەئاستی دنیادا. ئەمریکا لەو چوارچێوەیەدا کەوتە هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لەناسیونالیزم لەووڵاتانی پاشماوەی سۆڤیەتی جارانو خۆرهەلاتی ناوەڕاستو توانی ڕاسترەوییەکی هەمە لایەنە بەسەر ئەو بزووتنەوەو نارەزایەتییانەدا بسەپێنێ کەلەژێر ئالای بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا سەریان هەڵدابوو.

بەگشتی بزووتنەوە قەومییەکان لەم قۆناغەدا، نوێنەرایەتی هیچ خواستێکی عادلانە ناکەنو بەگشتی کۆنەپەرستیو ڕاسترەوی بەسەریاندا زاڵەو بوون بەوەسیلەی بەهێزکردنی هەیمەنەی ئەمریکی لەدنیادا. جادیارە کە ئەوە تەنانەت ناکۆکیشی هەیە لەگەڵ ئاواتەکانی خەڵکی ئەو شوێنو ناوچانە بۆ پاکتاوکردنی پاشماوەکانی زوڵمی قەومیو بەدەستهێنانی یەکسانیو دیموکراتیەت.

لەڕاستیدا سەرباری ئیدعائاتی هێزە ناسیونالیستەکانی وەکو کوردستانی عێراقو خواروی سوودانو.. تاد سەبارەت بە بەدیهێنانی مافە زەوت کراوەکانی خەڵکی ئەو شوێنانە، ناسیونالیزم لەو شوێنانە بەسوود وەرگرتن لە درێژەی زوڵمی قەومیو ووجودی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانو وجودی خواستو ئاواتێکی بەرین لەناو خەڵکدا بۆ لەناوبردنی زوڵمی قەومی، ڕاستەوخۆ تاقیبی دەسەلاتو نفوزو بەشکردنی هێزی کردووە لەگەڵ ڕژێمە مەرکەزییەکاندا، ئەویش لەپەنا دەستی ئەمریکاو بەکۆمەکی مادیو مەعنەوی ڕاستەوخۆی ئەو، ئەوە نەك هەر مەسەلەی قەومی ئەو شوێنانەی لەچارەسەرکردن نزیك نەکردۆتەوە بەلکو خواستی عادیلانەی خەڵکی ئەو شوێنانەی گرێداوەتەوە بە گەورەترین هەوڵی پاوانخوازیو هەیمەنەی کۆنەپەرستی ئەمریکاوەو بەگشتی کۆنەپەرستی کردووە بەڕەوتی زاڵ لەناو ئەو بزووتنەوانەداو ناسیونالیزمی تیادا جێگیرکردووە. بەو مانایە بزووتنەوە قەومییەکانی ئەمڕۆ بەگشتی خەسڵەتێکی ڕاسترەوانە بەسەریاندا زاڵە.

بەلاّم ناسیونالیزم تەنها لەسەر پایەی زوڵمی قەومی سەری هەڵنەداوە، یا لانی کەم درێژەی عومری ناسیونالیزم لەئەمڕۆدا تەنها قەرزاربارى زوڵمی قەومی نییە. ناسیونالیزم لەسەر بناغەی فکری قەومی ئەمڕۆ ڕەوتێکی فکریو سیاسی پانو پۆرە لەدنیاو بەتایبەتی لە(جیهانی سێیەمدا).

ناسیونالیزمی عەرەبی، فارسی، تورك نوێنەرایەتی هیچ هەوڵو داخوازییەك ناکەن بۆ لابردنی هیچ جۆرە زوڵمێکی قەومی، لەعێراقدا دەوڵەتێکی قەومی توندڕەو لەسەر کارە بێئەوەی زوڵمی قەومی لەسەر خەڵکی عەرەبی عێراق هەبێ. ڕەنگبێ سوودوەرگرتنی لەمەسەلەی زوڵمی قەومی لەفەلەستین وە یان پارچە پارچەکراوی ووڵاتانی عەرەبی لایەنێکی ناسیونالیزمی عەرەبی عێراقو حزبی بەعس پێکبهێنێ، بەلاّم بەهیچ جۆرێك ناوەڕۆکی ئەونین.

توندکردنەوەو تیژکردنی دەمارگیری قەومی لێرەدا بناغەیەکی دەسەلاتدارەتی بۆرجوازییەو هەمیشە زیندووەکرێتەوە لەخزمەتی دەسەلاتدارەتی ئەو چینەو دەسەلاتە سیاسییەکەی، ئەوە لە تورکیاو زۆر ووڵاتانی تری دنیاش ڕاستە، کەواتە ئێمە دیاردەی ناسیونالیزم بەدەرکەوتنی جیاوازی دەبینینو بارودۆخی ڕاسترەویو کۆنەپەرستی نەوەتەکان سەر لەنوێ ژیانی کردەوە بەبەری ئەم ئایدۆلۆژیەی بۆرجوازیدا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەدەرك نەکردن بەوەی ناسیونالیزم ڕەوتێکی فکری بۆرجوازییە، پێی وایە کە بەجیابوونەوەی کوردستانو حەلی مەسەلەی کوردو یا دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی، ئیتر مەسەلەی قەومیو بیروباوەڕی قەومی ئەچێتە مۆزەخانەکانی مێژووەوەو لەخۆوە مەسەلەی خەباتی چینی کرێکارو مەوقعیەتی بزووتنەوەکەی دەبن بەڕەوتی بالادەستی کۆمەڵ، بێ لەبەرچاوگرتنی ئالۆزی مەسەلەکەو فاکتەری فکری ناسیونالیستی کە هەمیشە لەلایەن چەندین باڵی بۆرجوازیەوەو بەپەیوەند بەچەندین مەسەلە لەکۆمەڵدا دەمەزەرد دەکرێنەوەو لەبەرانبەر سۆسیالیزمو چینی کرێکاردا بەهێز دەکرێن.

## ئاسۆ غەریب

سەرەتا پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە گرنگی ئەحکامە پایەیییەکانی مارکسیزم لەسەر مەسەلەی میللی بۆ ئێمەو بۆ ئەم باسەی ئێستای ئێمە لەوەدایە کەزەمینەکانی کێشەی قەومی لەعێراق(بەتایبەت کێشەی کورد)وە چارەسەرێك بۆئەم مەسەلەیە بخەینە ڕوو. ئێمە لەدانیشتنەکانی پێشووتردا بۆ ئامادەکاری باسەکانی کۆنفرانسی(3) لەباسی بەرنامەو سەرخەتە گشتییەکانی ئامانجو سیاسەتەکانماندا، شتێکی لەو بابەتەمان ووت کە هێشتا ڕەنگە فرسەتێکی زیاترو هەلومەرجێکی مناسب ترو ڕۆشنتر پێویست بێ بۆ نووسینی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی، لەبەرئەوەی بەرنامەی کۆمۆنیستی ئەم زەمانە پێویستە بەرەنجامی گەشەی زیاترو ڕۆشنبوونەوەو پوختەبوونی زیاتری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بێت لەئاستی دنیاداو بەبەشدارییەکی فراوانتر دەستی بۆ ببرێت. بەبڕوای من لەبارەی کێشەی نەتەوەییشەوە مەسەلەکە هەروایە. ئێوە باستان کرد کەهەم کێشەی نەتەوەییو بزووتنەوە نەتەوەییەکان لەپەیوەند بەگەشەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووەو وەك سەرەتاو قۆناغە مێژووییەکانی پێشووتری نەماوەتەوە، هەم هەلومەرجی سیاسیو ئابووری کۆمەڵگاش نەوەك سەردەمی مارکسو نە وەك سەردەمی لینین نییەو ئێستا جۆرێکی ترە. بۆیە لێکدانەوەو ڕێگەچارەو هەڵوێستی مارکسیستی لەئاستێکی گشتیدا بۆ مەسەلەو کێشە نەتەوەییەکانی ئەمڕۆ هەر بەئێمە بەرتەسك نابێتەوەو پێویستی بەبەشداری کەسو لایەنی فراوانتر لەئێمە هەیە.

خراپ نییەو پێویستیشە وەك فەصیلێکی کۆمۆنیست لەسەر ئەحکامە پایەییەکانی مارکسیزم بۆ مەسەلەی نەتەوەیی قسە بکەینو بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ تاوتوێیان بکەینو بەڕۆشنی بڵێین کام یەك لەو ئەحکامانە دەست پێوەدەگرین یان ڕەت دەکەینەوە، بەڵام لەو حاڵەشدا لەچوارچێوەی ئەو باسە واوەتر نەچین کەلەدەستوورەکەدا دیاریمان کردووە، ئەمە ڕەنگە باسەکەمان قوورستر بکات. بۆیە بەبڕوای من تەرکیز بکەینە سەر ئەوەی بزانین ئەحکامەکانی مارکسیزم لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی تاچەند دەمانگەیەنێ بەلێکدانەوەو ڕێگە چارەیەکی دروست بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لەعێراقدا، کە لەم دەوەرەیەدا وەك مەسەلەیەکی سیاسی زەق هاتۆتە پێشەوە.

بەم پێشەکییەوە دێمە سەر ئەوە کە ئێمە وەك ڕەوتێکی سۆسیالیستو کۆمۆنیست کەباسی مەسائیل دەکەین پێمان وانییە سۆسیالیزم تەنها مبادیء بێتو تەنها بەووتنەوەی مەبادیئەکان دەستهەڵگرین، بەڵکو مەسائیلە تاکتیکییەکانیش کەبەپێی هەلومەرجە سیاسییە تایبەتەکان دیاری دەکرێن، بەشێکن لە پرۆسەی تەحقیقی سۆسیالیزمو وەك لینینیش دەڵێ ئەو کەسەی چاوەڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتی خاڵصە قەت نایبینێ لەبەرئەوەی تەنها لەقسەدا شۆڕشگێڕەو دەرك بەوە ناکات کامە شۆڕشی ڕاستەقینەیە، ڕەنگە هەندێ مەسائیل ڕاستەوخۆ نەگەڕێنەوە سەر زەمینە بابەتییەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی چینی کرێکارو لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێ لەبەرەو پێشچوونو بەجێگەیاندنی ئەو شۆڕشەدا. من پێموایە خەبات بۆ لابردنی زوڵمی قەومی دەتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێو هەرئەوەی کەدەڵێن کێشەی نەتەوەییو زوڵمی نەتەوایەتی ڕێگرێکە لەبەردەم خەباتی چینایەتیدا، خۆی ئەو حوکمە بەدەستەوە دەدات کەخستنەڕووی ڕێگەچارەیەکی ڕیشەییو ئینسانیو عەمەلی وەك هەرتاکتیکێکی تری کۆمۆنیستەکان خەباتی چینایەتی کرێکارانیش پاڵ پێوەدەنێ بۆ پێشەوە، بەپێچەوانەی ڕێگەچارە بۆرژوازییەکانەوە کە ئەو خەباتە بەبارە سەلبییەکەیدا دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

هەڵبـەت ئەمـە بـەمانای ئـەوە نیـیە کـە مەسـەلەی نەتـەوەیی و وەڵام پێدانـەوەی خـۆی لـەخۆیدا بەشـێکە لەبزووتنەوەیەك بۆ سۆسیالیزم، وەك ناسیونال چەپەکانو پۆپۆلیستەکان باسی دەکەن، بەڵکو مەسەلەکە لەوەدایە کە وەڵامدانەوەیەکی دروست بەکێشەی نەتەوەیی وەك یەکێك لـەو گرفـتو کێشـە سیاسـییانەی کـە هەلومـەرجی سیاسـی کۆمەڵگاو بیرو زەینی کرێکارانیشی بەخۆیەوە گرتووە، لەلایەکەوە جیـاوازی چینایـەتی ڕۆشـنتر دەخاتـە ڕوو لەلایـەکی تریشەوە یەکێك لەڕێگرییەکان وەلا دەنێ.

ئەمـە ڕێـك دیـوی دووەمـی ئەوەیـە کـە دەڵـێ بـەهێزبوونو پـەرەگرتنی خـەباتی چینایـەتی کرێکـاران ڕێگـەچارەی سۆسیالیستی بۆکێشەی میللی مـەترەح تـر دەکـات. واتـە تـاکتیکی دروسـتیش لەبەرامبـەر کێشـەیەکی سیاسـی وەك مەسەلەی نەتەوەییدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کرێکاریو خـەباتی کۆمۆنیسـتی، ئـەوەش لەبەرئـەوەنا کـە گوایە ڕزگاری نەتەوەیی قۆناغێکی گرنگە لە خەباتی کۆمۆنیستی بەڵکو لەبەرئەوەی کەدەبێتـە کـەناڵێك بـۆ جموجۆڵـی سیاسـییان، بۆیـە بـەبڕوای مـن بەلەبـەرچاوگرتنی ئـەو بەڵگانـەش کـەئێوە هێناوتانەتـەوە لەسـەرئەوەی کەهەڵوێسـت لەبەرامبەر مەسەلەی نەتـەوەییدا بـەندێکی بەرنامـەی کۆمۆنیسـتەکان نیـیە لـەخۆیداو خـودی مەسـەلەی نەتەوایـەتی بەتێپـەڕبوونی کـاتو بـەگۆڕانی واقیعیەتـەکان ئـاڵوگۆڕی ڕیشـەی بەسـەرداهاتووە، بـەڵام ئێسـتا ئەگـەر مەسـەلەی نەتەوەیی بووبێتە هۆیەکو کەناڵێك بـۆ لەسـەرپێ وەسـتانی بەشـێکی سـەرمایەداریو داسـەپاندنی ئەحکامـەکانی ئـەم نیزامە بەسـەر خـەڵکی زەحمەتکێشدا لەهـەندێك شـوێن هەڵسـانو کاردانـەوە لەبەرامبـەر ئەمـەدا بـارودۆخی کۆمەڵگـە بەتایبـەتی لـەباری سیاسـییەوە جـۆش دەداتو وەك بەشـێك لەبزووتنـەوەی ئـازادیخوازی ئیـبرازی دەکـات. بۆنمونـە کاردانەوە لەبەرامبەر ئەو ڕێگریو بارگرانیانەی کەنیزامی سەرمایەداری لەسەروو جیـاوازی ڕاسـتەوخۆی چینایەتییـەوە بەناوی جیاوازی نەتەوەییەوە چ لەبارە مێژووییەکەوە کەپێکی هێناوەو چ لەحاڵی ئێستادا کەپەیڕەوی دەکا، خـۆی وەستانەوەیە لەبەرامبەر سەرمایەداریداو زۆریش گرنگە بکرێتە وەسیلەیەکو بەدەستەوە بگیرێ هـەتا بـۆ بـەهێزکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چیـنی کرێکـار بـەدژی ئـەو نیزامـە. ئـەصڵی مەسـەلەکەش ئەوەیـە کـە هـەم بـۆرژوازی بـۆ بەرژەوەندی سیاسیو ئابوری چینایەتی ئەو زوڵمەی بەدی هێناوەو هەم بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لەزوڵمی نەتەوەیی تا ئەو جێیەی کەناسیونالیزم بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەردانەگرتووە لەمەسائیلی نەتـەوەیی واوەتر چوونو هەمووی بۆ سـەربەخۆیی نەتـەوەو نیشـتمان نـەبووە، بـەڵکو دژی دەسـەڵاتی ئیمپریـالیزمو دەوڵـەتانی ناوەندیش بوون، واتە بەدژی چەوسانەوەیەك کەسەرمایەداری بەهۆی زوڵمـی نەتەوەییـەوە بـەدی هێنـاوە بـۆ نموونـە دژایەتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەوڵـەتی نـاوەندی هەرچـەندە وەك بزووتنەوەیـەکی نەتـەوەیی ناسـراوەتەوە بـەڵام لەناوەڕۆکدا وەك حکومەتێکی چەوسێنەری سەرمایەداری ڕەخنـەی لێگیراوەو سیاسـەتەکانی ڕەتکراوتـەوە، وەك هـەر وولاتێکی تر کە ئاسەوارێکی لەزوڵمی نەتەوەیی نییە، وەستانەوە بەدژی سـەربازگیری، بـەدی شـەڕ، بـەدژی اسـتبداد، بەدژی برسێتی، بێکاریو ... تاد، یان دژایەتی ئیستعمار کاتی خۆی بەدژی تـالانو بـڕۆی سـەرمایەداری ئیمپریالسـتی، بەدژی داگیرکاریو دەستێوەردانی سیاسیو سەربازیو جوگـراف وولاتـان، ڕەنگـە مەسـەلەی میللـی تەنـها شـقارتەیەك بووبێ لەهەڵایسانو بەگوڕکردنی ئەو دژایەتییانەو دوای خۆیشی لەو کێشمەکێشانەدا خاڵێك بووبێت، بـەڵام لەلایەکـەوە بەهۆی لاوازی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکـاریو نادیـاریو ناکاریگـەریی بـەدیلی سۆسیالیسـتیو لەلایـەکی تریشـەوە بەهۆی ئەوەی کەناسیونالیزم توانیویتی سواری شەپۆلی ئەو ناڕەزایەتییانە ببـێ، تـەواوی بزووتنەوەکـە بەبزووتنـەوەی نەتەوەیی ناسراوەتەوەو ناسیونالیزم کردوویەتی بەدەسـتمایەی خـۆی. لـەکاتێکدا کـەدەکرا (و ئێسـتاش دەکـرێ)وەك هەر مەسەلەیەکی تری دیموکراتی بکرێتە پاڵپشتی خەباتی چینایەتیو سۆسیالیستیو پوختەی قسەکەشم ئەوەیە ئـەم لایەنەی مەسەلەی میللی، تەنها لەبەرەئەوەی ستالین کەڵکی خراپی لێوەرگرتووە، فەرامۆش نەکەین.

دیارە من بڕوام بەوە نییە تایبەتمەندییەکی سۆسیالیستی بەمەسەلەی نەتەوەیی بدەمو بەتەواوی لەگـەڵ ئـەوەدام کەمەسەلەی میللی هەتا بەو مانایش کەخۆم باسم کرد نابێتە زەمینەیەکی مادیو مەوزوعی سۆسیالیزم، بەڵام بۆ ئێمـە کۆمۆنیستەکانو چینی کرێکارو بۆ بزووتنەوەی کرێکاری بەگشـتی نـەك هـەر لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان بـەڵکو لەسـەر

ئاستی هـەموو عـێراق گرنگـە ئـەم مەسـەلەیە فـەرامۆش نەكـەینو بایـەخی پـێبدەین، نـەك هـەر تەنـها بـەدەلیلی ڕەوابوونەكەی بەڵكو بەدەلیلی جێگاو ڕێگەكەشی لەكێشمەكێشی سیاسی ئـەمڕۆی عـێراقدا، مـن لـەووتارێكدا ووتوومـە كەبۆرژوازی عێراق سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێنا كەلە پرۆسەیەكی 10ساڵیدا توانی خەباتو تێكۆشانی خەڵكی كوردستان بەدژی ڕژێمی بەعس لەخەباتو تێكۆشانی باقی خەڵكی عـێراق جیابكاتـەوەو دابـبڕێ، خـەڵكی كوردسـتان ئەگەر لەلایەن ناسیونالیزمی كوردەوە ئیرادەی سـەركوت نـەكرێو لـەقاڵب نـەدرێ، دەمێكـە خـەباتێكی بێگەڕانـەوەی بۆڕووخاندنی ڕژێمی بەعس دەست داوەتێو خەڵكی ئازادیخوازی ناوچەكانی تری عـێراقیش بەلوتفـەوە تەماشـای ئـەو خەباتەیان كـردووەو چاوەڕوانییـان لێی هـەبووە. ئێسـتا ئێمـە گرنگـە خـەباتی كوردسـتان بـەدژی ڕژێمـی بـەعس بـەو ئاقارەدا بەرینـەوەو لەگـەڵ خـەباتی ئازایخوازانـەی خـەڵكی عێراق وەبەتایبـەتی خـەباتی كرێكـارانو زەحمەتكێشـان گرێی دەینەوە هەم بۆ چارەسەری كێشـەی نەتـەوەییو هـەم بـۆ كۆتاییهێنـان بـەڕژێمی سـەرمایەداریو شۆڤینسـتی بەعس، چونكە بەشداری چالاكانەی خەڵكی كوردستان لەڕووخاندنی ڕژێمو پشـتیوانی خـەڵكی كرێكـارو زەحمەتكێشی عەرەب (لەعێراقدا)و داخوازییە ڕەواكانی خەڵكی كوردستان كاریگەری زۆر بەرچاویان هەیە لەسەر یەكتری.

هاوڕێ نزار باسـی ئـەوەی كـرد كـە ناسیونالیزمو بزووتنـەوەی خـەڵك بـۆ ڕزگـاری لەچەوسـانەوەی نەتـەوەیی لێـك جیابكەینەوەو دژایەتی ناسیونالیزمو ئیفشاگەری لەسەری وەك بەندێكی بنەڕەتی بەرنامەی كۆمۆنیستی چاو لێبكـەینو سـەبارەت بەكێشـە نەتەوەییـەكانیش هیـچ شـتێك تـەعمیم نەكـەین وەك بەرنامـە بەسـەریانداو لەهەرشـوێنێك هـەبوو بەتایبەتمەندی خۆیەوە مامەڵـەی بكـەن لەهـەمان كاتیشدا گـرێی بدەینـەوە بەخـەباتی كرێكاریـیەوە، مـن بەتـەواوی لەگـەڵ ئەمـەدامو دەستنیشـان كردنـی ئـەم حوكمـەم بـەلاوە زۆر گرنگـە. بەلەبـەرچاوگرتنی ئـەوەی كـە ئـەو خەباتــە كرێكارییە لەسەر ئاستی هەموو عێراق بێت نەك هەر خەباتی كرێكاران لەكوردستان.

سەبارەت بە ئەحكامـەكانی تریـش ئـەوەی كەپێویسـتە قسـەی لەسـەربكرێ بـەڕای مـن چـۆن كێشـەی نەتـەوەییو بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەدوو توێی مێژوودا قۆناغ بەقۆناغ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەهەمان شێوە ڕێگەچارەو هەڵوێستی ماركسیستەكانیش دەكـرێو پێویسـتە ئاڵوگۆڕبكـات. بۆیـە ئـەوەی هـاوڕێ نـزار باسـی چاوگێڕانـەوەی كـرد بەسـەر ئەحكامـە ماركسیسـتیـیەكان سـەبارەت بـە مەسـەلەی میللـی، بـەمانای تـاووتوێكردنی ئـەو ئەحكامانەیـە بـۆ هەلومـەرجی ئـەمڕۆ نـەك چاوگێڕانـەوەو گومـان كـردن لـەو ئەحكامانـە لـەكاتی خۆیدا. وەرنـەگرتنی هـەر یـەكێك لـەو ئەحكامانە خۆبەخۆ بەمانای ئەوەنییە لەكاتی خۆیدا هەڵەبووە، بـەڵكو مەسـەلەكە ئەوەیـە كـەمادام مەسـەلەی میللـی بەندێكی بەرنامە نییە كەواتە هەڵوێست لەبەرامبەریشیدا لەدەورانێكەوە بۆ دەورانێكی ترو لەشوێنێكەوە بۆ شـوێنێكی تر قابیلی ئەوەیە كە بگۆڕێو ئێمەش وەك ماركسیستی ئەمڕۆ مامەڵەی لەگەڵ دەكەین.

وەك ئێـوەش ئامـاژەتـان بـۆ كـرد بزووتنـەوە نەتەوەییـەكان لەسـەردەمی ماركسـدا تایبەتمەندییـەكی تاڕادەیـەك شۆڕشـگێڕانەیان هـەبووە. لەبەرئـەوەی ئابوورییـەكی پێشـكەوتووترو شـێوەیەكی بـالاتری لەبەرهەمـهێنان (شـێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری) لەبەرامبەر پاشماوەكانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگیدا شكڵ پێداوەو لەڕووی سیاسیشـەوە میرنشـینە خێڵـەكیو بەرتەسكەكانیشـی گۆڕیـوە بەدەوڵـەتی فراوانـتر. بـەلام ئێسـتا هیـچ واقیعیـەتێكی وا نـەماوەو بزووتنەوە نەتەوایەتییەكان لەباشترین حاڵەتی خۆیاندا هیچ ئاڵوگۆڕو تەكامولێكی ئابووریو كۆمەڵایەتی بەدی ناهێنن. نەدەتوانن هۆیەك بن بۆ ئابووری سۆسیالیستیو نەلەنێوان سـەرمایەداریو سۆسـیالیزمدا ئابوریـیەك یـان كۆمەڵگایـەك هەیە ئەوان پێی بگەن.

ئەو ئەحكامانەش كە لینین تأكیدی لەسـەر كـردووە زۆرتـر لەبەرامبـەر ئیمپریـالیزمو بـۆ وولاتـانی كۆلۆنیـالی بـووە، ئەویش لەچوارچێوەی كێشمەكێشی نێوان یەكێتی سۆڤیەتو سەرمایەداری ڕۆژئاوادا كە ڕزگاری نەتەوە چەوسـاوەكانو شۆڕش بۆ ئەو مەبەستە گرنگیو كاریگەرییەكی زۆری هەبووە هەم بـۆ پاراسـتنی شۆڕشـی ڕوسـیاو هـەم لەپاشەكشـە بەنەیارەكانیدا، كەواتە ئەو ئەحكامانە لەبەرامبەر واقیعەتێكدابوون كەئێستا بوونی نییە، نە شۆڕشی ئۆكتۆبـەر هەیـەو نەوولاتانی كۆلۆنیالیو نەبزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی لەو جۆرەی ئەوسا.

مەسەلەیەكی تر كەپێوستە ئێمە ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێبگرینو ڕەتی بكەینەوە (كە لینینیش بەهەر دەلیلێك بووبێ بەكاری هێناوە) فۆرمۆلی نەتەوەی سەردەستو نەتەوەی ژێردەستە، نەتەوەی زاڵمو نەتەوەی مەزلوم، من ناچمە تەفصیلاتی تیۆریی ئەم مەسەلەیەوە، بەڵام پێم وایە فۆرمۆلێكی نادروستە لەباری مەنتیقیەوەو لەباری سیاسیشەوە گشتیەو لەفۆرمۆلی ناسیونالیستییەوە نزیكترە بۆنمونە ئینگلیزەكان عێراقیان داگیركرد، عەرەبەكان زوڵم لەكورد دەكەن، رووسەكان گەلی فلان دەچەوسێننەوە، ئەوە لەكاتێكدا كەكرێكارانو خەڵكی زەحمەتكێشی ئینگلیزو عەرەبو رووس نەبڕیاریان داوەو نەدەست پێشكەرییان كردووەو نەقازانجیشیان لەو كارەدابووە. شۆڕشی ئۆكتۆبەر نیشانی دا كەكرێكارانی رووس نەك هەر بەرژەوەندییان لەچەوسانەوەی گەلانی تردا نەبووە لەلایەن قەیسەرەوە، بەڵكو بەنەمانی ئەو چەوسانەوانەو بەنەمانی قەیسەر گەورەترین دەسكەوتیان بەدەستهێناوە.

ڕەنگە ئەوەی كاتی خۆی بەریتانیا كەهاتووە وولاتانی داگیركردووەو تاڵانو بڕۆی كردووە بەشێك لەدەسكەوتی ئەو وڵاتانە چووبێتە گیرفانی كرێكرانی ئەو وولاتەشەوە، بەڵام ئەمە نایكاتە چەوسێنەرو زاڵم بەڵكو لەچوارچێوەی دابەشكردنی داهاتو بەپێی هاوسەنگی هێزو ئاستی خەباتی چینایەتی بەشی خۆی لەداهاتی ئەو وولاتە بردووە كە تەنانەت ئەم واقعیەتەش ئێستا نەماوە، بۆنمونە چەوسانەوەی خەڵكی كوردستانو زوڵم لێكردنیان نەك هەرنەبووەتە خێرو بەرەكەت بۆ كرێكارانی عەرەب بەڵكو كرێكارانی عەرەب لەخراپترین هەلومەرجی ژیانو كەمترین دەسكەوتی مادیدا ژیان بەسەردەبەن. لەسەر بنەماكانی ئەمە ئێمە دەبێ ووشیارانەو بە مەبەستەوە خۆمان بپارێزین لە بەكارهێنانی دەربڕینی نەتەوەی سەردەستو نەتەوەی زاڵم وەك نیشانەی جیاكردنەوەی نەتەوە چەوساوەكان لە نەتەوەكانی تر.

لەسەر دروشمی مافی دیاریكردنی چارەنوس بۆ میللەتانو بەدەستەوە نەگرتنی وەك بەندێكی بەرنامەیی جێگیر، بەو بەڵگەو لێكدانەوانەی ئێوە ڕازیم بەڵام ئەمە نابێت بەوەمان بگەیەنێ كە ئیرادەی ئازادانەی میللەتێك فەرامۆش بكا، ئیرادەی خەڵك لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا مەسەلەیەكی گرنگە، بەتایبەتیش ئەوە لەبەر چاوبگرین كە فۆرمۆلی مافی دیاریكردنی چارەنوس بۆ میللەتان لەلایەن لینینەوە لەبەرامبەر فۆرمۆلی (یەكسانی گەلان) كەبۆرژوازی بۆ چارەسەری كێشە نەتەوەییەكان خستبوویە ڕوو هاتە ئاراوە، لینین ڕەخنەی لەوەگرت كە ئەو یەكسانییەی كەبۆرژوازی بۆ گەلان داوای دەكات بەهەمان مەنتیقو پێوانەی یەكسانی نێوان كرێكارو سەرمایەدارە، لەئیدعای بۆرژوازیدا كرێكارێكو سەرمایەدارێك یەكسانن ئەوەی سەرمایەدارێك دەیكا، كرێكارێكیش مافی هەیە بیكات، بۆنمونە بۆی هەیە كارگەو پرۆژەی ئابووری بكاتەوە، بۆی هەیە باشترین ماڵو سەیارەی هەبێ، بۆی هەیە بۆ پۆستی سەرۆكایەتی لەهەر شوێنێك پێی خۆشە خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام ئایا توانایی ئابووری ڕێگای ئەوە بەكرێكار دەدات ئەو یەكسانییە بەواقیعی بەدی بێنێ؟ ئاشكرایە كەوەڵامەكە نەخێرە. ئەمە بۆ نەتەوەكانیش هەروایە كاتێك كەوولاتەكەیان داگیربكرێ یان چەوسانەوەی نەتەوەییان بەسەرەوەبێ، لینین لەبەرامبەر ئەمەدا ووتی باهەموو نەتەوەكان ئازادبن لەدیاری كردنی چارەنووسی خۆیاندا تائاستی جیابونەوەو پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام خۆی وەك سیاسەتی حزبی بەلشەفی یەكێتیو پێكەوە ژیانی ئازادانەی نەتەوەكانی پێشنیار كردو هاوكاری نەتەوەكانی ڕوسیاشی بەكردەوە جێبەجێكرد كەپێشكەوتنێكی زۆر گرنگ بوو لە كۆمەڵگای بەشەریدا.

من قانعم كەفۆرمۆلی مافی دیاری كردنی چارەنوس دەقاودەق فۆرمۆلی ئێمە نەبێ بەو مەعنایە كەبۆ هەر كێشەیەكی نەتەوەیی لەوانەیە شتێك بڵێین. لەئێران شتێك بڵێینو بۆ توركیا شتێكی تر، مەرج نیە بۆهەموویان یەك شت بڵێینو مەرج نییە لەهەموو دەورانێكیشدا هەر یەك شت بڵێینەوە، دیارە تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر چارەسەری كۆتاییو یەكجاری مەسەلەی نەتەوایەتی ئەوە لەسۆسیالیزمدا دەكرێو بۆهەموو حاڵەتەكان جێگیرو نەگۆڕە، بەڵام چارەسەری ئەم مەسەلەیە لەچوارچێوەی سەرمایەداریدا بەپێی هەلومەرجو تواناییەكان دەگۆڕێو مەرج نیە لەهەموو كاتێكدا دڵخوازبێ. دەكرێ وەك هەر ڕیفۆرمێكی تر ئەوە لەبەرچاوبگرین كەچ شتێك ئیمكانی هەیە، ئێمە دەڵێین كرێكارو بۆرژوازی نەمێنێو هەموان وەك یەك كاربكەن بەڵام بۆ زیادكردنی كرێو كەمكردنەوەی سەعات كاریش

خه‌بات ده‌که‌ین، ده‌ڵێین هه‌ڵاواردنی جنسی نه‌مێنێ به‌ڵام بۆ گۆڕینی به‌ندێکیش له‌یاساکانی باری که‌سێتی بـه‌قازانجی ژنان تێ‌ده‌کۆشین به‌هه‌مان شێوه ده‌ڵێین چه‌وسانه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی نـه‌مێنێ بـه‌ڵام سـووککردنی ئـه‌و چه‌وسـانه‌وه‌یه‌ش ده‌بێ به‌ئه‌رکی خۆمان بزانین.

## سالار صابر

ئه‌و هاوڕێیانه هه‌ریه‌ك له‌ڕوویه‌كه‌وه باسی مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی کرد، به‌ڕاستی مینش ئه‌وانه ئه‌ڵێمه‌وه‌و ئه‌همیـه‌تی ئـه‌م باسه زۆر گرنگه لام، بۆیـه ئه‌گـه‌ر ئـه‌و ئه‌همیه‌تـه‌ی نه‌بوایـه نـه‌ده‌بووه یـه‌كێك له‌فه‌قـه‌ره‌كان‌و بابه‌تـه‌كانی ده‌سـتووری دانیشتنه‌كانی ئێمه بۆ كۆنفرانس، منیش گرنگی ئـه‌م بابه‌تـه ده‌رك ئه‌كـه‌م‌و له‌گـه‌ڵ ئـه‌وه‌دام کـه‌وه‌ڵامی ده‌وێ، دیـاره گه‌ڕانه‌وه بۆ ڕیشه‌ی مێژوویی مه‌سه‌له‌ی میللی؛ واته بۆ ئه‌وكاته‌ی كه‌سه‌ری‌هه‌ڵداوه‌و بووه به‌مه‌وزوعێكی گه‌وره‌و گرفتی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی یارمه‌تیمان ده‌دات له‌گه‌ڕان به‌دوای ڕێگا چاره‌كاندا به‌مه‌به‌ستی چاره‌ی مه‌سه‌له‌ی میللی.

بـه‌دوای داگـیركردنی وولاتـان‌و ئیسـتعماركردن‌و چه‌وسـانه‌وه‌و اسـتغلالكردنی میللـه‌تانـه‌وه، هـه‌روه‌ها بـه‌دوای ده‌ستكێشانی وولاتـانی گـه‌وره به‌سـه‌ر جیهانداو دابه‌شـكردنی، بـه‌پێی به‌رژه‌وه‌ندییـه‌كانیان، زوڵـم‌و چه‌وسـانه‌وه‌ی خه‌ڵكی ئه‌و وولاتانه‌و به‌تاڵان بردنی سه‌روه‌ت‌و سامانیان، سه‌رمایه‌داری به‌ئه‌ندازه‌یه‌ك گه‌یاند كه‌یـه‌كێك لـه‌ڕێگاچاره‌كان بۆ ده‌ربـازبوون له‌ده‌سـتی ئیسـتعمارو چه‌وسانه‌وه، ڕێگاچـاره‌ی قـه‌ومی بێـت بـۆ گـه‌لانی ژێرده‌سـته، یـه‌كێك لـه‌و درووشمانـه‌ی له‌به‌رامبـه‌ر داگیركـه‌راندا به‌رزكرایـه‌وه دروشمـی اسـتقلالی سیاسـی‌و ڕزگـاربوون بـوو لـه‌ژێر ده‌سـته‌یی ئیسـتعمار، یـه‌كێك لـه‌و بـه‌دیل‌و ئه‌ڵته‌رناتیڤانـه‌ی مـه‌ترەح بـوو حه‌ره‌كـه‌تی قـه‌ومی بـوو. بـۆ ده‌وره‌یـه‌ك له‌به‌رامبـه‌ر ئیسـتعماردا سـیمایه‌كی شۆڕشـگێڕانه‌یان بـه‌خۆوه‌بینی، سـه‌رهه‌ڵدانی چیـنی كرێكـار به‌بـه‌دیل‌و ڕێگاچـاره‌ی خۆیـه‌وه ماوه‌یه‌كی ویست ته‌نانه‌ت له‌و وولاتانه‌شدا كه سه‌ربه‌خۆییشیان به‌ده‌ست هێنا بـووه ئـه‌و وولاتانـه‌ی كـه له‌نه‌ته‌وه‌یـه‌ك زیاتر پێكهاتبوون، نه‌ته‌وه لاوازه‌كان له‌چوارچێوه‌ی ئه‌و وولاتانه‌دا كه‌وتنه ژێر ده‌سه‌ڵات‌و حاكمه‌یـه‌تی ئـه‌و نه‌ته‌وانـه‌وه كه‌زۆرینه‌یان پێكده‌هێنا به‌هه‌مان شێوه‌ی پێشوو سته‌میان لێ‌ده‌كرا.

ئه‌م زوڵمه له‌زۆر وولاتدا هه‌رماوه‌تـه‌وه، یـه‌كێك له‌وانـه خـه‌ڵكی كـورده زوڵمـی قـه‌ومی لێ‌ده‌كـرێ، وه‌كـو له‌پێشـه‌وه ئاماژه‌م پێ‌كرد له‌سـاڵه‌كانی 1840 بـه‌دواوه‌و دوای سـه‌رهه‌ڵدانی بزووتنـه‌وه‌ی شۆڕشـگێڕانه‌ی چیـنی كرێكـار به‌بـه‌دیلی سۆشیالیستی‌یه‌وه، وه دوای په‌یدابوونی بیروباوه‌ڕی ماركسیزم، له‌زۆر جێگادا. بزووتنـه‌وه قه‌ومی‌یـه‌كان بۆرژگـاربوون، به‌خه‌سڵه‌ت‌و ناوه‌ڕۆكی شۆڕشگێڕانه‌یانه‌وه نه‌مانه‌وه، هه‌رچی ده‌هـات لـه‌چوارچێوه‌ی به‌رژه‌وه‌ندی‌یـه چینایه‌تی‌یـه‌كاندا خۆیـان تـه‌عریف ده‌كـردو له‌ڕاستیشـدا وولاتـانی داگیركـه‌ر له‌به‌رامبـه‌ر میـولی چـه‌پوی مه‌ترسـی شۆڕشـــی كرێكـاریدا پشتیوانییان لێ‌ده‌كرد.

له‌به‌رهه‌بوونی كێشه‌ی میللی له‌شۆڕشی ئۆكتۆبه‌ردا، لینین بۆچاره‌سه‌ركردن‌و نه‌هێشـتنی ئـه‌و كێشـه‌یه ڕێگاچـاره‌ی مافی دیاری كردنی چاره‌نووسی بۆ ئه‌و میلله‌تانه دیاری كرد كه زوڵمی قه‌ومییان له‌سه‌ر بوو، بواری كرده‌وه ته‌نانـه‌ت بـۆ پێكهێنانی ده‌وڵـه‌تی سـه‌ربه‌خۆ. ئـه‌وه ڕێگاچاره‌یـه‌كی زۆر گرنـگ‌و پڕئه‌همیـه‌ت بـوو. پێموایـه ئـه‌و ڕێگاچاره‌یـه تـاكو ئێستاش گرنگی خۆی له‌ده‌ست نه‌داوه.

هـاوڕێ ئه‌حمـه‌د له‌قسـه‌كانیدا باسـی له‌ئه‌زمـه‌ی سـه‌رمایه‌داری 1929 ــ 1931كـرد ئامـاژه‌ی بـه‌وه‌داو ووتـی ئـــه‌وه ڕێگه‌چاره‌یه‌كی مه‌قته‌عی بوو ده‌بوایه له‌و ئه‌زمه‌یه‌ی سـه‌رمایه‌داریدا دونیـا وه‌رچه‌رخایـه بـه‌لای كۆمۆنـیزمدا، میللـه‌تان هه‌وڵی دیاریكردنی مافی چاره‌نووسیان بدایه(ئه‌وه‌ی من لێی تێگه‌یشتم) به‌ڵام وانـه‌بوو، ئـه‌وه ڕێگاچاره‌یـه‌كی مه‌قتـه‌عی بوو، دیاره له‌و سه‌رده‌مه‌دا به‌تایبـه‌تی ئه‌زمـه‌ی نـیزامی سـه‌رمایه‌داری جیهانی 1929–1930 گرنگـی شۆڕشـی قـه‌ومی وورده وورده كـه‌م ده‌بـووه‌وه، له‌جێگه‌كـه‌یدا شۆڕشـی كرێكـاری ده‌وره‌ی ڕه‌ونـه‌قی بـوو و گه‌شـه‌ی ده‌سـه‌ند. بـه‌دوای هاتنه‌سه‌ركاری ستالیندا به‌تایبه‌تی له‌كاتی جه‌نگی جیـهانی دووه‌مـدا له‌یـه‌كێتی سـۆڤیه‌ت جـارێكی كـه ئـه‌و مه‌سـه‌له‌ی میللی‌یـه‌و زوڵمـــه‌كان ســه‌ریان هه‌ڵدایــه‌وه. بــه‌ڵام لــه‌وولاتانی عــه‌ره‌بی‌دا كه‌زۆربــه‌یان لــه‌ژێر چــه‌پۆكی بــه‌ریتانیاو

فەرەنسادابوون، هەوڵی ئەو وولاتانە بۆرزگاری لەدەست ئیستعماری بەریتانیو فەرەنسی ناوەرۆکی بزووتنەوەکانیان بەدژی ئیستعماریو بەرێگای سەربەخۆییدا تێپەڕاندووە. ئەو هەلومەرجە سیاسییەی وولاتانی جیهانی سێیەمی پێدا تێپەڕین بۆ ڕزگاری، نەیتوانی بەرێگا شۆڕشگێڕانەکەیدا بیباتو تەحەولاتی سۆشیالیستی پێکبێنێو مەسەلەی میللی لەو رێگایەوە چارەبکەن. لەم دواییانەدا مەقولەیەک بەناوی ناسیونال چەپەوە پەیدابوو، دیارە ئەم جەرەیانە دەیانوویست رێگاچارەیەکی تێکەڵ لەبیروباوەڕی قەومیو سۆشیالیستی پێکبێنێ کە لەژێر کاریگەری لێکدانەوەکانی (ماوتسی تونگ)دا قەراریان بەستبوو، ئەمانیش بۆچارەی مەسەلەی میللی لەرێگاچارە تەقلیدیەکە بەولاوە نەچوون ئەم بەدیلانە لەجیهانی سێیەمدا زیاتر مەترەح بوون.

من پێم وایە ڕابەرایەتی ناسیونالیزم بەمحتەوای سیاسی خۆیەوە ئێستا بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لەوولاتانێك کەزوڵمی قەومی تێدایە، سازانە لەگەڵ ناسیونالیزمی حاکمداو بەرژەوەندی چینایەتی لەسەروو هەموو شتێکەوە گرنگی هەیە هەیە.

## نزار عبدالله

وەکو لەپێشەوە ووتمان فۆرمۆڵی (ماف نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنوس ...تاد) فۆرمۆلێکە ناکرێ رێگەچارەی ئەم دەورەیەی ئێمە بێ. نەئازادی میللەتانو نە (الحاق) بەو شکڵەی پێشوو لەئارادا نییە. کاتێك کۆلۆنیالیزمو داگیرکاری هەبوو نەدەکرا دەربارەی (الحاق) قسەت نەبێ. دەبوو بلێی لەگەڵ (الحاق)دام یان لەدژیم، وە دەبوو روونی بکەیتەوە بۆچی ئەو هەڵوێستەت هەیە. بۆنمونە بەناردشۆ وەکو نوێنەرێکی سۆشیال فابیزم لەگەڵ(الحاق)دابوو، تەئکیدی دەکرد کە ئەو کۆمەڵگایانەی داگیرکراونو لکاون بە دنیای سەرمایەدارییەوە بەرەو شارستانیەتو مۆدێرنیزم گەشە دەکەن، جا با لەرێگەی داگیرکارییەوە بێ. لینین دژی (الحاق)بوو، خوازیاری ماف ئازادانەی هەموو نەتەوەکان بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. ئەوەم بۆیە هێنایەوە تا زیاتر روون بێتەوە کە حاڵەتێکی گشتی نییە تا فۆرمۆڵێکی گشتی بۆ دابڕێژینو ئازادی میللەتانیش بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان وەك پێشوو مەترەح نییە، هەندێك حاڵەتی تایبەتو منفرد هەیە وەك مەسەلەی فەلەستینو مەسەلەی کورد، یان هەندێك مەسەلەی تر کە وەکو زوڵمێکی قەومی بێچارەسەر ماونەتەوەو خواستێکی عادیلانە هەیە بۆ چارەسەرکردنیان. ئەوانە ئەبێ بەشێوەی تایبەتی هەڵوێستی خۆمان دەربارەیان دیاریبکەین. ئەوەی کە گروپێك پەیدابن تایبەتمەندی زمانو رەگەزی بەشێك لەئینسانەکان بەرزبکەنەوەو داوای جیابوونەوە یان پێکهێنانی دەوڵەتێك بکەن بۆیانو ئێمەش ئەگەر وەك پێشوو باوەڕمان بەئازادی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێ ئەوکات ئەبێ پشتگیریان بکەین. لەحاڵێکی وادا رۆشنە کەتووشی هەڵەو راسترەوییەکی گەورە دەبین. حیکمەتی وەلامدانەوە بەمەسەلەی زوڵمی قەومی ئەوەیە کەکۆسپێك لەبەردەم گەشەو پەرەسەندنی خەباتی چینایەتیدا لابچێ، بەلام ئەو هەڵوێستەی سەرەوە بەپێچەوانەی نیەتی خۆمانەوە کۆسپ بۆ ئەو خەباتە پێکدەهێنێ.

قسەیەکی وا هاتە ناوەوە کەمەسەلە تاکتیکیەکانیش، بەشێکە لەسۆسیالیزم. لەراستیدا دەربڕینێکی لەو جۆرە نادیقەتی تێدایەو لەباری تیۆرییەوە نادروستە. تاکتیکەکان اسلوبی خەباتی جوولانەوەی سۆسیالیستیە بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپو رێگرییەکانی بەردەم گەشەو پێشرەوی ئەو جوولانەوەیەدا. رۆشنە کە تاکتیك بەشێك نییە لەسۆسیالیزمو ناشکرێ تێکەڵ بەیەکی بکەین. وەلامدانەوەش بەمەسەلەی قەومی بەشێك نییە لەسۆسیالیزم. جوولانەوەی سۆسیالیستی لەهەندێك شوێن لەگەڵ مەسەلەی زوڵمی قەومی بەرەو رووەو لەهەندێك شوێن وانییە.

لەوولاتی باشووری ئەفریقادا هەلاواردن لەسەر بنەمای رەنگی پێست هەیەو مەسەلەی نەژادپەرستی زاڵە، ئیتر لەوێ دەبێ دژی هەلاواردن خەبات بکەینو بۆئیصلاحاتی هەمەلایەنە لەو مەیدانەدا تێبکۆشین تا گەیشتن بە کۆتایی ئەو شێوەیە لەهەلاواردن. بەلام لای خۆمان هەلاواردنی قەومی هەیەو ئەبێ بەشێوەیەکی تر بۆ نەهێشتنی تێبکۆشین.

خاڵێكی تر ئەوەیە كەمەسـەلەی زوڵمـی قـەومی لەبزووتنـەوەی قـەومی بەشـێوەیەكی ڕۆشـن جیابكەینـەوە. زوڵمـی قـەومی هـەبێ یـان نـا، بزووتنـەوەی قـەومی وەكـو بزووتنەوەیـەكی بـۆرژوازی بـۆ پاراسـتنی سـەرمایەداری و نانـەوەی دووبەرەكی لەڕیزەكانی خەڵكدا بوونی هەیە. بەرانبـەركێی ئێمـە لەگـەڵ ئـەو بزووتنەوەیـەدا بـەو ئامانجەیـە كـەلاوازی بكەین و ژێر پێی خاڵی بكەینەوە و كەناڵەكانی گەشـەو نفوزی لێببەسـتین. هەڵبـەت چـەكێك لەچەكە گرنگـەكانی ئـەم خەباتە خستنەڕووی ڕێگەچارەیەكی ڕادیكاڵ و عادیلانەیە بـۆ هـەر زوڵمێكـی قـەومی كـەبوونی هـەبێ و بـەبێ چارەسـەر مابێتەوە.

دیارە كۆمۆنیستەكان دەكرێ شانازی بەوەوە بكەن كـەدەتوانن ئـەو ڕێگـەچارە ڕادیكـاڵ و عادیلانەیـە بیخەینـە ڕوو، دەتوانن وەڵامـی كاریگـەر بەدووبـەرەكی قـەومی ئینسـانەكان بدەنـەوە و هاوژیانییـان بەهێزبكـەن. شۆڕشـی ئۆكتۆبـەر نمونەیەكی زیندووە لەم بارەیەوە. شۆڕشی كرێكاری بۆ یەكەمجار لەمێژوودا كۆمەكێكی زۆری كرد بـەوەی ئینسـانەكان سـەربەخۆ لەڕەگـەزو قەومیەتـەكانیان پێكـەوە بژیـن. سـەرەڕای زاڵبوونـی سـتالینیزم و ئـەو هەڵاواردنانـەی دواتـر لەمەیدانی مەسەلەی قەومیدا بەڕێوەی برد هێشتا هەر پێكەوە ژیان لەسایەی سەرمایەداری دەوڵـەتیدا باشتربوو وەك لەدەسەڵاتی دیموكراسی غەربیی و بازاڕی ئازاد. لەسایەی ئەم دەسەڵاتەی دواییدا ئەو قەومییەتانەی كە بۆ دەیـان سـاڵ پێكەوە دەژیان كەوتنە بەرامبەریەك، یۆغسلافیا بـوو بەنمونەیـەك بـۆ ڕاسـترەوی و كێشـمەكێش و دووبـەرەكی قـەومی. لەسایەی دەسەڵاتی غەربداو بەباوەشێنی ئەو بـوو بەمـەیدانێك بـۆ هەڵگیرسـانی شـەڕێكی قـەومی و ئـەنجامدانی دەیـان تاوان و تراژیدی بەرامبەر بەیەك.

دوا قسـەم ڕوونكردنـەوەی ئـەو خاڵەیـە كەباسـم كـرد لەسـەر پیاچوونـەوە بەماركسـیزمدا. مـن نـەم ووتـووە بـا بـەگژ گشـت ماركسـیزمدا بچینـەوەو خـودی ماركسـیزم بخەینـە ژێـر پرسـیارەوە، ووتم وەك ماركسیسـتێك بـا بێین پایـەو ئەحكامـە تیۆرییـەكان تـەعریف بكەینـەوە، ئەوانـەی بـۆ دنیـای ئـەمڕۆ دەسـت نـادەن وازی لێبێنیـن و ئەوانەیشـی كـەتاكو ئـەمڕۆ كـاراو گونجـاون دووپـاتی بكەینـەوەو پـەرەی پـێبدەین.

## احمد معین:

سەرەتا ئەمەوێ بەپەیوەند بەچەند قسەی هاوڕێ ئاسۆوەو ئەو مەسەلانەی هێنایە پێش چەند شت ڕوون بكەمەوە.

سـەبارەت بـە مەسـەلەی (مـافی دیاریكردنی چارەنووس) پێـم وایـە ئـەوە ئەنجامگیرییـەك بـوو ئەگـەر بەپـەیوەند بەمەسەلەی ڕووسیاشەوە نەبێ ئەوە بەپەیوەند بەبارودۆخی تایبەتی دنیـای ئـەو زەمانـەوە خرایـە ڕوو. شـیعارێك بـوو لەبەرانبەر مەسەلەی داگیركردنی ووڵاتان و كۆلۆنیالیزمدا كە بەدرێژی هەندێ لایـەنیمان بـاس كـرد. لەلایـەكی تریشـەوە ئەنجامگیرییەك بوو كە لـەبارودۆخی زاڵبوونـی نـیزامی قەیصریـەوە دەركێشـرابوو وەكـو سیسـتمێكی اسـتبدادای كـۆن كەكۆمەڵێك گەلانی تری ملكەچ كردبوو وەكـو بەشـێك لـەو اسـتبدادەی لـەناو ڕووسـیادا سـەپاندبووی بەسـەركرێكاران و جووتیاراندا. ئەو دوو خاڵە بنەمای ئـەصڵی بـوون بـۆ ئـەو ئەنجامگیرییـەی لینـین كردی و حاصڵەكـەی ئـەو شـیعارەی سەرەوەبوو. بەڵام لینین هەرگیز نەیكرد بە حوكمێكی هەتاهەتایی كە بۆهەموو شوێن و سەردەمێك بەكاربهێنرێ و كاتـێ كۆمۆنیستەكان لەهەركات و شوێنێكدا بەرنامەیان نووسیی و پلاتفۆریان داڕشت بێ سێ و دوو بنووسن(ئێمە داواكاری مـافی دیاریكردنی چارەنووسین بۆ هەموو گەلان). ئەوە باری مێژوویی و تیۆری مەسەلەكەیە بەتایبەتی لای لینین.

هەرچی باری سیاسی مەسەلەكەیە ئەویش هەمان بایەخی هەیە بۆئێمەی كۆمۆنیسـت. ئێمـە تەنانـەت گـەر لینینـش بەو جۆرەی بكردایە و ئەو شیعارەی بكردایە بەحوكمێكی یەكجاری ئەهاتین و ئەمان ووت: ئیتر ئەوە بەسەرچوو. ئـەمان ووت ئەوە حوكمێك بـوو بۆئـەو سـەردەمە دەگونجـاو ئیتر نـەك بایـەخی خـۆی لەئێسـتادا لەدەسـتداوە، بگـرە مانـای خراپیشی پەیداكردووەو باری سەلبی هەیە. بۆ نمونە هەر ئێستا لـەئێراندا وەكـو ووڵاتێكـی پێكـهاتوو لەچـەندین گـەل، خەڵكی ئازەری لەڕووی ژمارەو تەركیبەوە لەكورد زیاترن و بەپێی دەركە باوەكانی ئەمڕۆ خاوەنی سـەروەری قـەومی و چـی و چـین، هـەموو ڕەگـەزەكانی قەومییـەتیان تیادایـە. بـەڵام كاتـێ داخـوازی و هەسـتی قـەومی لـەناویاندا گەشـەی

نەکردووەو لەئەنجامدا نەبووە بەبزووتنەوەو مەسەلەیەکی سیاسی، ناکرێ وەکو کۆمۆنیست هانیان بـدرێ بـۆ داواکـاری مافی دیاریکردنی چارەنووسو بلێی: ئێوە تائاستی جیابوونەوە مـافی خۆتـان هەیـەو لەهـەر ئـالۆگۆڕێکدا لـەئێران هاتـە پێشو دەسەلاتی مەرکەزی لاواز بوو جیاببنەوە یان جیابوونەوە مافی بێ‌ئـەملاولای خۆتانـە. ئێمـە ئەگـەر بـەپـێی ئـەو دەرکە سوونەتی‌یەی کەناونراوە(حەقێکی لینینی) ئەو شیعارە بـەو مانـا گشـی‌یەی بەرزبکەینـەوە ئـەبێ لەحاڵـەتی وادا پشتیوانی لەو گەلە یان لەو گەلانە بکەین گەر خۆشمان هانیان نەدەین بۆ هەڵگرتنی ئەو شیعارە.

ئێمە لەبارودۆخی ئەمڕۆدا واناکەین، لەم سەردەمەدا بەتایبەتی بەو ئالۆگۆڕانـەی کەبەسـەر بزووتنـەوە قەومیـەکانو مەسەلەی قەومیاتدا هاتووە لەهەرشوێنێك زوڵمی قەومی کاردانەوەیەکی لەناو گەلی فلانـیدا دروسـت کردبـێو تائاسـتی مەسـەلەیەکی سیاسـی بـەرچاو هاتبێتـە پێشـەوەی شـانۆی ململانـێ سیاسـیەکان لـەو وولاتــەدا(تەنانــەت بــەبارە کۆنەپەرستەکەشیداو بووبـێ بەبزووتنەوەیـەکی کۆنەپەرسـت لـەباری سیاسـیەوە)ناچـارین کـەجدی مامەڵـەی لەگـەڵدا بکەینو شـیعاری بـۆ تـەرح بکـەینو هەڵوێسـتی لێوەرگریـن، یـا ئـەو بزووتنەوەیـە لەچوارچێوەیـەکی پێشـکەوتنخوازدا هاتبێتە سەر شانۆ.

لایەنێکی تری مەسەلەکەش هەیە پێویستە باسی بکەم. ناکرێ هـەر حزبێـكو دوو گـروپ یـا کۆمـەڵێ چـەکدار دایـان بەشاخداو لەژێر ناوی (مافی زەوتکراوی نەتەوەییدا)خۆیـان ڕاگـەیاند، ئیـتر بووتـرێ ئـەوە هـەڵگری پـەیامی نارەزایـەتی خـەڵکی مـاف زەوتکـراوی ئـەو گەلـەن. هـەر ئێسـتا لـەعێراقدا لـەچوارچێوەی تووندبوونـەوی کۆنەپەرسـتی سیاســیو پەرەگرتنی ناسیونالیزمی بۆرژوازیدا، چەندین حزبو ڕێکخراوی کۆنەپەرستی تورکمانی پـەیدابوون، هـەموویان ئامانجـە ڕاسـتەقینەو سیاسـەتە کۆنەپەرسـتانەکانی خۆیـان لـەژێر پـەردەی داواکردنـی مـافی نەتــەوەییو فەرهــەنگی خــەڵکی تورکماندا دەردەبرن، هیچ یەك لەوانە ڕەنگدانەوەی داواکاری لەو جۆرەی خەڵکی تورکمان نین بگرە زۆریـان ڕاسـتەوخۆ سیاسـەتو مەرامـەکانی تورکیـا لـەعێراقدا بەڕێوەدەبـەنو ئـایدۆلۆژی (تورانیـەتی گـەورە)یـان هـەڵگرتووە، ئاشــکرایە لەبەرانبەر بەم مەسەلەیەدا، سەرباری پێداگرتنمـان لەسـەر مـافی سیاسـیو فەرهـەنگی یەکسـان بۆخـەڵکی تورکمـان چ لەچوارچێوەی ئێستای کوردستانو عێراقداو چ لەهەر ئالۆگۆڕێکدا کەلەعێراق ڕووبـدات، بـەڵام هـەم ئـەو حـزبو لایەنـە سیاسییانە بەهەڵگری پەیامێکی کۆنەپەرسـتی قـەومی بـەرچاو تەسـك دەناسـینو هـەم خـەڵکی تورکمـانیش لـەجیاتی بەرچاو تەنگی قەومی بانگـەواز دەکـەین بـۆ برایـەتیو تـەباییو پێکـەوە ژیـانی ئازادانـەو یەکسـانانانە لەگـەڵ خـەڵکی کوردستانو گشت عێراقداو شیعاری (مافە نەتەوەییەکانی تورکمان) بەشیعارێکی کۆنەپەرستی سیاسی دەناسین.

بۆرجوازی گەلانی زوڵم لێکراو ساڵەهای ساڵە بەسـوود وەرگرتـن لـەجیاوازی قـەومی ئـەو گەلانـە بەسـیچ ئەکـەنو بۆمەرامی تەسکی ناسیونالیسـتی خۆیـان بـەکاریان دەهێنـن. بۆرجـوازی هەمیشـە هـەوڵی داوەو ئـەدا لـەو حاڵەتانـەدا مەسەلەی وجودی زوڵمی قــەومی بگـۆڕێ بـۆ مەسـەلەیەکی سیاسـی گـەورەو ناسـیونالیزم بەسـەریدا زاڵ بکـات. بـەڵام زەمینەی مەوزوعی بۆ سەرکەوتنی لەوەدا لاواز بووە. چونکە سەرمایەداری بۆ نمونە لـەعێراقدا وەزعـی هـەموو خـەڵکی عێراقی چوونیەك لەبارودۆخێکی زۆر دژواری (یەکسان!)دا ڕاگرتـووە گـەرچی جیـاوازیو زوڵمـی قـەومیش هـەرمابێ یـا پەرەشی سەندبێ.

بۆدەرخستنی بارودۆخی سیاسی مەسەلەی کورد بـەرواووردێك لـەنێوان ئـەو مەسـەلەیە لـەعێراقو ئـێراندا، سـەرنج ڕاکێشو بەسوودە.

نارەزایەتی خـەڵکی کوردسـتانی عـێراق لـە دژی سیاسـەتی دەوڵـەتی مەرکـەزیو لـەدژی زوڵمـی قـەومی پیـادەکراو لەسـەریان، لەناوخـەڵکداو لـەژێرەوە، خەسڵەتێکی پێشـکەوتنخوازی هەیـە، لــەوێ بـەهۆی زۆر شـتەوە، بۆرجــوازی ناسیونالیستی کورد کەمتر توانیویەتی داواکاریەکانی پەیوەندیدار بەبزووتنەوەی میللی خەڵکی کوردستان بەسیاسـەتو میولی ناسیونالیستی خۆیەوە بلەوتێنێ. دیارە شۆڕشی ئێرانو تەجروبەی سیاسی چینی کرێکـاری کوردسـتانی ئـێرانو بەهێزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپ لەوێو هەروەها بەهێزی بزووتنـەوەی کرێکاریو کۆمۆنیسـتی لـەباقی ئـێرانو

بوونی شـوێنەکانی تـری ئـێران بـە سـەنتەری هەڵسـوورانی کرێکـاریو سۆسیالیسـتی، دەوری بـەرچاویان هـەبووە لـەو مەسەلەیەدا.

دیارە ئەم فاکتەری دواییان بەتایبەتی دەوری خۆی هەیە گەر بۆنمونـە زوعفـی بزووتنـەوەی کرێکـاریو ڕادیکـاڵیزمو سۆسیالیزم لەباقی شوێنەکانی عێراقدا لەگەڵ ئـێران بـەراوورد بکـەین. ئـەوە لـەئێراندا، سـەرباری بـەهێزی شـۆڤینیزم لەڕیزی بۆرجوازی ئێرانیدا، ڕێی گرتـووە لـەوەی کـەبتوانێ جـەماوەری ئـێرانی زەهـراوی بکـاتو شـەڕی نەتـەوەکانو بەرانبەرکێی قەومی لێبکەوێتەوە. سەرجەم ئەوانەو بەتایبەتی تاقیکردنەوەی ڕاپـەرینی شۆڕشـگێڕانەی 1979ی ئـێران دەوریان بووە کەبزووتنەوەی میللی خەڵکی کوردستانی ئێران لەچوارچێوەیەکی پێشکەوتنخوازدا دەربکەوێ.

لەلایەکی ترەوە لەکوردستانی ئێران، بزووتنەوەی میللی بـەو بـەهێزو توونـدیـە نییـە لـەچاو کوردسـتانی عـێراقدا، بەڵام لەکوردستانی عێراقدا لە 30– 40سـاڵی پێشـووەوە بەتایبـەتی لـە 10 سـاڵی ڕابـووردوودا، ناسـیونالیزمی کـوردو حزبـە سیاسـییەکانی توانیویانـە بیروبـاوەڕی بـەرچاو تـەنگی ناسیونالیسـتیی زاڵبکـەن بەسـەر بزووتنـەوەی میللـیو هەڵسووکەوتی دژی قەومی خەڵکی کوردستانی عێراق، هەڵبەتە ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێ کـەزەروورەتی چارەسـەرکردنی مەسەلەی قەومی کورد لەعێراقدا مولیح ترو زەقترە. چونکـە هـەم برینێکـی قووڵـتری کردۆتـە جەسـتەی خـەڵكو هـەم تەحدیاتێکی فەوری تری پێکهێناوە بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەکوردستانو عێراق کە نـاکرێ خۆتـی لێبوێـری یـان دوای بخەی. بەو مانایە ئێمە ناچارین خێراترو چالاکتر مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم مەسـەلەیەدا بکـەین لەکوردسـتانی عـێرقدا. دیارە وەڵامەکەی ئەوە نییە بێین لیستێك بکەینەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی قەومیاتی چەوساوە، بـەڵکو ئێمـە لەبەرانبـەر مەسەلەیەکی دیاریکراو هەڵوێست وەردەگرین کەناوی مەسەلەی کوردە لـە عـێرقدا بـەو مێـژووو بارودۆخـە سیاسـییەی ئێستایەوە.

مەسەلەیەکی تر دابەشکردنی خەڵك لەسەر بناغەی قەومی:

لەڕاستیدا دەمێکە ئەو دابەشکردنە حاسڵی زوڵمی قەومی نیە لەزۆربـەی دنیـادا واتـە نـاکرێ دابەشـبوونو هەویـەتی قەومی ڕاستەوخۆ لەزوڵمی قەومیەوە سەرچاوە بگرێ بەتەنهایی.

ئـەو دابەشـبوونو دابەشـکردنە لـەمڕۆی دنیـادا زیـاتر لەسـەر تیژکردنـەوەی تایبەتمـەندی ئـەتنیکی)و ڕەگەزیـە کەڕاسترەوی بۆرجوازی بەتایبەتی لەم سەردەمەدا پەرەی پـێداوە تاخەسـڵەتو هەویـەتی چینایـەتی کرێکـاری ئـەمڕۆ بکات بەناونیشانی پلە دوویی. هەر بۆنمونە لەعێراقدا بەعس کەپشـتی بەسـتووە بەئایدۆلۆجیـەتی ڕاسـترەویی قـەومی، هەمیشە ویستویەتی سوود لەزوڵمێکی مێـژووی کـۆن وەرگـرێ کـە لەخـەڵکی عـەرەب کـراوە، یـا دەسـتی بـردووە بـۆ گەنجینەی کۆنەپەرستی ئیسلامو دەوری (نەتەوەی عەرەب) لەمێژوودا بۆ تیژکردنەوەی دەمارگـیری قـەومی عـەرەبیو عەزەمەت خوازی عەرەبی، ئەوە ئایدۆلۆجیەتی بووە نەك لەسەر بناغەی وجودی ستەمێکی قەومی مەوجود.

لەبەرانبـەر گشـت ئەوانـەدا ئێمـە تـەئکید لەسـەر خەسـڵەتی چینایـەتی کۆمـەڵگای عـەرەبو عـێراق دەکەینـەوە چ لەبەرانبـەر مەسـەلە قەومیـیـەکاندا، چ لەبەرانبـەر هەسـتی میللـی نـاو خـەڵکداو چ لەبەرانبـەر ئـەو شـکلو شـێوانەی ناسـیونالیزمی عـەرەبیو کوردیدا کەئایدیۆلۆجیـەتی ڕێكوڕەوانـی بەشـێکی گـەورەی بۆرجـوازی ئێرەیـەو سـەرباری جیاوازی دانان لەنێوان ئەو سێلایەنەی مەسەلەکەدا، ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن بـۆ ڕەواندنـەوەی گشـتیانو زەقکردنـەوەی خەسڵەتی چینایەتیو هەویەتی واقیعی خەڵکی ئێرەو نیشاندانی ناکۆکی ڕیشەیی نێوان بەرژەوەندی کرێکـاری عـەرەب لەگەڵ ناسیونالیزمو بۆرجوازی عەرەبدا، لەنێوان کرێکاری کوردو ناسیونالیزمو بۆرجوازی کورددا و ...تاد.

پرسیارێکی تر هەر سەبارەت بەمەسەلەی قەومی ئەوەیـە: ئایـا بیروبـاوەڕی میللـیو قـەومی خـودی خـەڵك، بـەدەر بـەوەو لەکاریگـەری ناسـیونالیزم بەسـەریەوە، قـابیلی ئەوەیـە ئیمتیـازی پـێبدرێ یـان تەنانـەت بـێدەنگ بـین لەبەرانبـەریدا؟ بـەبڕوای مـن حەتمـەن نـا. ئـەبێ چ لـەڕووی سیاسـییەوە و چ لـەڕووی فکرییـەوە ئـەو بیروباوەڕانـە لەناوخەڵکدا زەعیفو سەرەنجام پاکتاوبکەین، دیارە جگە لەڕەخنەی ئایدیۆلۆجیو تەشهیری بەردەوام، بۆ ئەنجامدانی وەها کارێك ئەبێ ڕێگەچارەیەکیش ببەینە نـاو خەڵکـەوە تـا سـەرچاوەی ئـەو بیروبـاوەڕە میللیيانـەو ناسـیونالیزمیش

ووشك بكات، چونكە ئەنجامدانی ئەوە تەنیا بەتەشهیر نایەتەدی. بەکورتی ڕەخنەو تەشهیر بەناسونالیزمو میللی گەرایی، جگە لەوەی کەخۆیان ئایدۆلۆجییەکن، بەڵام لەناوچوونی زوڵمی قەومی، ئیتر لانی کەم زۆر زەعیفیان ئەکاو ئەوکاتە بۆ خەڵك دەردەکەوێ کەئەوانە ڕەوتی فکری بۆرجوازینو براونەتە ناو خەڵکەوەو هیچ مەشروعیەتێکیان نیە، هەڵبەتە ئەبێ ئەوانە جیابکەینەوە لەداوای عادیلانەی خەڵك بۆلاچوونی زوڵمی قەومیو هەوڵیان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی.

هەروەها بۆ دەربڕینی سیاسەتو هەڵوێستمان، ئێمە سوود لەدەستەواژەی گەلانی ژێردەستو سەردەست ناکەینو ئەوە مانایەکی مادیو واقعی نیە لەئێستادا. خەڵکی عەرەبی عێراق گەر زوڵمی قەومیان لەسەر نیە، بەڵام لەلایەن بۆرجوازی عەرەبیەوە، لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبو ڕژێمی بەعسی قەومی عەرەبیەوە، زۆرترین زوڵمیان لێئەکرێو هەر ئەوەشە پایەی شۆڤینی عەرەبیو ناسونالیزمی لەناویاندا لاواز کردووە.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە، ئایا ئێمە تەرویجو بانگەشە بۆ جیابوونەوە ئەکەین بەگشتیو لەعێراقدا بەتایبەتی؟ نەخێر. گەر وابکەین دەبێ ئێران ببێ بە 5–6 پارچەوەو وەکو یۆغسلافیای لێدێ. لەکوردستانی عێراقیشدا بەدەلائیلی تر ئەوە شیعاری ئێمە نیە.

بەڵام لەعێراقدا، گەر هەر لەسەرەتای بیستەکانەوە، دەوڵەت لەسەر ئەساسێکی عەلمانی پێکبهاتایە، هەر لەو چوارچێوە بۆرجوازیەشدا، ئەوا زۆر لەئازارەکانی خەڵکی کورد کەم دەبووەوە. ئێمە پێمان وایە ئێستاش زەمینەو ئیمکانی پێکهاتنی دەوڵەتێکی عەلمانی لەبارە لەعێرقدا. لێرەدا وەکو یۆغسلافیا شەڕی نەتەوەکان ڕووی نەداوە، پێکەوە ژیانی یەکسانانە ئیمکانی هەیەو دەوڵەتێکی عەلمانی لەسەر پایەی مافی یەکسانی هاووڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەویەتی قەومی، لەناو خەڵکدا ئیعتباری خۆی هەیە، بەڵام لەسەر پایەی چارەی مەسەلەی کوردو دان نان بەمافەکانی خەڵکی کوردستانو ڕێزگرتن لەئیرادەی عادیلانەی ئەوان. لێرە دەردی هاوبەشو ئامانجی هاوبەشی خەڵکی عێراق لەبەرانبەر ڕژێمی ناسیونالیستی عەرەبی بەعسدا، زەمینەی باشی بۆ ئەو بەدیلە ڕەخساندووە. ئەوە ناوەڕۆکی هەڵوێستی ئێمەشە بۆ دواییهێنان بۆهەڵاواردنی قەومی، گەر ئەم ڕێگەیە لەگەڵ جیابوونەوە بەراوورد بکەین نەك هەر لەگەڵ جیابوونەوە بەڵکو تەنانەت لەچاو فیدرالیزمیش پایەو ئیمکانیەتی بەهێز ترە.

**نزار عبدالله:**

مەسەلەی یەکسانی مافی نەتەوەکان لەچوارچێوەی یەك وولاتدا زۆر پێش فۆرمۆڵی (مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس ...) بوو، بەشێکی زۆری سۆشیالیستەکانی ئەوروپا لەبەرنامەکانیاندا باسێکیان دەربارەی یەکسانی نەتەوەو مافی کەمایەتییەکان بوو. ئەو هەوڵو ڕێگەچارانەی دەوریگێڕا لەنەهێشتنی هەڵاواردنو زەمینە ڕەخساندن بۆ پێکەوە ژیانی ئازادانە. ئەوکات بزووتنەوەکان زیاتر بناغەو بنچینەیەکی نیشتمانییان هەبوو وەك لەقەومی. بەلایانەوە گرنگ بوو کەهەڵاواردن (التمیین) نەبێ یان کەم بکرێتەوە. دیارە بوونی هەڵاواردنو پەیڕەوکردنی ڕەنگە بۆخۆی بنەمایەك بێ بۆ هاتنە ئاراوەی جووڵانەوەی سیاسیو سەرەنجام زەمینە خۆشکردن بۆ بەرانبەرکێو پێکدادانی دوو قەومییەت یان دوو نەژادی دیاریکراو. لەبەرئەوە بەشێکی گرنگی هەوڵەکان بۆ مافی هاووڵاتی بوونی یەکسانو بەهرەمەندبوونی ئەندامانی نەتەوە جیاوازەکان لەمافی یەکسان بوون.

ئەگەر لەئەوروپا دوور بکەوینەوەو باسێکی عێراق بکەین دەبینین کە سەرەتا دەوڵەتی عێراق بناغەیەکی نیشتمانیو وولاتی بۆ خۆی پێناسە دەکرد نەك قەومی یان نەژادی. ئەو دەوڵەتە کە لەساڵی 1921 دروست بوو پشتی بەچەوسانەوەو زوڵمی قەومی نەبەستبوو. بەڵام بەهۆی گەشەکردنو سەرهەڵدانو پەرەسەندنی بزووتنەوەو جووڵانەوە قەومییەکانی عەرەبو کوردەوە ئیتر بزووتنەوەی نیشتمانی پاشەکشەیەکی گەورەی پێکراو ڕەوتی قەومی باڵادەستی

پەیداکرد تائەو ڕادەیەی کەدەوڵەتی عێراق لەدەستووری کاتی 1958دا کوردو عەرەبی وەك دوو قەومی‌یەت پێناسەکردو بەشەریکی یەك وولاّت‌و نیشتمان لەقەڵەمی دا.

دیارە کەباسی شەریکایەتی‌و دابەشبوونی قەومی لەبری یەکسانی نەتەوەکان‌و هاوولاّتی بوونی یەکساندان هاتە ناوەوە ئیتر مەسەلەی تدرج‌و پلەپلە بوونیش خۆی دەسەپێنێ. کام قەوم زۆرترەو کامیان کەمترە، کامیان مەزنترەو مێژووی شارستانیەتی هەیەو کامیان نی‌یەتی، کامیان ... تاد. قەوم پەرستە عەرەبەکان زۆر لەوانەش واوەتر دەڕۆشتن‌و دەیان ووت قەومی عەرەبی دەسکردی خوایەو دیاردەیەکی پیرۆزەو قورئانی بۆ هاتووەو باشترین قەومی سەر زەوی‌یەو ... تاد.

کاتێك لاپەڕەکانی ئەم مێژووە هەڵدەدەینەوە دەبینین کە زۆر شت کەڵەکەبووە لەسەریەك‌و زەربەی کاریگەری داوە لەهاوژیانی خەڵك. دیارە ئەگەر کۆمۆنیستەکان‌و چینی کرێکار لەعێراقدا دەسەلاّت بگرێتە دەست هەموو ئەندامانی کۆمەڵ، بێ‌جیاوازی یان لەسەر بناغەی قەومی‌یەت‌و ڕەگەزو دین‌و شتی لەو جۆرە لەبەرانبەر یاساکاندا هاوولاّتی یەکسانن. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بۆ جێبەجێ‌کردن‌و چەسپاندنی مافی هاوولاّتی بوونی یەکسان ناکرێ چاو لەهەندێك تایبەتمەندی بپۆشین، ناکرێ گرفت‌و کێشەکانی دەیەکانی ڕابووردوو نەبینین‌و بەرامبەر ئەو بێ‌متمانەیی‌و دووبەرەکی‌یەی ڕیزەکانی خەڵکی لەبەریەك ترازاندووە بێ دەربەست بین. لەو حاڵەیشدا ئەبێ تایبەتمەندی قەومی‌و ئیقلیمی لەپێش چاو بگری، خواستی خەڵکێك کەزوڵمی لەسەر بووە حسابی بۆبکەیت‌و ئیرادەی ئەوان نەخەیتە پشت گوێ. ئەوە زیاتر کۆمەك دەکات بە هاوژیانی‌و لێکچوون‌و ئندماج‌و ئاوێتەبوون لەگەڵ یەکتردا نەك بەپێچەوانەوە.

## سالار صابر

ئەو دوو هاوڕێیە (نزارو احمد) تأکیدیان لەسەر مەسەلەیەك کردەوەو ووتیان ئەگەر لەساڵی (1924)دا لەعێراق حکومەتێکی وەتەنی یان عەلمانی دابمەزرایە مەسەلەی میللی‌و کێشەی میللی لەوانەبوو شکلێکی تری بەخۆوە بگرتایەو ئەم کێشەو ململانێ‌و زوڵمە قەومی‌یە ڕەنگە بەوجود نەهاتایە، یائەهوەنتر(سوکتر)بووایە لەباری سیاسی‌یەوە. من تەصەورم وایە (1924) دوای پێکهاتنی حکومەتی عێراقدا شێوەیەك مساواتی قەومی هەبوو، کەس بەناوی قەومی‌یەوە نەدەچەوسایەوەو زوڵمی لێ‌نەئەکرا، لەجێگاو شوێنی خۆی دەرنەدەکرا، مافی نیشتەجێبوونی لێ‌زەوت نەدەکراو بەئینسانی پلەدوو هەڵس‌وکەوتی لەگەڵدا نەدەکرا، لەساڵی 1958 بەدواوە تەحەولی سیاسی بەرەو دەسەلاّتی قەومی سەری هەڵدا، ناسیونالیزمی عەرەب بوو بەڕەمزی دەسەلاّت لەعێراقدا، هەر لێرەوە بەڕەسمی‌و بەپێ‌پەردە زوڵمی قەومی بەئاشکرا لەعێرقدا بەڕێوەچوو وە هەویەتی قەومی عەرەبی بەبەرۆکی دەسەلاّتدا کرا، بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی(استقلال) لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبەوە بوو بەیەکێك لەپایەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و گەشەی سەرمایەداری لەعێراقدا، دواتر بەپێی هەندێ ڕیفۆرم‌و شیعاری ڕواڵەتی پێشکەوتووخواز توانی بەسیجی هێزی خەڵك بکات‌و شانسی مانەوە پەیدابکات. دیارە ناسیونالیزمی کورد لەو بارودۆخەدا تادەهات فاصڵەو نێوانی وەك ئۆپۆزسیۆنی قەومی لەدەسەلاّتدا زیاد دەبوو وە زوڵمی قەومی زیاتر ڕەسمیەتی وەردەگرت.

لەشوێنێکی تردا هاوڕێ باسی ئەوەی کردو ووتی ئەصڵی پایەی ناسیونالیزمی کورد تەنها لەچەوسانەوەی قەومی‌یەوە شکڵی نەگرتووە، منیش تەصەورم وایە ناسیونالیزمی کورد بۆ ئەو سەردەمە واتە لەناوەڕاستی سی‌یەکان‌و چلەکانەوە لەبەرامبەر زوڵمی قەومی‌دا سەری هەڵنەدا، بەڵکو زۆرتر بەرەنجامی فکری ناسیونالیستی بوو. بەلاّم من پرسیارەکەم ئەوەیە کەبۆچی لەتورکیا بەو شێوەیە نەبوو خۆ حکومەتێکی عیلمانی لەساڵی (1908 یان 1910) دامەزرا، بەلاّم زوڵمی قەومی لەتورکیا زۆر زیاترو هەمەلایەنەو مێژوویەکی درێژی هەیە لەسەرکوتی ئەو میللەتانەی لەژێر سایەی ئەو حکومەتە عیلمانی‌یەدا

بوون؟ لێرەوە تەبیعەتی ئەو ڕژێمانەو شۆڤینیزمی قەومی، عەزەمەت خوازی(تورك و فارس و عەرەب)ی بۆ دەسەلاتو حاكمیەت دیاری كردووە.

**ئاسۆ غریب**

من لەو قسانەی دوایی هاوڕێ نزارەوە دەست پێدەكەم لەسەر مەسەلەی یەكسانی لەنێوان نەتەوەكاندا، ئەگەر ئەو تێبینیانەی ئێوە( چ ئەوەی هاوڕێ ئەحمەد، چ ئەوەی هاوڕێ نزار) لەئەنجامی ئەوەوە هاتبێ كەمن باسم كرد سەبارەت بەیەكسانی نەتەوەكان، تۆزێك جیاوازی هەیە، من خۆم بەتەواوی لایەنگری ئەوەم كەتەنانەت وەك ڕێگەچارەی دیاریكراو و تایبەت، ماف هاووڵاتی بوونی یەكسان، دیارە بەو تایبەتمەندییانەوەیە كەئێوە باستان كرد، تەئكیدی لەسەر بكرێ و وەك ئەلتەرناتیڤی ئێمە بخرێتە ڕوو.

من بڕوام وایە كاتێك لەچوارچێوەی وولاتێكی فرە نەتەوەدا باس لەماف هاووڵاتی بوونی یەكسان دەكەیت، ئەمە ڕاستەوخۆ بەمانای لەبەرچاوگرتنی كلتور، ڕۆشنبیری، زمان، خوێندنو ئەو جۆرە شتانەشە بۆ هەموو میللەتەكان وەكو یەك، نەك هەر ئەمانە بەڵكو دەبێ لەهەموو ئەو بوارانەدا كارئاسانییان بۆ بكرێ و زەمینەی سڕینەوەی ڕێگرییە مێژووییەكان فەراهەم بكرێ. ئەمە ڕێگایەكی زۆر خێراو كارایە بۆ سڕینەوەی ئەو قڵشتو ئاسەوارە زیانبارانەی كەچەوسانەوەی نەتەوەیی و جیاوازی نەتەوەیی پێكیهێناوە لەعێراقدا.

بەڵام ئەوەی كەمن باسم كرد لەبابەت یەكسانی نەتەوەكانەوە، واتە ئەو فۆرمۆلەی كەلینین بە فۆرمۆلی (ماف دیاریكردنی چارەنووس) ڕەخنەی لێگرتو ڕەتی كردەوە. زۆر فراوانتر بوو لەوە، فراوانتر بوو لەیەكسانی قەومی نێوان كوردو عەرەب لەچوارچێوەی عێراقدا(بۆنمونە). واتە ئەوە باسی بۆرژوازی بوو بۆ داپۆشینی چەوسانەوەی نەتەوەیی(نەك نەهێشتنی) بەناوی یەكسانی میللەتە جۆراوجۆرەكانەوە بۆنمونە كاتێك (استعماری بەریتانی دەستی بەسەر ژمارەیەك لە وولاتانی ڕۆژهەلاتدا گرتووە. دروشمی یەكسانی نێوان نەتەوەكان هیچ مانایەكی نییەو بەو شێوە گشتییە ناتوانێ هیچ لەواقعیەتی جیاوازی نێوان نەتەوەی ئینگلیزو نەتەوە ژێردەستەكان بگۆڕێ، بۆیە ئەو فۆرمۆڵە لەباری حقوقییەوە بەتەواوی فۆرماڵیەو لەباری سیاسییەوە هەڵخەڵەتێنەرانەیە. لینین ئەمەی لەگەڵ یەكسانی نێوان كرێكارو بۆرژوازی لێكچواند، وەك لەپێشەوە باسم كرد.

ئەو یەكسانییەی كەبۆرژوازی باسی دەكات، هەم لەنێوان چینەكانو هەم لەنێوان نەتەوەكاندا، خۆ لەعێراقیشدا بووە، حكومەتی بەعس عێراق وەك خاكو وولاتی هەمووان باس دەكات بەبێ جیاوازی فەقیرو دەوڵەمەندو كوردو عەرەب، بەڵام لەڕاستیدا پووچی ئەم یەكسانییە هەر لەیەكەم هەنگاوی بەدوادا چوونی ئەو مەسەلەیەدا بۆ هەركەسێك كەبیەوێ دەردەكەوێ و تێدەگا كەنەچینەكانو نەنەتەوەكان لەڕوانگەی ئەو ڕژێمەوەو لەسایەی ئەو ڕژێمەدا نەك هەر یەكسان نین بەڵكو جیاوازی زۆریش دەكرێنو ئەو جیاوازییانە هەم لەباری حقوقیو هەم لەباری ماددیشەوە قانونمەندی خۆیان پەیداكردووەو لەپەیوەندی ئاسایی ڕۆژانەدا بەرهەم دێنەوە.

كەواتە (یەكسانی نەتەوەكان) كەبۆرژوازی بەشێوەیەكی فۆرماڵی باسی دەكات زۆر جیاوازە لەگەڵ ماف هاووڵاتی بوونی یەكسان كەئێستا ئێمە وەكو فۆرمۆڵێك بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوان نەتەوەكانو شەڕی نێوانیان لایەنگریی لێدەكەین.

هاوڕێ نزار باسی ئەوەی كرد كە ئێمە لەهەڵوێستماندا سەبارەت بە مەسەلەی میللی لەگەڵ هەر حاڵەتێكدا بەجیا واتە بەشێوەی (منفرد) مامەڵە دەكەین، هەموومان لەسەر ئەوە ساغبووینەوە. بۆنمونە ئەم حاڵەتەی مەسەلەی میللی لەكوردستانی عێراق مەرج نییە بەپێی ئەحكامو بەرنامە وەك حاڵەتی كوردستانی ئێران یان توركیا یاخود فەلەستین ڕێگەچارەی هاوبەشو لێكچوویان بۆ پێشنیار بكرێ ئەگەر خۆی بەشێوەی واقعی لێكچوون لەنێوانیاندا نەبێ. هەتا ئێمە لایەنگری هەموو سەربەخۆبوونو جیابونەوەیەكیش ناكەین، ئێمە بەپێی بەرژەوەندی زۆربەی خەڵك و بەتایبەتی بەرژەوەندی كرێكارانو خەڵكی زەحمەتكیش تأییدی فلانە ڕێگاچارە دەكەین یان ڕەتی دەكەینەوە. جیابوونەوەو سەربەخۆبوونێك ئەگەر بەزەرەری خەڵكی كوردستان بێت، بۆنمونە ئەگەر ئەمریكا بۆمەبەستی خۆی دەوڵەتێك

لەکوردستان پێکبێنێ کەکێشەو نارەحەتی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان دروست بکات ئێمە تأییدی ناکەین لەبەرئەوەی تەئییدی ئەوە ناکەین میللەتێك بەتـەواوی ببێتـە کایـەی دەسـتی وولاتێکـی ئیمپریالیسـتی. بۆیـە مـن پێـم باشـە ئـەو مەسەلەیە هەم لەخودی ماناکەیدا هەم لەخودی حاڵەتەکەداو هەم لەخودی شێوەکەیدا منفرد مامەڵە بکرێ.

بـەڵام ئایـا ئێسـتا لەکوردسـتان کەحاڵـەتێکی دیـاریکراوی هەیـە، ئەگـەر خـەڵکی کوردسـتان بەزۆربـەی دەنـگ لەریفراندۆمێکدا داوای ئەوەی کرد کوردستان لەعێراق جیابێتەوە، جـا سـەربەخۆ لـەوەی ئێمـە چیمـان پێباشـەو چـی پێشنیار دەکەین، هەڵوێستمان چ دەبێ؟ بەرای من ئەوە وەك ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەبێ بەرەسمی بناسرێ.

هەڵبـەت ئەمـە نـەك لەبەرئـەوەی کەسـانێك هـەن بـەزمانێکی هاوبـەش قسـەدەکەنو کـەلتورێکی تایبـەتییان هەیـەو نەتەوەیەکیان پێکهێناوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کێشەیەکی سیاسی بەو ناوەوە هەیـەو بووەتـە گرفـتو رێگـر لەبـەردەم گەشەو بەرەو پێش چوونی ئەم کۆمەڵگایەو هەمیشـە بیانوویەکـە بـۆ توونـدکردنـەوەو پـەرەپێدانی هـەردوو بـۆرژوا ــ ناسیونالیستی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەوە.

## احمد معین

من لەسەر ئەو قسانەی پێشووی هاورێ ئاسۆ بەشێکی کوللی بوو، بەشێکی ئـەوەندە مشـەخەص کـردەوە ئینسـان ئەتوانێ قسەی لەسەر بکات. سۆسیالیزم حەرەکەتێکی قائم بەزاتە بەپەیوەند بەمەسـەلەی میللیـەوە بـەدوورو درێـژی باسمان کرد ووتمان بەلایەکە، رێگرێکە، لەووڵاتانێکی تاك قەومییەتدا رێگر کەمترە لەم مەیدانەدا، رێگری قەومی هەیـە لەبەردەم وەحدەتـی چیـنی کرێکـار، لەوەیـە لـەوێ بـەناوی دینـەوە تمییزیـان کـەن، بـەناوی ژنو پیـاوەوە، کەئەوانـە زەعیفترن بۆ بۆرژوازی بەڵام ئاسانتر ئەوەیە بەناوی جیاوازی قەمی‌یەوە تەمییزیان بکـا، ریشـەیەکی تـەئریخیو مـاددی کۆنکریت تـرو بەرجەستەتری هەیـە. دووەمیشـیان حەرەکـەی سۆسیالیسـتی وەکـو ووتم حەرەکەیـەکی قـائم بەزاتـەو قانونی خۆی هەیە، پایەی خۆی هەیەو هێزی محەرکی خۆی هەیە، ئێستا حەرەکەتێك هەیە لەناو مثقفینیشدا دیفاع لـە سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم دەکا، بەڵام 100 ساڵی تر بەقووەت بێتەوەو گەشەبکا، بەرنامە دانێ، ناتوانێ خـۆ سۆسـیالیزم تەحقیق بکات، سۆسیالیزم مەجموعەیەك ثوابتی پایەداری هەیە، ثوابتەکان نظری نین، لەواقعەوە هەڵهێنجراوە، چیـنی کرێکار ئەنتی تێزی سەرمایەداریە، چینی کرێکار وەکو هێزێکی رووخێنەری ماددی سەرمایەداری ئـەنتی تـێزی علاقـاتی انتاجی سەرمایەداریو حاکمیەتی بۆرژوازییە بـەم مەعنایـە، یـەعنی ئـەوە نییـە چیـنی کرێکـار خـۆی هـەڵی بژاردبـێ، مەوقعە عەینی‌یەکەی موئەهەلی دەکا سەرەتا بـۆ سۆسـیالیزم، جابائێسـتا کـەمترین هـێزی فـەعالی سۆسـیالیزمیش بـێ چینی کرێکار ئەو ثوابتانە ناباتە ژێر پرسیار.

ئێمە مەسەلە تاکتیکی‌یەکان هەڵنابژێرین، ئێمـە خـوا خوامـان بـوو فـەزا لەبـەینی سـەرمایەدارو چیـنی کرێکـار رێك لەمبەرەوە جەماعەتێك وەستابنو لەو بەرەوە جەماعەتێك وەسـتابنو بڵێـن دەی بەرینـە گیـانی ئـەوەتا چەوسـانەوە. بۆرژوازی بەم پرۆسەیەدا نەیهێناوە، هـەزاران مەسـائیلی تـری هێناوەتـە نـاوەوەو سـتەم لەسـەر ژنـان، سـتەم لەسـەر قەومیات، ... ئەمانە نەك باشن بۆ سۆسیالیزم خراپن بۆ سۆسیالیزم لەبەر خراپییان ئێمە ئـەڵێین ئـەبێ بـەرخوردێکی سیاسی فەعالیان پێبکەین. لەو شوێنانەشدا کەبوون بەتضحیە ئێمە وەڵامی پێویستیان پێدەدەینەوە.

ئەگـەر جیـاوازی قـەومی نەبوایـە ئێمـە ئێسـتا باسـی مەسـائیلی ترمـان دەکـرد، باسـی کرێمـان دەکـردو ئـەم جەلسـانەمان تـەرخان دەکـرد بـۆ قەزیەیـەکی تـر، اسـتراليا وەختـی خـۆی 200—300سـاڵ لەمـەوپێش شـەعبێکی تیـابووە کەئـەورووپی یـان بەریتانیـیـەکان هـاتوونو داگیریـان کـردووەو کوشـتاریان تیـاکردووە، قـەلاچۆیان کـردوون، ملـكو ئاویـان زەوت کـردوون، ووڵاتەکـەیان زەوت کـردوون، ئـەوانیان لابـردووە خۆیـان هـاتوون، ئـەوان وەکو ئەکسـەریەت بـوون تـادەورانێك بەرەبـەرە بـوون بەئەقەلیـەت، ئێسـتا داوای هیـچ حقوقێـك ناکـەن وەکـو ئـەبۆرۆجینی. چـەپ ئـەچێ رۆژانـە هانیـان ئـەدا، ئێـوە ئـەبۆرۆجین، حـەقی خۆتـان هەیـە، راسـتە شـتیان زەوت کـراوە ماڵیـان بـراوەو لـەدایکو بـاوك جیاکراونەتـەوە، ناوچـەکانیان خزمـاتی نیـە ... لەسـەر ئەمانـە حـەقی

خۆیانە بـەڵام چـەپ ئـەچێت لەسـەر ئـەو ئەساسـە قەومیـیە هانیـــان ئــەدات کەزیندووکردنــەوەی شــتێکی خراپــە، صراعــاتی قــەومی تطویــر دەکــات، خــۆی نیـیــە زینــدووی ئەکەنــەوە. مەبەســتم ئەوەیــە بــۆ تــاکتیك بۆنمونــە مەسـەلەی مەزهـەب ئەگـەر کـاڵ بۆتـەوە زۆر باشـە ئـیتر پێویسـت بـەتاکتیك ناکـات، بـەڵام لـەو شـوێنانەدا کـە هەیـە، ئـەبێ تـاکتیکی سیاسـی رۆشـنی بـۆ تحدیـد بکـرێ، بـەڵام بـەو مەعنایـەی کـەووتمان. هەڵبـەت لەهـەموو شـوێنێکی دنیـادا تـەمییز بـە ئەشـکاڵی جۆراوجـۆر هەیـە. لەهـەر شـوێنێك هـەر کامێکیـان کاریگـەر بـوو تـاکتیك بۆئـەوەیان دادەڕێــژرێ.

**ئاسۆغریب**

ئــەوەی مــن ووتم باســی پــەیوەندی نێــوان شــۆڕش و ئیصلاحاتــە، ووتم سۆســیالیزم بــازێك نیـیـە لەشـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر.

**احمد معـین**

بەشـێك نیـیە لـە محـەرکی سۆسـیالیزم، پێش مەرجێکە، سۆسیالیزم بـەبێ ئەوانە نابــێ.

**ئاسۆ غریـب**

منیـش مەبەسـتم ئەوەیـە کەپـەیوەندییان پێکـەوە هەیـە سـەربەخۆ لەتەعبیرەکـە.

* * *

# سەرهەڵدانی مەسەلەی
# قەومی کورد لەعێراق و ڕابووردووەکەی

**احمد معین**

دیـارە لـەڕووی مێژوییـەوە ئامـاژەکردن بەجـەنگی جیهانی یەکـەم وەك قۆنـاغێك لەسـەرەتای هاتنــە نــاوەوەی مەسەلەی کورد لەمەیدانی سیاسی ناوچەکەدا پێویستە. ئەو وەختە کۆمەڵگای فیودالیزم لەباری سیاسـی و ئابووریـەوە زاڵ بوو بەسەر عێراقدا. بۆیە بەرپەرچدانەوەیەکی زۆر گەورە لەبەرامبەر ئـەو دابەشـکردنەی کەجـەنگی جیهانی کـردی لەکوردستانی عێراقدا نابینرێ، ئەوکاتە دیاربوو بزووتنەوەی نەتەوایەتی زیاتر تابعی ئـایدۆلۆجیـ و دیـنی بەرسـەریدا زاڵ بوو. پایەگایشی لەناو خـەڵکی جووتیـاردا بـوو ڕابەرییەکەشـی لەلایـەن ڕەوتـی وەکـو شـێخ مـەحمودو مـەلاك و شـێخ و سەرۆك عەشیرەتەکانەوە دەکرا. بەڵام لەقۆناغی یەکەمدا ئاشکرا دیابوو کەوتە ژێر کاریگەری دەوڵەتی عوسمانی، هــەتا شێخ مەحمود داخوازی و ستراتیجی ئەوەبووە دەوڵەتی عوسمانی بێتو حوکمی کوردستان بکاتو کوردسـتان کیـانێکی هەبێت سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بێت. دواتر کەدەوڵەتی عوسمانی نەماو کـەمالیزم هاتـە پێشـەوەو ئـەو ئاڵوگۆڕانـەی کەکۆماریی تێدا دامەزرا ئیتر ئەم ئاسۆیە کوێر بووەو لەکوردستانی عێراقیشدا کەوتە ژێر کاریگەری ئەمەوە، بەڵام هــەر لەسەرەتاوە دەستی بەریتانیا ئاشکرا دیار بوو لەهەڵایسانی کۆمـەڵێك مەسـەلەدا بۆئـەوەی ڕێگا بـۆ تـەدەخولی زیـاتر لەعێراقی ئایندەدا بکاتەوە، مەلەسەی موصل بەپەیوەند بەو قەزیەیـەوە لەمنافەسـەی نێـوان بـەریتانیاو فەرەنسـایش مەسەلەی کورد ئیسارە بوو. ئیتر مەسەلەی کوردیش کاریگەری خۆی داناو وەختێ شێخ مەحمود بێئومێد بوو لــەوەی دەوڵەتی عوسمـانی جـارێکی تـر بتوانێ نفوز پەیدابکاتـەوە لەکوردتسـانی عـێراقدا، ئـەو کاریگەریانـەی کەلەشۆڕشـی ئۆکتۆبەرەوە بیستبووی نامە بۆ لینین ئـەنێرێ کەجوابیشـی نەدراوەتـەوە. دیـاربوو کەحەرەکـەی کـوردی مەسـەلەیەك نەبووە، هێزێك نەبوو، بەو محتەوایەشەوە کە مـەترەح بـووە قـابیلی پشـتیوانی نـەبووە لەلایـەن دەوڵـەتێکی وەك ئـەو کاتـەی روسیاوە. حەرەکـەی کـوردی دواتـر کەوتـە ژێـر کاریگـەریی شــێوەی دروسـتبوونی دەوڵـەتی عێراقیـیەوە،

لەسەرەتادا ئومێد وابوو کەمەسەلەی کورد لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسـی داهـاتووی عـێراقدا چارەسـەر بـێ، واتـە سەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراقی لە 924داو دواتر پێکهاتنی تەواوەتی ئەو دەوڵەتە لـە 1925و 1926دا لەڕاستـی‌دا فرسەتێك بوو بۆ چارەسەری مەسـەلەی کـورد بـەڵام ئـەو باڵـە نەتەوەییـە عەرەبی‌یـەی کەسـەری هـەڵدا، ئـەو باڵـەی کەپێشتر لەئەستەمبوڵ خوێندبوویـانو کەوتبوونـە ژێـر کاریگـەری ڕەوتـی نەتـەوەیی وەکـو تورکیـای فـەتاتو اتحـادو تـەرەقی‌و ئەوانـەی کەلـەتورکیا سـەریان هـەڵدابوو، ئەوانـە لەئەسـتەمبوڵ ژیـابوونو زۆربـەیان ئەفسـەربوونو هـــەندێ کوردیش لەمانەوە ئاڵابوو، وەکو جعفر عەسکری‌و ... تاد. کەدواتر بوون بەئەرکانی دەوڵـەتی مەلەکـەیش، ئـەم ڕەوتـە قەومی‌یە عەرەبی‌یە کاریگەریی داناو فشاری هێنـا کـە دەوڵـەتی عـێراقی ڕێگـە نـەدا مەسـەلەی کـوردی چارەسـەرێکی دیموکراتیکانە بکرێ. بەڵام دیارە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی نیشتمانی بوو واتە دەوڵەتێك نەبوو لەسەر بنەمای فکـری قەومی دامەزرابێ عێراقی بوونو هەویەتی هاونیشتمانی عێراقی ئەصڵ بوو، نەلەدەستووری‌و سیاسـەتی دەرەوەداو نـە لەسیاسەتی ناوخۆییدا ئەوە ڕەنگی نـەدابۆوە کەدەوڵـەتی عـێراقی لەسـەر بنـەمای شـۆڤینی، لەسـەر بنـەمای نەتـەوە پەرستی عـەرەب دامـەزرابێ، یـان ئـەوە لاوازبـوو تیـایدا بەتایبـەتی لەلایـەن ڕەوتـی وەك ملـك فیصـلو ئەوانـەی کـە دامەزرێنەری دەوڵەتی عێراقی بوون.

بەڵام ئیتر ئەو پرۆسەیە شانبەشانی ئاڵوگۆڕی ئابوری‌و چینو توێژە کۆمەڵایەتی‌یـە جیاوازەکـان کـە لـەدەرگای ئـەو ئاڵوگۆڕانەدا زۆرانبازییان دەکرد، تازەیی‌و لاوازی دەوڵەتی مەلەکیش بواری ئەوەیدا.

دەوڵەتی مەلەکیش هیچ بەرنامەیەکی نەبوو بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد ئەوەبوو لەیەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامـەزراندن کـەبۆ عـێراق کـرا کوردسـتان وەبەتایبـەتی کـەرکوكو سلێمانی بەشداریيان نـەکردو مقاتەعــەیان کــردو داوایەکیان بەرزکردەوە بۆ کۆمەڵێ نەتــەوەکان. مەبەسـتم ئەوەیـە کـە کەحەرەکـەی کـوردی وەکـو ئـەوەی کـە ئـەریك هۆبزبـام باسـی ئــەکا مەسـەلەی کـورد لـەعێراقدا ئـەوەی تێنەپـەڕاندووە پێشـتر سـەریان هــەڵدابێ، چینــەکانی دەرهاویشتبێ، بەپێچەوانەوە سـەرهەڵدانی حەرەکـەی کـوردی هاوکـات بـووە لەگـەڵ چوونەسـەری تـەوقوعاتو هاتنـە مەیدانی قشری مثقفو قشری متەنەدر ئەوەی ئـەو کاتـە پـێیان ئـەوت وە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی بـۆرژوازی کـورد هاوکات بوو لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا. ئیتر بەرەبەرە مەسەلەی کورد کەوتـە ژێـر کاریگـەریی بەرامبـەرکێی ڕەوتـەکانی بـۆرژوازی بەتایبـەتی ڕەوتـی قـەومی کـوردی‌و ڕەوتـی قـەومی عـەرەبی، ئەمانـە لەسـی‌یەکانو بەتایبـەتی لەچلـەکاندا لەئینقلابی بکـر صدقـی بـەدواوەو ئـەو یاخی‌بوونانـەی لەبـەرزان بـووە، حەرەکـەی دووەمـی شـێخ مـەحمود، چـەندین حەرەکاتی عەشایەری تری وەکو حەرەکەتی مەلا مستەفا کە ئەیانوویسـت ئیتسـفادە لـەزوڵمی قـەومیش بکـەن. بـەڵام محتەواکەی هیچ بەشێك نەبوو لەحەرەکەیەکی قەومی (بەمانای کلاسیکی ووشـەکە) بۆلابردنـی زوڵمـی قـەومی، بـەڵکو حەرەکەتێك بوون بۆ داخوازی محـەلی‌و ناوچـەیی وەکـو بـارزان، بـەڵام ئیـتر لـە جەرگـەی ئـەم ئاڵوگۆڕانـەدا حەرەکـەی قەومی وەکو تەمایلاتێك لەناو خەڵکدا سەری هەڵئەداو ئەرکانەکانی دەوڵەتی بۆرژوازیش خـەریك بـوو ڕۆژ بـەڕۆژ پایـەی دادەکوتاو بەهێزتر ئەبوو، سوپا دائەمەزرا، سەرکوتی داخـوازی خـەڵکیان ئـەکرد، لێدان لەئاشـوورییەکانو حەرەکـەی ئاشـووری، لێدان لـە جووتیـارانی خـوارووی عـێراق، لێدان لەحـەرەکاتی بـارزانو... تـــاد ئەمانــە بــارودۆخێك بــوون کەحەرەکەتی قەومی لە سێبەری ئەمەدا نەشونمای ئەکرد. لەملایشەوە خودی بۆرژوازی قەومی کوردی ئیلـهامو چەکـە فکری‌یەکانی لەبۆرۆژوازی عەرەبی وەرئەگرت. بۆرژوازی عەرەبی قۆناغێك لەپێشـتر بـوو، ئیـتر لـە سـی‌یەکاندا لـەعێراق جەمعیاتی سیاسی‌و ئەحزابی عەرەبی پێکهاتن، هەر لەوەختەشـدا ابراهیـم احمـدو ئەوانـە هـەوڵیانداوە پلاتفۆرمێـك بـۆ مەسەلەی کورد بخەنەڕوو، کتێبێکی بـەناوبانگی هەیـە لـە(1936)دا بەعـەرەبی نووسـیویەتی کەباسـی برایـەتی کـوردو عەرەب ئەکا. بەرەبـەرە ناسیونالیزمی کـورد هـەوڵی‌داوە ئـەم پەرچەمـە بکـات بەپەرچـەمی داخـوازی خـەڵك بۆهاتنـە مەیدانی سیاسی‌و ململانێ لەگەڵ بۆرژوازی عەرەبیدا، بۆ وەرگرتـنی سـەهمێك لەدەسـەڵاتی سیاسـی‌و بەشـداری کـردن لەدەسەڵاتی سیاسیدا، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەم حەرەکەتە مـەیلی ئینفیصـاڵی نـەبوو، مـەیلی پێکـهێنانی دەوڵـەتی قەومی سـەربەخۆ لـەناو حەرەکـەتی کـوردی‌داو لـەناوبۆرژوازی کورددا لاوازبـووە، واتـە وەختـێ خۆشـیان داخوازییـان

ناردووە بۆ كۆمەڵی نەتەوەكان یان موزەكەراتیان بەرزكردۆتەوە بۆ فەیصەڵ لەو دەورانانەدا داخوازیەكی لەو بابەتـەیان نەبووە كەداوای سەربەخۆییو مەسەلەی دەوڵەتی سـەربەخۆ بكـەن، چ جـای ئـەوەی كەلێكدانـەوەی چـوار پارچەكـەی كوردستان مەسەلە نەبووە. چونكە چوار پارچەی كوردستان زۆر لەوەو پێشەوە دابەش ببوو، جـەنگی جیـهانی یەكـەم ڕەسمیەتی پێدا، ئەوەنەبوو كوردستان یەكەمجار بێت دابەش بكرێ واقیعەن 300 – 400 ساڵ لەوەو پێشەوە لە نێوان دەسـەڵاتی عوسمـانیو سـەفەویدا ئـەم واقیعەتـە ببـوو، بـەڵام جـەنگی جیـهانی دووبـارە دابەشـی كـردەوە لەهــەمان چوارچێوەی پێشوودا، شتێكی تازە نەبوو، ئەم دەوڵەتانە پێكهاتنو كوردستانیان الحاق كرد پێوەی.

لە سیەكانیشدا كەمەسەلەی حزبی شیوعیو بیروباوەڕی دژی ئیستعماری سەرهەڵئەدا، ئیـتر مەسـەلەی كـورد ئـەم خەسـڵەتە پێشـكەوتووە وەرئـەگرێو ئەكەوێتـە ژێـر كاریگـەری ئـەم مەیلـە دژی ئیسـتعماریەوە بەتایبــەتی ڕەوەنـدە ڕادیكالو اشتراكیەكەی كەحزبی شیوعی تبنی كردووە، بەڵام دیارە حزبی شیوعی هـەر لەسەرتایشـەوە دەوری بـووە لەبەهێزكردنی نەزەعاتی قەومیو سیاسەتەكانی، هەڵوێستەكانی، چالاكیەكانی، نەبۆتە هۆی ئەوەی نەزەعاتی قەومی لاواز بكا.

واتە لەبناغەدا ڕووانگەیـەكی ماركسـیو ڕوانگەیـەكی شـیوعی نـەبووە لەسـەر مەسـەلەی كـورد بۆیـە بۆنمونـە هـانی بۆرژوازی كوردی داوە حزبی خۆیان پێكبهێنن، فهد چەندین نووسراوو بەیاننامەی هەیە كە بانگەوازی بۆرژوازی كـوردی كردووە بۆ ئەو مەبەستە، واتە حزبی شیوعی هیچ هەوڵێكی نەداوە لەو كاتەدا كەپایەی ناسیونالیزمی كوردو بـۆرژوازی كورد لەناوخەڵكدا لاوازبكا، چۆن لەباقی مەیدانەكاندا ئەم دەورەی نەگێڕاوە، لـەم مەیدانەشـدا ئـەم دەورەی نـەگێڕاوە، بەپێچەوانەوە موبەڕڕاتی هێنانەوەتەوە كە ئەمە مەیلێكی ڕەوایە، ئـەو ڕیـزی نێـوان چینـەكانی لـەناو كـورددا تێكـەڵو پێكەڵ كردووە.

بەهەر حاڵ وەكـو ووتم هـەر لەسـەرەتاوەو لـەهیچ قۆنـاغێكدا حەرەكـەی كـوردی مـەیلی انفصـاڵی نـەبووە، لـەبارە مەنهەجییەكەیەوە، مەسەلەی كورد تابعی ئاڵوگۆڕی سیاسی سەرتاسەری عێراق بووە، لـەو قۆناغانـەدا كەبزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانە، بزووتنــەوەی جــەماوەری، بزووتنــەوەی دژی اسـتعماری، دژی بـەریتانی، بەمانایـەكی جـــەماوەری شۆڕشگێڕانەو پێشكەوتنخواز پەرەی سەندبێ، ئەمانە مەسەلەی كوردیشی ڕاكێشاوە لەگـەڵ خـۆیو میـولو نەزەعاتـە قەومیەكانیشی خاو كردۆتەوەو نەزەعاتە شۆڕشگێڕانەكانو نەزەعاتە سەرتاسەرییەكان برەوی سەندووە كە جـۆری دەسەڵاتی سیاسی عێراق چۆن بێ، چ نیزامێك بێت.

مەســەلەی دەركــردنو كەمكردنــەوەی نفــوزی بــەریتانیا، ڕاپــەڕینی 1930ی بــەردەركی ســەرا خەســڵەتی پێشكەوتووانەی لەو بابەتەی هەبووە، بۆرژوازی كوردییش هێشتا سەرو پێی خۆی پەیدا نەكردبوو. خـاوەنی ئـەفكاری هەمەجۆربوو، وانەبوو ڕۆشنو كۆنكرێت بەرنامـەی سیاسـی هـەبێت، هێشـتا ئـەفكاری ناسیونالیسـتی خـۆی تەبـەلوری نەكردبوو، ئەوەی بەردەركی سەرا سەیرئەكەیت داخوازی خراپی تیا نیە، چونكـە ئـەو وەختـە ئـاڵوگۆڕی شۆڕشـگێڕانە لـەباقی بەشـەكانی عـێراقدا بـوو كەكوردستانیشـی خسـتە ژێـر كاریگـەریی خۆیـەوە كەبەگشـتی مـەدێكی دیموكراتــیو جەماوەری دژی ئیستعماریو بەپایەگاكانی ئیستعمار دەچووە پێش كەدەوڵەتی مەلەكی ئەوكات بوو.

بەڵام لەسـاڵی 1945 بەدواوەكـە كـە ڕەگـەزی ناسیونالیسـتی لەحەرەكـەی شـیوعی عالـەمیدا پـەرەی سـەند ئــەو مەسەلەیە لەناو دەزگای فكریو سیاسی حزبی شیوعی عێراقدا ئەوەندەی تر تۆختر بۆوە. ئەمە لایەنێك، لایەنێكی تری ئـەو سـەركەوتنانەی سـۆڤیەتو هاوپەیمانـەكان(حلفا) بەدەسـتیان هێنـا لەبەرامبـەر هیتلـەرو لـەچوارچێوەی جـەنگی جیهانی دووەمدا، ئەوەندەی تر مەسەلەی نەتەوەكانی ئیبراز تر كـردەوەو هێنایـەوە سـەر سـەتح، لـەم قۆناغـەدا ئیـتر بۆرژوازی كورد قۆناغی نەشونماكردن تێئەپەڕێنێ. مەبەسـتم ئەوەیـە بـۆرژوازی كـورد لەلایەكـەوەو مەسـەلەی قـەومی لەلایـەكی تـرەوە بـەڵام هـەڵپێكراو پێكـەوە بـەرەوپێش دەچـوون، ئیـتر ئــەوەبوو لــە 1939دا دەورەی پێگەیشــتنی حەرەكەی كوردیو دەورەی چوونەسەری تەوەقوعاتی ناسیونالیزمی كورد دەست پێئەكات. كۆمەڵێك لەحزبی شیوعی جیابوونەوە بەناوی ڕزگاریو شۆڕش، ئەم دوو باڵەبوون كەدواتر چ بەكاریگەری وەرگرتن لەو هەلومەرجە جیهانیـەو چ

بەکاریگەری وەرگرتـن لـەکۆماری مـهابادو حزبـی دیموکرات لەکوردسـتانی ئـێران و دەخالـەتی ڕاسـتەوخۆی ئـەو حزبـە لەکوردستانی عێراق و ناردنەوەی احمد توفیق، ئیتر تەتولَعاتی بـۆرژوازی کـورد گەیشـتە ئـەوەی حزبـی سیاسـی خـۆی پێکبێنێ، ئەو لەهەلومەرجێکدا حزبی خۆی پێکهێنا کەبزووتنـەوەی دژی نازییـەت و دژی ئیمپریـالیزم ببـو بەئەلگۆیـەك بۆئەوەی خەڵکی تـر چـاوی لێبکـاو پـەیڕەوی لێبکـا، بەدەرلـەوەی سـەرکەوتنەکانی سـتالین و حولـەفا چ محتەوایـەکی هەبوو، بەلاَم ڕەنگدانەوەی لەوولاَتانی جیهانی سێ داو لەوولاَتانی موستەعمەرەدا پێشکەوتووانە بوو، لەناو خـەڵکی ئـەو وولاَتانەدا بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە پاڵی بەبزووتنەوەی دژی ئیستعماری یەوە دەنا، مەسـەلەی کوردیـش هەمدیسـان کەوتـەوە ژێـر کاریگـەری ئـەم شـەپۆلە لەهەلاَیسـان و پەرەسـەندنەوەی مـەدی دژی ئیسـتعماری کـەئیتر لـە 949دا گەیشتبووە پلەیەکی بالاَ واتە لـەو وەختـەدا بەگشـتی مـەدی عـێراقی بوون مـەدی یـەکێتی بەرژەوەندییـەکانی خـەڵکی عێراق جێکەوتەتر بوو بەتایبەتی وەك ووتم نیزامەکە نیزامێك نـەبوو لەسـەر نـەزعاتی قـەومی و لەسـەر بناغـەی نەتـەوە پەرستی و شۆڤێنی دامەزرابێ، ئەمـە زەمینـەی مـەیلی ئنیفصـالی کـەم ئـەکردەوە، ئـەم هۆکـارە جیـهانی و ناوچـەیی و ناخۆییانە دەوریان ئەبینی کەبەرژەوەندی خەڵکی عێراق لـەچوارچێوەی ئامـانجێکی سیاسـی هاوبەشـدا بچێتـە پێـش و خەڵکی عێراق خەباتیان یەکپارچە بوو. ئـەو سـەرکەوتنانەی سـۆڤیەت و دووەلی حولـەفا شـەپۆلێکی تـر لەبزووتنـەوەی دژی ئیسـتعماری پەرەپێدایـەوە، لەعێراقیشـدا مانایـەکی دیموکراتـی و پێشـکەووتویی بـەخۆوەگرتبوو بـۆ بـەدیهێنانی سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزم و ئیستعماری بەریتانیدا، بۆ بەدیهێنانی داخوازییـەکانی خۆیـان بەسـەر نـیزامی مەلـەکی ئەوکاتەدا، بەلاَم ئیتر لەمـە بـەولاوە حەرەکـەی بۆرژوازی کوردیـش لەلایەکـەوە کەوتـە ژێـر کاریگـەریی ئـەو واقعیەتـە تقدمییەو ئەو مەیلە تقدمی و سەرتاسەرییەو نەیتوانی بەڕەسمی نەناسێ و بەلاَم لەلایەکیشـەوە مەترسـیدار بـوو، ئـەو پێشکەوتنخوازییە خەریك بوو پایەگای ئەمی وەکـو ڕەوتێکـی ناسیونالیسـتی کەلەسـەر بنـەمای جیابوونـەوەی قـەومی دامەزرا بوو هەڕەشێ لێدەکرد، بۆیـە زۆر خـێرا کەوتـە ئـەوەی کـەخۆی کۆبکاتـەوەو حزبـی سیاسـی خـۆی پێکبـهێنێ بۆئەوەی سواری شەپۆلی ئیعترازت و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بێت و بەم هۆیـەوە لـە جێگـاو شـوێنێکی بالاَدەسـت تریشەوە لەگەڵ باقی بەشەکانی بۆرژوازی عێراقدا، چ بەسەر ڕژێمداو چ بەسەر حەرەکـەی ئۆپۆزسـیۆنی بـۆرژوازی ئـەو کاتەو حەرەکەی بۆرژواز ــ قەومی عەرەبیش ڕووبەڕووبێتەوە. بەلاَم ئیتر لە جەنگی جیهانی بـەدواوە هەلومـەرجی دنیـا بەتایبەتی لەسێبەری شـەڕی سـاردا بـەرەو کۆنەپەرسـتی ئـەچوو، ئەمـە زەمینـەی خۆشـکرد بـۆ حـەرەکاتی قـەومی تەنانەت پارتی لەهەنگاوی یەکـەمدا بـاس لـەوەدەکا کـەپارتی دیموکراتـی کوردسـتان پـەیڕەوی لەمارکسـیەت ئـەکات، ئەوەندە مەدێکی قەوی بووە. بەلاَم وەختێ حزبی بەعس سەرهەڵئەداو میـولی قـەومی عـەرەبی زیـاد ئـەکاو مەسـەلەی فەلەسـتین دێتـە پێشـەوەو جـارێکی تـر حەرەکـەی قـەومی لەسەرتاسـەری دنیـاداو هـەتا لەعێراقیشـدا مەکانـەتێك پەیدائەکاتەوەو پاشەکشەو وەرچەرخانەکانی حزبی شـیوعی بـەرەو ڕاسـتڕەوی بەتایبـەتی دوای مردنـی فـهدو وەزعـی فەلەستین و حەرەکاتی 1948و 1949 ئەوەندەی تر ئـەم مەیلـە ڕاسـتڕەوییە توونـدتـر ئەبێتـەوە بەتایبـەتی لەسـەرەوە لەناو ئەحزابی سیاسیدا، لەهەناوی ئەوەدایە حزبی بەعس نەشونما ئەکات وەك ڕەوتێکی قەومی عەرەبی شۆڤێنی.

بەلاَم پرۆسەی مەیل بەدیموکراسیخوازی و پێشکەوتنخوازی ئەوەندە بـەهێزبوو کـە هێشـتا ئـەحزابی ناسیونالیسـتی کوردی و عەرەبیش نەیدەتوانی هەروا بەئاسانی جڵەوی بکەن و هەروەها نەشیان دەتوانی دەسـتبەرداری بـن. بۆئـەوەی بتوانن سواری شەپۆلی ئەو حەرەکەتە بن و نفوزی تیا پەیداکـەن ئەبوایە ئـەوانیش ئیدعایـەکی لـەو جـۆرە بکـەن. ئـەم پرۆسەیە تا ساڵی 1958 درێژەی کێشا، شۆڕشی 58 ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بوو جارێکی تر سەرنجی بردەوە سـەر نـاوەندو ئاستی سەرتاسەری عـێراق و داهـاتووی سیاسـی سەرتاسـەری عـێراق، هـەتا ئـەم قۆناغانـەیش گرنگیەکـەی لـەوەدابوو کەئاڵوگۆڕی سیاسی عێراق ناوەندەکەی کوردستان نەبوو، باقی عێراق بوو، وە خەسڵەتەکەی پێشکەوتووانە بوو حزبی بـەعس نـەیدەتوانی نەشونمایـەکی زۆر سـەیرو عـەجیبی تیابکـات. زیـاتر زەمینەیـەکی مناسـب بـوو بۆسیاسـەتەکان و ئاسۆکان و سوونەتەکانی حزبی شیوعی. لەکوردستانیشدا ڕەوتی وەکو کاژك و ئەمانە سەریان هەڵدابوو بەلاَم نەیانتوانی ئەو نەشونمایە بکەن، پارتیش ناچار بوو بەنەوعێك لە تقدم نمایی و شۆڕشگێڕ خۆی بنوێنێ. بەلاَم ئیتر لە 958 بەدواوە

لەغیابی ڕێگەچارەیەکی سیاسی ڕۆشن (محتواکەی هەرچییەك بێت) لەو لایشەوە بەسەرهەڵدانی حەرەکاتی ناصریو بەهێزبوونی بزووتنەوەی قەومی لەعێراقدا، بەتایبەتی ناصریەت کەببوو بەناوەندی قورسایی و ئیلهام لێوەرگرتنی هەموو بزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی لەهەموو بەشەکانو پارچەکانی. ئیتر ئەمانە پایەگای ناسیونالیزمی بەعسی زۆرتر بەهێزکرد لەعێراقدا. دیارە ئەحزابی تری وەکو استقلال هەبوو ئەمانەش لەسایەی توندبوونەوەی نزعاتی شۆڤێنی وەك مەیلی سیاسیو ئایدۆلۆجی سائید لە ناو بۆرژوازی عەرەبیدا پووکانەوە. دیارە ئەمە ڕەد فیعلێکیشی لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا پێکهێناو خەڵکی کوردستان هەستیان بەمەترسییەك دەکرد. لەو لایشەوە نیزامی عبدالكريم قاسم نەیتوانی چارەسەری مەسەلەی کورد بکات، بێجگە لەوەی لەبەندی (3)ی دەستووری عێراقیدا ڕایگەیاند (العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن) دیاربوو ئەوە قۆستنەوەو هەڵمژینی ئەو داخوازییە قووڵەبوو کەلەناو خەڵکی کوردستاندا هەبوو جۆرێك ڕازیکردنی ڕەوتی وەك حزبی شیوعی بوو ئەگەرنا ئەو قسەیە هیچ مەعنایەکی حقوقیو دەستووری نەبوو. بەپێچەوانەوە هەتا پێناسەی دەوڵەتی عێراقی خەریك بوو لەسەر بنەمای هەویەتی قەومی بکاتەوەو هەتا ئیمتیازێکیش بدا بەبۆرژوازی ناسیونالیستی کوردو لەجێی خۆیدا بیهێڵێتەوە، حزبی شیوعیش مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی بەلایەوە گرنگ بوو، بەو هۆیەوە گرنگیدانی بەمەسەلەی کورد هاتە خوارەوە لە 58 بەدواوە، حزبی شیوعی بەو مەعنایە ئیتر نفوزی لەکوردستانیشدا کەمی کرد، واتە ئەو ئاسۆ سیاسییەی حزبی شیوعی تبنی دەکرد لە 58 بەدواوە کەمتر مەتلوبیەتی هەبوو لەناو خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش دوای ئەوەی کەمەسەلەی کورد بەچارەسەرنەکراوی مایەوە. داهاتووی سیاسی نیزامەکەش داهاتوویەکی دیار نەیوو، ئەویش نمونەیەك بوو لەو نمونانەی کەحزبی شیوعی تیۆری دائەتاشی بۆ نیزامی عبدالكريم قاسمو ئاسۆ سیاسیەکەی ئەم تحدیدی ئەکردو ئەم پیای هەڵئەدا.

ئەمانە ئەوەندەی تر مەسەلەی کوردی ئەبردە چوارچێوەی دەسەڵاتی بۆرژوازیو ئەحزابی قەومی کوردی بەسەردا دەسەپاند. ئیتر لەوە بەدواوە پارتی بوو بەڕەوتی سائید لەناو خەڵکی کوردستانو لەناو تەیاراتی بۆرژوازی لەکوردستاندا. نفوزی حزبی شیوعی بەتایبەت دوای ئەوەی مەزبەحەی 63ی بەسەرداهات، لەکوردستان کەمی کردو ئیتر پارتی جێگەو شوێنی پایەدارتر بوو. چ لەناو بزوتنەوەی خەڵکی کوردستانداو چ لەساحەی سیاسی کوردستاندا بەگشتی وە لەناو تەیفی ئەحزابی سیاسیشدا لەکوردستان، ئیتر ئەم مەیلە مەسەلەی کوردی بەرەو ڕاستڕەوی بردو مەیلی ڕاستڕەوی بەهێزکرد، بەڵام دیاربوو وەکو ووتم ناسیونالیزمی عەرەبیش بە الهام وەرگرتن لەناصریەتو مەرکەزێك کە ناصریەت پێکی هێنابوو هەرچی ئەهات بەهێزتر ئەبوو، حزبی وەتەنی دیموکراتی کەس دەستی بۆ نەبرد، خۆی پووکایەوە، وەکو حزبێك بۆ سەردمێك دەستی ئەدا، حزبی استقلال دیاربوو مەجموعەیەك نەزعاتی پەرلەمانییان هەبوو. بەڵام نەزعاتی پەرلەمانیو نەزعاتی لیبرالی ئەوەندە لاواز ببوو بەشێکیان چوونە ناو حزبی بەعسەوەو باقیەکەی تەصفیە بوو واتە حزبی بەعس بوو بەمەرکەزی حەرەکەی قەومی عەرەبیو پارتیش بوو بەمەرکەزی حەرەکەی قەومی کوردی. ئەمە جارێکی تر مەسەلەی کوردو ئاواتو داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانی لەقاڵبدایەوە لەناو خەڵکی عەرەبیشدا پەرەسەندنی نفوزی بەعسو تەوهوماتێك کەخەڵك بەبەعس هەیبوو وە شکستێكو بێئاکامییەك کەتەجروبەی حزبی شیوعی لە 958بەدواوە هەیبوو وە استبدادێکیش کەهەبوو بەسەرسەری خەڵکەوە، هەموو ئەمانە نەزعاتی قەومی تەقویەت کرد بەمانای مەسەلەی کوردو چارسەرکردنەکەی دایە دەستی هێزی سیاسی ناسیونالیزم. ئەوانیش ئاڵوگۆڕی جەوهەرییان بەسەر بەرنامەو سیاسەتەکانیاندا هێنا، ئەوەندەی تر خەسڵەتە قەومییەکانیانو خەسڵەتە بۆرژوازیەکانیان بەهێزکردەوە. ئەمانە هاوکاتیش بووە لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ئابووریەکانو لەچاو سییەکانو چلەکاندا خەسڵەتی سەرمایەداری لەعێراقدا پایەدارتر بووە. نیزامە سیاسییەکەی زیاتر بووە بە نیزامێکی بۆرژوازیو استبدادی سیاسی هەتا هاتووە توندتر بووەتەوە، ئەمانە بەگشتی مەسەلەی کوردو خەباتی خەڵکی کوردستانی هەرچی زیاتر لەو قاڵبە دیموکراتیكو ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازییە بەتاڵئەکردەوەو ئەیکرد بەپاشکۆی ئەحزاب، بەتایبەتی تەوەهومات بەپارتی چووبووە سەرو هەموو ڕێگەیەك بەسترا

بۆ چارەسەری شۆڕشگێڕانە، چارەسەری عادیلانەو ڕادیکاڵو پێشکەوتوو بۆمەسەلەی کـورد ئـەوەندەی تـر چـووە نـاو ململانێی مەحافلی قەومی کوردی ـ عەرەبی، ئەگەر فەترەی پێشوو ئەو مەســەلەیە لـەنێوان نـیزامی مەلـەکیو حزبـی شیوعیدا ئەهاتو ئەچوو ئەم ئـەبعادە هـەتا ئـەو قۆناغەشـی جێهێشـتو چـووە قۆنـاغێکی تـرەوە، دیـارە تەئسـیری مەعەسکەری اشتراکی هەبوو کەداوایان لەئەحزابی شیوعی ئەکرد بچێ لەگەڵ ڕەوتی وەك عبدالکریـم قاسـم یـان لەگـەڵ عبدالسلام حەل بێ. حزبی شیوعی میسر وایکرد خۆی حەل کردو چووە ناو اتحـادی اشـتراکی، بـەلام حزبـی شـیوعی عێراق هێشتا پاشماوەیـەکی ڕادیکـاڵیزمیی مـابوو، هەسـتی شۆڕشـگێڕانە لـەناو ڕێکخسـتنەکانیو کادرەکـانیدا ڕێگـەی نەئەدا، ئەم مەسەلەیە بوو بەجێگای جەدەلو باس.

ئەو بەکەم گرتنەی حزبی شیوعی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە ئەوەندەی تر ڕێگـەچارەی ناسیونالیسـتی سەرخست بەسەر ئاسۆی چارەسەرێکی عادیلانەی مەسەلەی کورددا.وەك هەموو مەسەلەکانی ئازادی سیاسی لەعێراقدا.

شەستەکان هەلومەرجێکی دیاری کراو بوو لەکوردستانی عێراقدا، لەلایەکـەوە ئـاواتو داخـوازیو ئامـادەیی خـەڵکی کوردستان بۆ خەبات لەپێناوی لابردنی ستەمی نەتەوایەتیدا پەرەی سەند، خەباتی سیاسیو حزبی پـەرەی سـەندبوو، کوردستان چووبووە قۆناغێکی ترەوەو چینو توێژی شـاری هاتبوونـە نـاوەوە، لـەو هەلومەرجـەدا پـارتی توانـی کـەڵك لـەئاڵوگۆڕەکان وەربگـرێو جێگـاو شـوێنی خـۆی لەبەرامبـەر سـوڵتەدا قـایم بکـات، لەسـایەی ئـەو شکسـتەدا کەناسیونالیزمی عەرەب ئەوکاتە بەسەریهاتبوو.

حزبی بەعس بەکەڵك وەرگرتن لەئەزموونی (1963) جارێکی کە لە(1968)دا هاتـەوە سـەر حوکم، باشـترین شـتیش ئـەوەبوو کـە حەرەکـەی کـوردی خەسـڵەتە جـەماوەریو شۆڕشـگێڕانەکەی لەدەست دابـوو. حزبـی بــەعس دەیزانــی مەسەلەی کورد هەر چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ بکرێ دەبێتە هۆی بەهێزبوونی مەیلی شۆڕشگێڕانە لەناو خەڵکدا، ئــەو مەیلەی کەلە 1963دا گەیشتە ئەڵقەی کۆتایی خۆیو لەوەو پاش قۆناغی بەسەر چوو، بەیانی 11ی ئازار ئاوێك بوو کـرا بەسـەر ئـەو ئـاگرەدا، حکومـەتی بـەعس بـاقی عـێراقی مسـۆگەر کردبـوو، چ بـەوەی کـەحزبی شــیوعی لاوازکردبــوو، ڕەوتەکانی تری نەهێشتبوو، وە چ بەژەهراوی کردنی بیروباوەڕی خەڵك بەو بەرنامە ئابووریو چاکسازییە ئابوورییانــەی کــەکردی. نائارامییــەك کەمابێتــەوە کوردســتان بــوو، لــەو صەفقــە سیاســییەی کەلەگــەڵ پــارتیدا کــردی، واتــە بەئیمتیازاتێکی کاتی کەدای بەپارتی توانی ئەم جەبهەیە هێوربکاتەوە تەحکیمی جێگاو ڕێگـای سیاسی خـۆی بکـاتو بەدوایدا ئیرهابی دەست پێکرد لەسەرانسەری عێراقدا. کەحزبی شیوعی بوو بەیــەکێك لـە قوربانییـە سـەرەکییەکانی بەهۆی ئەو بەرە سیاسیەی کەهەیانبوو لەگەڵ بەعس.

بەهەر حاڵ بەیانی 11ی ئازار هیچ هەنگاوێکی پێشڕەوانە نەبوو لەڕاستای جێبـەجێبوونی داواکارییـەکانی خـەڵکی کوردستان. مەسائیلی زۆر جزئیش نەخرایە چوارچێوەی چارەسەر کردنـەوە، تەنـها کۆمـەڵێك ئیمتیـازات درا بـەپارتی، لەوانە ئیمکانـاتێکی مـالی زۆر بـۆ بـارزانیو پـارتی تـەرخانکراو بـواری درا هەڵسـوڕانی سیاسـی بکـاتو بارەگـا لـەبغداد بکاتەوە، بەلام ئەمە هاوکات نەبووە نەلەگەڵ ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لەخوارەوە لـەناو خـەڵکدا وەك هـەوڵی نەتـەوەیی بـۆ بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستانو وەنەبووە هۆی کەمکردنەوەی زەختو زۆری ڕژێم لەسەر خەڵکی کوردسـتان، هەمووی ساڵێکی نەبرد ڕژێم دەستی کردەوە بەتەعریب لەناوچەکانی کەرکوكو خانەقینو سنجار.

لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسیو ئابوورییەکانی سەرەتای حەفتاکانداو دوای بنبەستی ڕێککەوتنامەی ئازارو دوای بنبەسـتی سـەرکردایەتی ڕاسـتڕەوی کـوردیو ناسـیونالیزمی ڕاسـتڕەوی کـورد، بیروبـاوەڕی مارکسیسـتیو چـەپی لەکوردسـتاندا بڵاوبۆوە، ئەزموونە سەرکەوتووەکانی چارەسەری مەسەلەی قەومی بەشێوەی شۆڕشگێڕانە لەووڵاتانی ئەمریکای لاتـین کەبزووتنەوەی چەپیو مارکسیستی تیایاندا سەری هەڵدابوو پاڵنەرێك بوون بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبـاوەڕی چـەپ، ئەمـە جارێکی تر دەستی بزووتنەوەی ڕاستڕەوی کوردی بەستەوە، دوای ئەو شکستەی کەلەبەرامبەر ڕژێمدا هێنای.

نیوەی دووەمی حەفتاکان هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی شـەپۆلێکی نـوێ لەچـەپڕەوی، جـارێکی تـر حەرەکـەی کوردی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات، ئیفرازاتی وەك کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی بەوجود هێنا، ململانێی فکریو سیاسی نـاوەندی

شارەکان بوو، مەسەلەی حزبی جەماوەریو خەباتی جەماوەری پەیدابوو، ئەمانە لەڕەوەندێکی چەپیدا بوون بەمەسائیلو ڕەگەزی نوێ لەبزووتنەوەی کوردیدا، یەکێتی نیشتمانی بەرەنجامی ئەمەبوو کە لەخوارەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەڵدەقوولا.

ئەو ئیرهابو زەختو زۆرو سەرکوتو زوڵمەی ڕژێمی بەعس پیادەی دەکرد نەیتوانی پێش بەوەبگرێ. لەم هەلومەرجەدا بوو قیادە مووەقەتە خۆی ئیعلان کردەوە بۆئەوەی بتوانێ لەناو ئەو واقیعە نوێیەی خەڵکی کوردستاندا جێگایەك بۆ خۆی بکاتەوە، دیسان دەستی کردەوە بەنەغمەی ئیشتراکیو چەپیو لەکۆنگرەی یەکەمی قیادە مووەقەتەدا دەیانووت پەیڕەوی لەسۆشیالیزمی زانستی ئەکەین. ئەو هەلومەرجە خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانەو پێشکەوتووی لەناوخەڵکدا بڵاوکردەوەو تێکەڵ بوو بەخواستێکی چەپی دژی سەرکوتو دیکتاتۆریو کاریگەری لەبزووتنەوەی سۆسیالیستی وولاتانی جیهانی سێهەمو ئەمریکای لاتینو هەندێ وولاتی ئاسیا وەرگرت، وەك ووتم کۆمەڵەی ڕەنجدەران زادەی ئەو بارودۆخە بوو، سەرباری ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو پەرەسەندنی سەرکوتی بێوێنە لەعێراقدا دواتر شۆڕشی ئێران ڕۆڵی بەرچاوی بینی کەجارێکی تر مەیلی چەپ لەناو خەڵکی کوردستاندا بەهێزبێت، بەڵام پاشەکشەی ئەو شۆڕشەو ئەوەی کەبەڕێڕەوی سۆسیالیستیو ڕادیکاڵدا نەچووە پێش، جارێکی تر بارودۆخەکەی ئاڵوگۆڕ کرد.

وەختێ سەیری ئەم مێژووە ئەکەین دەبینین تا (90)ەکان حکومەتی بەعس توانی گورزی کاریگەر بەبزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بگەیەنێو پاشەکشەی پێبکات لەسایەی شەڕی ئێرانو عێراقو لەسایەی سەرکوتی بێوێنەو (سیاسەتی ئەرزی محروقە) سووتاندنی ڕەشو سپی پێکەوە، سیاسەتێك بوو کەلەهەشتاکاندا گەیشتە ئەوپەڕی کەبەئەنفالو قەتڵو عامی خەڵکی کوردستان تەواو بوو. سەرکوت هەموو ڕێگایەکی بەستو توانی هێزی چەکداری ناسیونالیزمیش بکاتە دەرەوەی سنوورەکانو هەم لەپایەگای جەماوەری دابڕێو هەم لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیشدا حەزف بکات، ئیتر حەرەکەی کوردی لەبەردەم واقعیەتی تازەدا بوو. ئەگەر شەڕی کەنداو نەبووایە حەرەکەی کوردی جێگەو شوێنی لەناوەندی تەلاتوماتی سیاسی عێراقدا کەم ببۆوەو هەر ئاڵوگۆڕێك ببوایە پەیوەست بوو بەئاڵوگۆڕی سیاسی عێراقەوە، چونکە ئیتر جارێکیتر خەسڵەتی دژی دیکتاتۆریو دژی دەوڵەتی بەهێز ببۆوە لەپەیوەند بەخواستی سەراسەری خەڵکی عێراقەوە، بەڵام دیاربوو ئەم مەسارەی بەخۆوەنەگرت، نفوزو جێگەو شوێنی ناسیونالیزمی کورد تەواو هاتبووە خوارەوەو لەهاوکێشە سیاسییەکاندا حەزف کرابوو. حەرەکاتی خەڵکی کوردستانیش لەژێرەوە خامۆش کرابۆوە. گورزی کاریگەری لێدرابوو بەتایبەتی ئەنفالەکان.

لەسەرو بەندی جەنگی کەنداودا ڕژێم سەرکوتکرابوو حاڵەتێکی یەکسان لەسەرانسەری عێراقدا پێکهاتبوو ئەگەرچی هێشتا جیاوازییەکی کەم مابۆوە بەڵام وەکو سەنگەرێك بۆ مقاوەمەتی خەڵکی کوردستانو حەرەکاتی نارەزایەتی خەڵك زۆر پاشەکشەی پێکرابوو ڕژێم سەرکوت کرابوو.

مەسەلەیەك کەدەبینرێ لەتەواوی ئەو قۆناغانەدا لەسەرەتاوە وەکو ووتم شێخ مەحمود نامە دەنێرێ بۆ کۆمنترنو لینین تائێستاش حەرەکەی کوردیو بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ لابردنی ستەمی قەومی لەچوارچێوەی سنووری عێراقدایەو هەتا ئێستاش تەفاعولی نەکردووە لەگەڵ کاروباری ناوچەکە، بۆنمونە هیچ کات لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین پەیوەندیو تەلاحومێك نەبووە. تەنانەت لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستانیش ئەم لێکهەڵپێکانە نەبووە، ئەمە هێزی لەبەربڕیوەو وەك بزووتنەوەیەکی مەحەلی وای لێکردووە لەلایەن ڕژێمەوە قابیلی سەرکوت بێو هەروەها قابیلی بردنو زەوت کردن بێت لەلایەن ئەحزابی قەومی کوردەوە، وەهەر لەبەر ئەو مەحەلیبوونە نەبووەتە مایەی پشتیوانی کرێکارانی ڕۆژئاوا. (بۆنمونە وەك ڤێتنام) ئەمە بەشێك لەبەرتەسکی ئەم بزووتنەوەیە نیشان دەدات، کەمی چالاکی شۆڕشگێڕانەو کەمیو لاوازی هەستانی شۆڕشگێڕانە لەهەموو دەورانەکاندا مەشهود

بووەو خەسڵەتی هاوبەشی هەموو دەورانەکان بووە، ئیتر دیارە دوای جەنگی کەنداو بـوو بەباسـێکی تـرو گرێدرایـەوە بە هەیمەنەی ئەمریکی‌یەوە.

## نزار عبدالله

ئەو لێکدانەوە سیاسی‌و تیۆرییانەی پێشتر باسمان کرد بێگومان کۆمەك دەکات بەڕوونکردنەوەی مەسـەلەی قـەومی کورد لەعێراق‌و شێوەی سەرهەڵدان‌و درێژەپێدانی.

لەواقعدا دروستبوونی وولاتێك بەناوی عێراق وە دەوڵەتێك تیایدا کۆبوونـەوەو ئاوێتـەبوون‌و لێـك هـەڵپێکانی سـەدان هەزار کەس لەیەك چوارچێوەی سیاسی‌و جوگرافی‌دا ئەوە هەنگاوێکی گرنگ‌و مێژوویی بـوو، هەرچـەندە ئـەو هـەنگاوە لەسایەی ململانێ‌و بەرانبەرکێ‌ی وولاتە ئیمپریالیستی‌یەکاندا بوو‌بێ. ئەم هەنگاوە گرنگە نابێ بەکەم بگرین‌و یان کاتێك مانەوەی مەسەلەی قەومی کورد لەو چوارچێوەدا ببینین بیخەینە ژێر پرسیارەوە لانی کەم لەباری مێژووییەوە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کەخودی سەرهەڵدان‌و مانەوەی زوڵمی قـەومی لـەعێراقدا زادەی تـەدەخول‌و کـاری ئیمپریـالیزم‌و بەتایبەت ئیمپریالیزمی بەریتانیا بوو. ئەم وولاتە نەیدەویست عـێراق وەکـو وولاتێکـی ژێـر سـایەی ئینتـداب‌و وصایـە خـاوەن پێکـهاتێکی کۆمەڵایـەتی یەکپارچـەو تێکسـمراو بـێ، نەیدەویست عـێراق هـێزێکی هـەبێ‌و مەسـەلەی کـوردی هێشتەوە تا هەمیشە وەکو کەناڵێك بۆ تەدەخول‌و هەڕەشەکردن‌و ملکـەچ پـێکردن کـەڵکی لێوەربگرێ. دیارە بۆئـەم مەبەستە مانۆڕیان کردووە، بەڵێنیان داوەو دواتر خۆیان نەکردووە بەخاوەنی‌و لێ‌ی پەشیمان بوونەتـەوە. لەبڕگەیـەکدا سەرکوتیان کردووەو لەبڕگەیەکی تردا ئاگرەکەیان خۆشکردووە.

هەڵبەتە بەرژەوەندی‌یەکانی ئیمپریالیزم لەبوون‌و مانەوەی کێشەیەکی لەم جۆرەدا بەرژەوەندی‌یەکی هەمـە لایەنـەو ستراتیجی بووە. دیارە مەسەلەی نەوتیش دەوری خۆی لەو کێشەیەدا گێڕاوەو بەڵگەی جۆراوجۆری مێژوویی زۆر هەیـە لەو بارەیەوە کەئیمپریالیزم بەشوێن بەدی‌هاتنی نائارامی‌یەوە بووە لەعێراقداو لەوانەش ناوچەی کـەرکوکدا کەبەشـێکی گرنگی نەوتی عێراقی تیادایە.

خاڵێکی تر مەسەلەی لاوازی‌یەکانی ڕەوتی نیشتمانی عێراق‌و ناکامی‌یـەکانێتی. ئـەو ڕەوتـە لەسـەرەتادا یـەکێك بـوو لەڕەوتە سەرەکی‌یەکانی عێراق، بـەڵام دواتـر لەبـەر زۆر هۆکـاری نـاوخۆو دەرەکـی لەناوەڕاسـتی سـی‌یەکان‌و چلـەکان بەدواوە لەلایەن ڕەوتە قەومی‌و نەتەوە پەرستەکانەوە پاشەکشەی پێکراوە.

گەشەی ڕەوتە قەومی‌یەکان لەعێراق بەخێرایی‌یەکی زۆر پەرەی سەند (چ ڕەوتی قەومی عـەرەبی‌و چ کـوردی)و بـوو بە ڕەوت‌و هێزی زاڵ لەعێراقدا. ئەگەر ئـەوە لەبـەرچاوبگرین کەبزووتنـەوەی قـەومی عـەرەب ئـەوکات لەهـەموو دنیـای عەرەبدا هێزێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردبـۆوە، ئـەوکات زاڵبوونـی ئـەو بزووتنەوەیـەش لـەعێراقدا بەئاسـانی دەرك دەکەین. بـەڵام جگـە لـەم زەمینـە هاوبەشـە خـودی عـێراق بـوو بەسـەرچاوەو بەشـێکی گرنگـی سـەرهەڵدانی باڵێکی میللیتانتی عەرەبی قەومی‌و بەعسیزم توانی نوێنەرایەتی بکات‌و بەرەوپێشی بەرێت.

سەرهەڵدان‌و شکڵ گرتنی ئەم ڕەوتە میللیتانتە قەومی‌یـە ناکۆکی‌یـە دەروونی‌یـەکانی بزووتنـەوەی قـەومی عـەرەبی بەقازانجی خۆی یەکلاکردەوە، هاوکات بەتموحات‌و چاوەڕوانی زۆرەوە پێ‌ی نایە مـەیدانی سیاسـی‌و کۆمەڵایەتی‌یـەوە (لەچەشـنی وەحـدەی عـەرەبی، اتحـاد لەگـەڵ مصـرو ...تـاد). بـۆ تـەحقیق کردنـی ئـەو ئامانجانـەو زاڵبـوون بەسـەر کۆسپەکانی سەر ڕێگایدا ئامادەبوو گەورەترین تاوان بخوڵقێنێ یان هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەرلایەن‌و تەرەفێك بکات کـە لەو ئامانجانەی نزیك بکاتەوە (لەچەشنی هاوکاری لەگەڵ CIA و کۆدەتای 63 و قەسابخانەکانی زەعیـم صدیـق). دیـارە یەکێك لەو کۆسپانە ڕەوتی قەومی کوردی‌بوو.

هەڵبەت ڕەوتی قەومی کوردیـش لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی‌یەوە تموحـات‌و ئامـانجی گـەورەی هـەبووە. ئەگـەر چـی تازەمەن بـەولاترەوە چـووە لەوانـە پاشەکشـەی کـردووە یـان دەسـتی هـەڵگرتووە. خـودی دروسـتکردن‌و ڕاگـەیاندنی کۆماری مهاباد لەکوردستانی ئێران یەکێك لەپڕۆژەو تموحە گەورەکان بوو.

ئەو بزووتنەوەیە هەولّیدا دەولّەتێك رابگەیەنیّو دواتر دەسەلاّتەکانی بەپشتیوانی ئەوسای یەکێتی سـۆڤیەت فـراوان بکاتەوە. بـەلاّم خۆکێشـانەوەی سـۆڤیەت لـە پشـتیوانی کردنـی کۆمـاری مـهابادو دواتـر لەسـێدارەدانی قـازی محمـدو رووداوەکانی دواتر، وەك شکستو لەسێدارەکانی تموحاتە گەورەکانی بزووتنـەوەی کوردایـەتی بـوو. ئـەو بزووتنەوەیـە هـەم بـەهۆی ئـەو رووداوەوەو هـەم بـــەهۆی کاریگـــەری رووداوە سەرتاســەرییەکانی عــێراقو ئێرانــەوە لــەتموحاتی ئینفصالّیو جوداخوازانە دەستی هەلگرتو ئامانجو ئاسـۆی پێکـهێنانی دەولّـەتێکی سـەربەخۆی قـەومی لەگـەلّ قـازی محمددا بەکردەوە خستە چالّەوە..

خـالّێکی تـر کـە لـە درێـژەی باسـەکانی ئێـوەدا منیـش بمـەویّ باســی بکــەم مەســەلەی ناکۆکییــە مێژووییــە دەروونییەکانی بزووتنەوەی قەومی کوردە. ووتمان بزووتنەوەی قـەومی عـەرەبی نائینسجامیو نـاکۆکی هەمەلایەنـەی هەبووە بەلاّم بەعسیزم لانی کەم لەعێراقدا یەکلای کردەوە. بەلاّم ئەوە سەبارەت بەبزووتنەوەی قەومی کورد وانـەبوو. هەرچەندە بزووتنەوەی کوردایەتی تاماوەیەکی درێژ خاوەنی یەك حزبـی سیاسـی تاقانـەبوو(پـارتی دیموکـرات)، بـەلاّم ئەوە بەمانای نەفیکردنەوەی تەکەتولاتو بوونی بالّی جیـاوازی نـاو ئـەم جوولاّنەوەیـە نـەبوو. لـەناو ریزەکـانی پـارتی دیموکراتدا هەمیشە ناکۆکیو بالّی جیاجیا هەبووەو پێکەوە ژیاون. بەلاّم پەرەسەندنی ئەو ناکۆکیانـەو جیابوونـەوەیان لەیەك دوای شکستو هەرەسەکان زیاتر روویانداو رێچکەی بەست.

هۆکـارێکی گرنگـی ئـەو جیابوونـەوەو لێکـترازانو ســەرەنجام قووتـبی بوونــەوەو بەرامبــەرکێیان لەگــەلّ یــەکدا ئەگەرێتەوە بۆ گەشەکردنی ژیانی شارنشینی لەکوردسـتانی عـێراقو گەشـەی پەیوەندییـەکانی سـەرمایەداری تیـایداو پەرەسەندنی دابەشبوونی چینایەتی کۆمەلّ. دروستبوونی چیـنی مامنـاوەندی لەشـارەکانو بوونـی رێژەیـەکی بـەرچاو لەخـەلّکی خوێنـــدەوارو رۆشـــنبیرو بـــەئاگا لەگۆرانکارییـــەکانی رۆژئـــاواو ئـــەوروپاو وولاّتـــانی سۆسیالیســـتی، بـــوو بەزەمینەیەکی بـەرچاو بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی دەسـەلاّتی خێلّـەکی بەسـەر بزووتنـەوەی کوردایـەتیدا. لەپرۆسـەیەکی ئینتقـالیدا رێبـازی تـەقلیدیو کلاسیکی خـەباتی بزووتنـەوەی کوردایـەتی (واتــە رابــەریو زەعامــەی خێلّــەکی لــەو بزووتنەوەیـەدا، پشـت بەسـتن بەدەولّـەتانی ناوچەکـە بـۆ گەیشـتن بەئاسـۆو ئامـانجی قـەومی خۆیـان، گرنگـی نـەدان بەشارەکانو رێکخستنی شاریو ...تاد) رووبەرووی رێبازێکی نویّ بۆوە کە ناسیونالیستێکی چەپرەوانە بوو.

ئەم رێبازە سەرنجی چوو بووە سەر گەشەی شارەکانو زۆربوونی رێژەی دانیشتوان تیایدا، هەولّی داوە جـەماوەری ئەو شارانە لەدەوری یەك خیتابی قەومی کورد کۆبکاتەوە، بەپشتبەستن بەوان بـۆ ئاسـۆو ئامـانجی خـۆی تێبکۆشـیّ، خێلّو دەسەلاّتی خێلّەکان ئەبیّ لەژێر رکێفی ئەو جوولاّنەوەیەدابیّو پێکهاتی بزووتنـەوەی کوردایـەتی خێلّـەکی نـەبیّ، وە هــەروەها جوولاّنەوەکــە پێویســتە پشــت بــەوولاّتانی پێشــکەوتوو سۆسیالیســت ببەســتیّو لەگــەلّ جوولاّنــەوە رزگاریخوازەکاندا پەیوەندی توندو تۆلّی هەبیّو ... تاد.

هەلّبەت نامەویّ لێرەدا ئالّوگۆرو گۆرانکارییـەکانی ئـەم رێبـازەو دواتـر شکسـتەکانی بـاس بکـەم ئـەوە باسـێکە زۆر هەلّدەگریّ. بەلاّم هەر ئەوەندە گرنگە کـەبزانین بـەهۆی گەشـەو سـەرهەلّدانی ئـەم رێبـازەوە سـەرەتا لـەناو ریزەکـانی پارتی دیموکراتو دواتر خۆجیاکردنـەوە لیّیو سـەرەنجام پێکـهاتنی کۆمەلّـەو چـەندین رێکخـراوی تـرو کۆبوونـەوەیان لەبەرەیەکدا بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ... ئەوانە هەمووی سەرچاوەو سەرەتای ململانـێو بەرانبەرکێیـەکی نوێبوون لەبزووتنەوەی کوردایەتیدا کەلاپەرەکانی بەئیعترافی خۆیـانو یاداشـتەکانیان کەدەینوسـنەوە زۆر خوێنـاوینو خەلّکی کوردستان باجەکەی داوە.

ئەو نــاکۆکیو ململانـێ دەروونیانــە هەمیشــە لەلایــەن رژێمــی بــەعسو دەولّــەتانی کۆنەپەرســتی ناوچەکـــەو ئیمپریالیزمەوە کەلّکی لیّوەرگیراوەو هۆیەك بووە بۆ ئالّۆزکردنو درێژەدان بەچارەسەرنەکردنی مەسەلەی کورد.

لـەواقعدا کێشـەی نێـوان پـارتیو یـەکێتی لەئێسـتادا دیسـانەوە کۆسـپو رێگرییـەکی گەورەیـە لەبـەردەم خــەلّکی کوردستانو خەباتی عادیلانەو سەرتاسەری ئەواندا بۆ چارەسەری مەسەلە رەواکەیان.

## ئاسۆ غریب

ئەوەی کەمن دەمەوێ تأکیدی لەسەر بکەم، ئەو ڕاستی‌یەیە کە بەڕوونی دەبینرێ کێشەی نەتەوەیی لەعێراقداو لەناویاندا کێشەی کورد هاوکات بووە لەگەڵ شکڵگرتنی سیاسی‌و حزبی ناسیونالیزمدا، بەو ڕادەیەی ناسیونالیزمی کورد وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەن ئامانج‌و قائم بەزات پێکهاتووە لەوکاتەوە کێشەی نەتەوەیی کوردیش بووەتە کێشەیەکی قووڵ‌و خوێناوی.

ئەڵقەیەکی تری ئەم مەسەلەیەش ئەوەیە کە شکڵگرتنی ناسیونالیزمی کورد ڕاستەوخۆ هاوکاتە لەگەڵ شکڵگرتنی چینی بۆرژوازی کورد لەکۆتایی سی‌یەکان‌و دەیەی چلەکاندا، واتە لەو کاتەوەی کەکوردستان لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و لەڕووی ئابوورییەوە بەرەو سەرمایەداری ئاڵوگۆڕی کردووەو چینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ناو کۆمەڵگای سەرمایەداری پەیدابوون. ئیتر چینی بۆرژوازی لەژێر کاریگەری جیهانی‌و ناوخۆییدا تاقیبی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و ئابوورییەکانی خۆی کردووەو مەلەسەی نەتەوەییشی کردۆتە دەستمایەی سیاسی ئەمە. کەواتە هۆی درووستبوونی کێشەی نەتەوەیی کورد هەرچەندە چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەلایەن بۆرژوا — ناسیونالیزمی عەرەبەوە لایەنێکی سەرەکی‌و گرنگێتی، بەڵام هەر بەتەنها ئەوە نی‌یە، بەڵکو ئامانجی بۆرژوازی کوردیش لایەنێکی ئەو کێشەیەیە.

چ لەعێراقداو چ لەشوێنەکانی تری دنیادا، زۆرجار چەوسانەوەی نەتەوەیی خۆبەخۆ تەبدیل نەبووە بەکێشەی نەتەوەیی‌و کەسیش ناتوانێ بەبەڵگەوە بڵێ کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بەهۆی ئەوەی کەبۆرژوازی کورد چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردی کردووە بەکێشەیەکی سیاسی نەتەوەیی لەو میللەتانەی کەچەوسانەوەکەیان نەبۆتە کێشە، بۆنمونە (تورکمانەکان‌و ئاشووری‌یەکان)، قازانجی زیاتریان کردووە، بەپێچەوانەوە هەموومان دەبینین‌و خەڵکی بەسادەیی ئەوە تێدەگا کە لەئاکام‌و لەجەرگەی کێشەی نێوان ناسیونالیزمی کوردو ناسیونالیزمی عەرەبدا کەهەریەکەیان لەم ڕێگایەوە تاقیبی بەرژەوەندی بۆرژوازی نەتەوەکەی خۆیان کردووە، خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان چ دەردی سەری‌و گرفتێکی بۆ بووە بەسەرباری باقی کێشەو چەوسانەوەکانی، واتە بوونی زوڵمی نەتەوەیی بەکێشەی نەتەوەیی نەك هەر زوڵمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کوردستان لانەبردووە، بەڵکو بارێکی زیادەشی ناوەتە ملی، واتە خەڵکی زەحمەتێکشی کوردستان بێجگە لە چەوسانەوەی چینایەتی لەچوارچێوەی پەیوەندی ئابوری عێراقداو هەروەها بێجگە لە چەوسانەوەی نەتەوایەتیش بەهۆی کوردبوونەوە بەهەمان شێوە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردیشەوە زوڵمی لێ‌کراوەو بەناوی شۆڕش کردنەوە داخوازی‌یە ڕەواکانی بەم لاولادا براوە، کەواتە ئەو کێشە نەتەوەییەی کەئێستا هەیە مێژووەکەی زۆر درێژ نی‌یە وەکو ناسیونالیستەکان بۆ نیشاندانی بنەمای سەرەکی بزووتنەوەکەیان بەنەتەوەیی (نەك بۆرژوازی)، خۆیان پەیوەست دەکەنەوە بەمیرنیشینەکان‌و شۆڕشەکانی دەلۆو بەدرخانی‌یەکان‌و .. تاد. بەپێچەوانەوە مێژووی ئەم کێشەیە بەم مانایەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆسەرهەڵدان‌و گیرسانی بۆرژوازی لەعێراقداو سەقامگیربوونی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و ئابووریەکانی ئەو چینە.

ڕاستە پێش سەرمایەداریش کورد شەڕو کێشەو تەنانەت ڕاپەڕنیشیان بووە، بەڵام کەمتر وەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی فراوان‌و زۆرتر لەچوارچێوەی بەرژەوەندی‌و دژایەتی زلهێزەکان‌و خاوەن دەسەڵاتەکانی ناوچەکە بووەو زۆرجار بەهۆی ئەم پاشکۆیەتی‌یەوە میرنشینە کوردەکان لەبەرامبەری یەکتردا کەوتوونەتە شەڕی درێژخایەن‌و خوێناوی. ئەمە تەنها تایبەتمەندی‌یەکە کە ناسیونالیزمی کورد لەو میراتە وەری‌گرتووەو تائێستاش بەپوختی پاراستوویەتی‌و ئەمە یەکێکی تر لە هۆیەکانی ئەو نائینسجامی‌یە کەناسیونالیزمی کورد، هەر لەسەرەتاوەو تائێستاش دەرگیریەتی. واتە ئەگەر گواستنەوەی دەسەڵاتی ڕابەری لەگوندو خیڵەکانەوە بۆشارەکان‌و بۆ دەستی بۆرژوازی یەکێك لەهۆیەکانی نائینسجامی

ناسیونالیزمی کورد بووبێت، ئەوە وابەستەیی بەسیاسەت‌و بەرژەوەندی وولاتە جیاوازەکانەوە هۆیەکی ترەو جیاوازی مەبەست‌و بەرژەوەندی وولاتەکان ئەمانیش لەگەڵ خۆی هەڵدەپێکێ‌و بەئاراستەی جیاوازدا دەیانبات، کەبەڕای من ئەمە یەکێك لەهۆیە سەرەکی‌یەکانی مانەوەی کێشەی کوردستانیشە بەچارەسەرنەکراوی، واتە وابەستەیی یەوولاتان‌و چاوەڕوانی ئەوەی کەهاوکاری‌و هاتنەناوەوەیان هۆیەك بێت بۆ ڕزگاربوونی کوردستان لەزوڵمی قەومی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ تیایدا. نەك هەر بەو ئاقارەدا نەچووەتە پێشەوە، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە هۆیەك بووە بۆ ڕێگا گرتن لە چارەسەری کێشەی کوردستان. لەلایەکەوە کوردستان نەی توانیوە ڕێگاو شوێنی کوەیت‌و ئیسرائیل‌و ئەفغانستان‌و....تاد هەبێ بۆ وولاتانی ئیمپریالیستی‌و زۆرتر مانەوەی کێشەکە بەقازانجیان بووە وەك هۆیەك بۆ تەدەخول‌و موراهەنە لەسەرکردن. بەنیسبەت وولاتانی دراوسێ‌شەوە کەخاوەنی کیشەی کورد بوون وەك عێراق. چارەسەری کێشەکە لەعێراقدا کێشەی ناو خۆی ئەوانیشی قوڵتردەکردەوە، بۆیە بەهەردوو بارەکەدا حوکمی مەنتیقی ئەوەیە کەنەیەڵن چارەسەری کێشەی یەکجاری کوردستان سەربگرێ‌و بەشێکی ئەوەی کەویستوویانە پەیوەندی حزبە بەنفوزەکانی کوردستان بەخۆیانەوە گرێدەن‌و هاوکاریان کردوون بۆ کۆنترۆڵی ئەمە بووە. کەواتە ئەو چاوەڕوانییەی هەندێجار لەناو خەڵکی کوردستانداو بەتایبەتیش لەناو حزبە ناسیونالیستەکاندا بەهاتنە ناوەوەی وولاتان هەیە هەر لەبنەڕەتەوە لەجێی خۆی نیە، نەدروستکردنی دەوڵەتانی وەك پرۆ ڕووسی‌و پرۆ ئەمریکی ئێستا زەمینەی هەیەو نەوولاتانی دراوسێش بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد هەوڵێك بەخەرج دەدەن، بۆ نمونە ئێران ئەگەر بۆی بڕوا حکومەتێکی ئیسلامی لەکوردستان دروست دەکات‌و ئەو هەوڵەی فراوانتر دەکات کەلە هەڵەبجەدا داویەتی، تورکیاش بەرزکردنەوەی توانای تورکمانەکان‌و زیندووکردنەوەی ولایەتی موصڵ خولیایەتی نەك دەسەڵاتی کوردەکان‌و کێشەی کورد. نەبینی ئەم ڕاستییانە یان خۆ بواردن لێی چارەسەری کێشەی کوردستانی کردۆتە گرێ کوێرەو بەڕاستیش ئەو هەموو قوربانیدان‌و تێکۆشانەی لەکوردستاندا کراوە لەماوەی 50–60ساڵی ڕابووردوودا زۆر لەوە زیاترە کەمەسەلەیەکی دیموکراتی وەك مەسەلەی میللی پێ‌چارەسەر بکرێ، بەڵام دیارە ئەمە بەمەرجی ئەوەی رابەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە بیەوێ بەواقیعی چارەسەری ئەو کێشەیە بکات‌و ئامانجی تری لەپشتی‌یەوە نەشاردبێتەوە.

هەڵبەت ئەوەی کەووتم هیچ ناکۆکی‌یەك لەگەڵ ئەوە پێکناهێنێ کەسەرەتای بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەکوردستان بەگەکان‌و شێخەکان جڵەویان بەدەستەوە بووە، بەڵکو لەپرۆسەی تەکامولی ئابوری کوردستاندا هەر ئەمانە بوون کەبەشی سەرەکی چینی بۆرژوازی کوردستانیان پێکهێناو ئەمەش یەکێك لە هۆیەکانی ئەو دواکەوتوویی‌و کۆنەپەرستی‌یەیە کە بەگشتی بەسەر بزووتنەوەکانی بۆرژوازی کوردەوە هەیە.

مەسەلەیەکی تر کەلێرەدا جێگەی باسکردن بێت، جیاکردنەوەی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردو خواست‌و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم‌و چەوسانەوەی نەتەوەیی‌و هەروەها دیاریکردن‌و نیشاندانی تایبەتمەندی هەریەکەیان، سەبارەت بەناسیونالیزم، هەم لەمێژووی خەباتی کۆمۆنیستەکانداو هەم لێرەشدا قسەی زۆرکراوە، بەڵام سەبارەت بەجووڵانەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەوەی پێویست بێت بووترێت ئەوەیە کە کێشەی نەتەوەیی سەرباری هەوڵەکانی ناسیونالیزم (بەتایبەتیش هەوڵەکانی ناسیونالیزمی بەعس) بۆتەرحیلی ناوچە کوردی‌یەکان‌و نیشتەجێکردنی عەرەب تیایدا بەڵام هێشتا ئەو کێشەیە نەگۆڕاوە بەکێشەی نێوان کوردو عەرەب وەك دوو نەتەوە واتە نەبووەتە دوژمنایەتی شەعبی‌و زۆرتر دوژمنایەتی بووە لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی عێراقدا.

بەو پێیە هیچ کات خواستی خەڵکی کوردستان بۆڕزگاربوون لەزوڵمی نەتەوایەتیو خەباتو تێکۆشانیان لەو پێناوەدا تەنانە لەو کاتانەشدا کە کەزۆرترین کاریگەری ناسیونالیزمی لەسەر بووە هێشتا یەکسان نەبووە بەبزووتنەوەی سیاسی ناسیونالیزمی کوردو لەلایەکی تریشەوە چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان، وەك لەباسی نەتەوە سەردەستو ژێردەستەکاندا باسمان کرد، بەهیچ شێوەیەك نەك هەر نەبۆتە سەرچاوەی خێرو خۆشی ماددی بۆ کرێکارانی عەرەب تالەسەر بنەمای ئەوە چووبێتنە پاڵ ڕژێمی سیاسی عێراقو بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە پارێزگارییان لەبانتربوونی نەتەوەیی خۆیان کردبێ یان بۆی تێکۆشابن.

کەواتە لەلایەکەوە یەکسان نەبونی خواستو خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی بەناسیونالیزمی کوردو لەلایەکی تریشەوە تەبدیل نەبونی خەڵکی عەرەب بەدوژمن کاری نائینسانی ڕژێمی بەعس دژی خەڵکی کوردستانو لەنێوان ئەو دوو لایەنەشدا درێژ نەبوونەوەی کێشەی نەتەوەیی بۆ دوژمنایەتی لەنێوان کوردو عەرەبدا، لەسەر ئاستی شەعبیو جەماوەری، هەموویان دەبێ وەك فاکتو زەمینەی باش لەچارەسەری مەسەلەی میللیدا چاو لێبکەینو ئەوە ببنینین کە بەئاسانی ئیمکانی ئەوە هەیە کە خەباتو تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاری لەزوڵمی نەتەوەییو خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خەڵکی عەرەب زمان بەدژی ڕژێمی بەعس لەیەك گرێبدرێنو بخرێنە یەك ئاراستەوە. ئەمەش لەکاتێکدا کە خەباتو تێکۆشانی خەڵکی کوردستان هیچ کاتێك بەتەنها بۆ لابردنی زوڵمی قەومی نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەمە فراوانتر بووەو خەبات بۆ ئازادی سیاسیو خەباتو بۆڕووخاندنی ڕژێم، خەبات بۆ بەدی هێنانی ڕیفۆرمەکانو دژایەتی لەگەڵ سەرکوت بەشێك بووە لێی، کە خاڵی هاوبەشن لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی باقی خەڵکی عێراقدا.

## ئەحمەد معین

جووڵانەوەی قەومی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستانە بەرامبەر بەستەمو زوڵمی قەومی. ڕاستە حزبەکانی بزووتنەوەی قەومی کوردو ئەو حزبە بۆرژوازییانەی کەبەناوی مەسەلەی قەومییەوە هاتوونەتە ئاراوە هەوڵیان داوە زۆرترین نفووزیان هەبێ لەو جووڵانەوەیەداو عادەتەن ئەوان ڕابەرایەتییان کردووەو توانیویانە خەڵکی کورستان بەئەفکاری قەومی خۆیان خەڵخڕێنن، بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین کەجووڵانەوەی قەومی خەڵکی کوردستان پێش هەرشتێك بەتایبەتی لەساڵی 1963بەدواوە کاردانەوەو بەرپەرچێك بووە بەرامبەر ئەو زوڵمەی کەناسیونالیزمی عەرەب بەسەر کوردەکاندا سەپاندوویەتی. نابێ ئێمە ڕیشەی بوونی زوڵمی قەومی لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسییەی کەبەسەریدا زاڵبووە تێکەڵ بکەین، بەواتایەکی تر جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان دژی زوڵمو ستەمی قەومی دەستکردی بۆرژوازی قەومی کورد نەبووە، بەڵکو کاردانەوەیەك بووە بەرامبەر هەڵاواردنو سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی ناسیونالیزمی عەرەب. کاتێك ناسیونالیزمی عەرەب جڵەوی بۆ شل بووبێ زۆرترین تاوانو سەرکوتی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان نواندووە، بەکردەوە حزبە قەومییەکانی کورد هەرچەندە سەرنجام زوڵمی قەومییان قووڵکردبێتەوە، بەڵام خۆیان بوون بەبەربەستێك لەبەرامبەر بەو زوڵمە قەومییەشدا. ئەمە ئیمتیازێك نییە بیدەین بەوان بەڵکو واقعیەتێکە ئەبێ باسی بکەین. نموونەی ئەوە لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەبینین. کاتێك جووڵانەوەی کوردایەتی لەبواری چەکداری یان جەماوەری دەوری کەمبۆوەو دواتر لەسالانی 1987ـ 1988 دا حەزف بوو ئەوکات زوڵمو چەوسانەوەی قەومی بەبەراوورد لەگەڵ پێشوودا زۆر توونددو تیژتر بوو.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوانەی سەرەوە ئێمە کەرێگاچارەیەك دابنێین بۆ مەسەلەی کورد یەکەم ئامانج لابردنی نفوزی ناسیونالیزمی کورد لەسەر جووڵانەوەی قەومی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو یەکەم ئامانج بەوە دەست پێدەکەینو دەڵێین کۆتایی هێنانی هەمەلایەنە بەزوڵمی قەومی رژێمی بەعسو

ناسـیونالیزمی عـەرەب بەگشـتی لەسـەر خـەڵکی کوردسـتان و ڕێگەنـەدان بەدامـەزراندن و جێگرتنـەوەی ئـەو ڕژێمـە بـەڕژێمێکی تـر کـە لەسـەر بناغـەی قـەومی دامـەزرابێ.

* * *

# دەیەی نەوەتەکان و
# بارودۆخی ئێستای مەسەلەی قەومی کورد

نزار عبدالله

من دەمەوێ بەکورتی سەبارەت بە مەسەلەی کورد و بارودۆخی نەوەتەکان بدوێم، چونکە لەو بارەوە لەچەند ساڵی رابووردوودا زۆر قسەی پوخت و هەمەلایەنەمان بووە.

گرنگترین ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریەك کەبەدیهاتبێ لـەو مەسـەلەیەدا گۆڕانـی پـەیوەندی تـەقلیدی نێـوان بزووتنـەوەی قەومی کورد ناسیونالیزمی عەرەبی حاکم بووە لەعێراق.

ئەم ئاڵوگۆڕە لەکۆتایی هەشتاکاندا دەستی پـێکردبوو. قووڵبوونـەوەی ئەزمـەو قـەیرانی ئـابووری و سیاسـی ڕژێـم دوای ڕوودانی شەڕی ئێران ـ عێراق و پەلەقاژە بۆ دەربازبوون لێی و جڵەوکردنی بارودۆخی سیاسی کوردستان لەلایـەك، وە هـەوڵی ناسـیونالیزمی کـورد بـۆ خۆتـەعریف کردنـەوەو خۆسـازدانەوەو خۆئامـادەکردن بـۆ ئاکامـە سیاسـی و ئابوورییەکانی داهاتوو لەلایەکی ترەوە خەریك بوو زەمینەی خۆشدەکرد بۆ گۆڕیـن و دەسـتپێکردنەوەی سـەر لـەنوێی کێشەو ململانێی هەردوو لایەنەکە. هەڵبەت بزووتنەوەی قەومی کـورد نـەیدەتوانی بـەو پەراگـەندەیی و پاشەکشـەیەوە کەبەسـەریدا سـەپابوو ڕووبـەڕووی ئـەو بارودۆخـە نوێیـە ببێتـەوەو دەبـوو زیـاتر بکەوێتـە خـۆی و ڕیزەکـانی بـۆ دوو مەبەسـتی دیـاریکراو یـەکبخات: یەکـەم: ڕاکێشـانی پشـتیوانی ئـەمریکاو غـەربو دەوڵـەتانی ناوچەکـە. دووەم: کـەڵك وەرگرتن لە ناڕەزایەتی و بێزاری خەڵك بەرامبەر بەدەسەڵاتی ڕژێم و دامو دەزگا داپلۆسێنەرەکانی.

دوای داگیرکردنی کوەیت هـەموو هاوسـەنگیەکانی ڕابـووردوو بەسـەر یـەکدا ڕووخـان. ڕژێـم کەوتـە نـاو گێـژاوی ئەزمەیـەکی قووڵـەوەو بەرەیـەکی جیـهانی وەکـو دوژمنێك بەرامبـەری ڕاوەسـتان. ناسـیونالیزمی کـورد ئـەو هەلـەی قۆستەوەو هەموو دوژمنەکانی ڕژێمی بەدۆستی خـۆی زانـی و بەرژەوەندییـەکانی خـۆی بەبەرژەوەندیـەکانی ئـەمریکاو غەربەوە گرێدایەوە. ئەم جووڵانەوەیە بوو بەپردێك لەناوخۆدا بـۆ نوێنەرایـەتی کردنـی ئـەمریکاو وەسـتانەوە بـەڕووی ڕژێمدا. بۆئەم مەبەستە مەسەلەی زوڵمی قەومی لەسەر کوردەکانی عێراق بوو بەچەکێکی کاریگەر ((لەسایەی هاوکـاری ناسیونالیزمی کورددا)) بەدەست ئەمریکاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم و پاشەکشە پێکردن و ڕسواکرنی. مەسـەلەیەکی ڕەواو عادیلانە بوو بەچەکێکی کۆنەپەرستانە بەدەسـتی ئـەمریکاوە تـا بـەپێی بەرژەوەندییـەکانی دژی ڕژێـم بـەکاری بهێنێ. بەڵام گرێدانەوەی خواستی خەڵك بـۆ نەهێشـتنی هـەلاواردن و چەوسـانەوەی قـەومی بەتەنـها نـەیدەتوانی وەڵام دەرەوەبێ. دەبوو ناسیونالیزمی کورد لیاقەتی ئەوە نیشان بدات کەبەکردەوە دەتوانێ لەناوخۆدا بەرەیەکی دژی ڕژێـم بکاتـەوەو ڕای گشـتی خـەڵك بۆقبووڵکردنـی بڕیـارو نەخشـەکانی ئـەمریکا ئامادەبکـات و پاسـاوی بۆبهێنێتـەوە. لـەم بارەیەوە ناسیونالیزمی کورد ئەو دەورەی گێڕاو لیاقەتی ئەنجامدانی کاری لەو چەشنەی نیشاندا.

دیـارە قووڵـی ناڕەزایـەتی خـەڵك دژی ڕژێم، بـارودۆخی ئەنفالـەکان، کوشـتارو جینۆسـاید، سـەرکوت و داپڵۆسـین و بێمافی و ... تـاد. تێکـڕا ئەوانـە شـعورو ئیحساسـێکی تۆڵـە ئـامێزی لـەناو خـەڵکدا درووسـت کردبـوو. ئـەوان لەهـەلێك

دەگەڕان تا تۆڵە لەڕژێم بکەنەوەو گورزێکی کاریگەر لەدام‌و دەزگاکانی بووەشێنن. حزبە کوردی‌یەکانیش ئەوەیان دەزانی‌و بەهەموو هەوڵ‌و توانایانەوە خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامادەکرد.

کاتێك ئینتفازە ڕوویدا بەدیاریکراوی مەسەلەی زوڵمی قەومی‌و پەیوەندی نێوان ناسیونالیزمی کوردو عەرەب ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەردا هات.

بەدەر لەئیرادەی ناسیونالیزمی کورد، خەڵك بەشێوەیەکی زۆر گەورەو فراوان لەشارەکاندا هاتنەمەیدان‌و پەلاماری دام‌و دەزگاکانی رژێمیان داو دەسەڵاتیان بەسەر شەقام‌و کۆڵان‌و دام‌و دەزگاکاندا پەیداکرد.

ئەو شێوەیە لەهاتنە مەیدانی خەڵك کەم وێنەبوو، لەچوارچێوەو لەدرێژەی خەباتێکی لەوەوپێشی حزبە کوردی‌یەکاندا نەبوو، بەڵکو شێوەیەکی خەباتی شاریی مودێرن‌و نوێبوو. ئەگەرچی دەکرێ لەزۆر لایەنەوە مۆرکی دواکەتووانەو ڕووخێنەرانەی باس بکەین‌و ڕەخنەی لێبگرین. ئێمە ناکرێ ئینتفازەیەکی لەو جۆرە بەدەلیلی ئەوەی ئاسۆو ئامانجی لێڵ بووە یان ئاسۆو ئامانجی ناسیونالیزمی کوردی بەسەردا زاڵبووەو خودی دەست پێکردنی ڕووداوەکانی دواتری لەلاپەڕەکانی ئەو هێزەدا تۆماربکەین، کارێکی لەو جۆرە دیاری‌یەکەو بەناهەق دەیدەین بەحزبە قەومی‌یە کوردەکان.

کاتێك زیاتر خەسڵەتی شاریی‌و مەدەنی ئیتفازە دەردەکەوێ کەڕووداوەکانی مانگی تەموزو ئابی 1991 بهێنینە پێشچاو. خەڵك دەسەڵاتی ڕژێمی نەدەویست‌و خۆی بۆ ئینتفازەی نوێ ئامادەدەکرد.

ئەو کاتەی حزبەکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمدا خەریکی گفتوگۆو سات‌و سەودابوون، خەڵك بەپێچەوانەی وویست‌و ئارەزووی ئەوانەوە لەشەقام‌و کۆڵان‌و شوێنە گشتی‌یەکاندا پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمیان دەداو دەبابەکانیان تێکدەشکاندو ئاگریان تێبەردەدا. ئەو ڕووداوانە هۆکاری سەرەکی کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم بوو لەکوردستاندا. ئەو ڕووداوانە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گرنگی‌تر بوون لەکوردستاندا، واتە دەسەڵات پەیداکردنی بەرەی کوردستانی‌و سەرەنجام دامەزراندنی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم. بۆ یەکەم جار لەمێژوودا حزبە کوردی‌یە قەومی‌یەکان دەسەڵاتی تاقانەیان وەرگرت لەکوردستانداو ئەو بۆشایی‌یەی دروست ببوو پڕیان کردەوە. ئەمە سەرەتای بەرانبەرکێی عەمەلی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی خەڵك‌و دەسەڵاتدارانی قەومی کوردبوو. ئەو بەرانبەرکێیەی تاکو ئێستاش درێژەی هەیەو قووڵتر دەبێتەوە. ئەگەر تا دوێنی زۆرتر لەباری فکری‌و سیاسییەوە باس لەناکۆکی بەرژەوەندیەکانی خەڵك‌و حزبە کوردییەکان دەکرا، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ئەو ناکۆکی‌یە لەزۆربەی مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا مانای پەیداکرد. دژایەتی ئەو حزبانە لەگەڵ هاتنەمەیدان‌و دەخاڵەتی خەڵك، لەگەڵ داخوازی‌یەکان‌و مافە سەرەتاییەکانیاندا، لەگەڵ شووراکان‌و یەکێتی‌یە کرێکاری‌و جەماوەری‌یەکان، لەگەڵ ژنان، تەنانەت لەگەڵ هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیان دژی ڕژێمی بەعس‌و .. تاد ئەوانە هەموویان دەرکەوتن‌و وەکو ڕاستی‌یەك بۆ خەڵك ئاشکرابوو.

کاتێك ڕۆشنتر ئەو خاڵەمان بۆ دەردەکەوێ کەسەیری ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوورییانە بکەین کەبەسەر پێکهات‌و خەسڵەتی حزبە قەومییەکانی کورددا هاتووە.

ئەم حزبانە کەشاخ‌و لادێکان مەڵبەندی سەرەکییان بوو لەشارەکاندا کەوتن بەسەر ئیمکانات‌و سامانێکی زۆرداو قۆرخیان کردو هەموویان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەگەر پێش ئازاری 1991 ئاسۆو ئامانج‌و سیاسەتەکانیان دیفاع بووە لەبەرژەوەندی‌یەکانی بۆرژوازی کورد، ئەوە دوای دەسەڵات وەرگرتنیان لەوەش واوەتر چوون‌و پێکهاتیشیان ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرداهات: لەحزبێکی بۆرژوازییەوە بوون بەحزبی بۆرژواکان. پێ‌بەپێی مانەوەیان لەدەسەڵاتدا هەر کادرو کاربەدەست‌و مەسئولێکی حزبی دەسەڵاتدار هەبوو لەهەوڵی ئەوەدابوو کە سامان‌و داهاتێکی زۆر بۆخۆی بەرێ‌و لەهیچی نەبوو ببێ بەبۆرژوازێك. ئەم هەوڵ‌و هەڵپەیەی مەسئولە حزبیەکان تازەمەن بەولاترەوە چووە زیادی کردووە. بۆیە دەبینین کە لەڕووی پێکهاتی کۆمەڵایەتیانەوە لەزۆربەی خەڵك جیابوونەتەوەو چوونەتە سەرووی خەڵك. لەهەرێمێکی هەژارو دەسکورتدا بوون بەحزبێکی دەوڵەمەندو سەروو خەڵکی، تەرخان کردنی

دەسەلاتو نفوزی حزبی بۆ کۆکردنەوەی سامانو سەروەت مانایەکی کۆمەلایەتی قوولـی هەیـەو پالپشـتو پشـتیوانیو پایەی جەماوەری ئەو حزبانە زۆرکەم دەکاتەوەو لەرزۆکی دەکات، نارەزایەتی بەدژیان زیـاتر پـەرەدەسـێنێ، ئـەوانیش ناچارن، بیانەوێو نەیانەوێ کـە ئـەو نارەزایەتییانـە خـامۆش بکـەنو بازنـەی سـەرکوتو داپلۆسـین فـراوان بکەنـەوە، پاشەکشە بەخەلك بکەنو رێگا لەجموجۆلو هاننەمەیدانی بگرنو کۆسپی بۆ پێکبهێنن.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بلێم کە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لەکوردسـتاندا جگـە لەهەرەشـەکانی رژێمـی بـەعس رووبـەرووی هەرەشـەی نـاوخۆییو دەرەکـەیش بۆتـەوە. دەولـەتانی ناوچەکـە بـەپێی بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان لەکوردستاندا تەدەخولیان کردووە، هەم ئەو حزبانە چارەنووسی خۆیانو بەرژەوەندییەکانیان لەگەل ئەو دەولەتانـەدا یەکخستووەو هەم خەلکی کوردستانیشیان ناچار کردووە کە لەخەباتیاندا بۆ کۆتایی هێنـان بەسـتەمو زولمـی قـەومیو بێمافیەکانی تریان بەرژەوەندیو دەسەلاتی ئەو دەولەتانە بەسەر کوردستاندا قبوولبکەنو ملکەچبن.

لەسەر ئاستی ناوخۆش هێزە ئیسلامییەکان هاتوونەتە ناوەوەو بوون بەهەرەشەیەك بۆ سەر دەسەلاتی ئەوان. هەم شـەری نێـوان حزبـە قەومیـیـەکان لـەناوخۆیانداو هـەم شـەریان لەگـەل هـێزە ئیسـلامییەکان بەگشـتی، بـارودۆخێکی ناهەمواری بۆ خەباتی سیاسیو کۆمەلایەتی کرێکارانو خەلکی کوردستان پێکهێناوە. بەلام تاهاتووە هەرەشـەی هـێزە ئیسلامییەکان قـابیلی کۆنـترۆل بـووەو مەترسـییەکانیان کـەمتر بووەتـەوە. حزبـە قەومیـیـەکان وەکـو حـزبو هـێزی پلەیەك ماونەتەوەو هێزە ئیسلامییەکانیش (سەرەرای پشتیوانیو پالپشتی دەولەتانی ناوچەکە لێـان) پلـەدوو. جگـە لەزوعفـو کەمو کورییە سەرەکییەکانی هـێزی ئیسـلامی، خـودی ئـەو واقیعیەتـە بەشـێکی گرنـگو ریشـەیی لـەبوونی ستەمو زولمی قەومیدایە کە ئەو جێوشوێنە گونجاوەی داوە بەحزبە قەومییەکانی کورد.

کاتێك ئەو بارودۆخە لەبەرچاوەگرین دەبینین کەمەسـەلەی زولمـی قـەومیو رێگاچارەکـانی هێشـتا لـەچوارچێوەی رێگاچارەکانی بـۆرژوازیو بەتایبـەت لـەچوارچێوەی رێگاچـارەی ناسـیونالیزمی کوردداپەو حزبـە ئیسـلامییەکان هیـچ رێگەچارەو چارەسەرێکی تایبەت بەخۆیان نەهێناوەتە ناوەوەو بەکردەوەو بـەرەسمی پشـتیوانییان لەحزبـە قەومییـە کوردیەکانو بەدیلو رێگاچارەی ئەوان کردووە. لەبەرئەوە مەترەح ترین رێگاچارە بۆئەو مەسەلەیە رێگاچـارەی ئەوانـە لەواقعی ئەمرۆدا. هەرچەندە لەروانگەی ئێمـەوە رێگاچارەیـەکی کۆنەپەرسـتانەو پـر سـاتو سـەوداش بـێ. بەداخـەوە کەرێگاچارەی سۆسیالیستی، یان رێگاچارەیەکی رادیکالو عادیلانە بـەهۆی لاوازییـەکانی بزووتنـەوەی کرێکارییـەوە، بەهۆی لاوازییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو بزووتنەوەی جەماوەری خەلکەوە دوورتر دێتـە پێشـچاو. ئـەم لاوازیانـە دەوری هەبووە کەمەسەلەی زولمـی قـەومی لەسـەر کـورد بـۆرژوازی بـەپێی بەرژوەندییـەکانی خـۆی کایـەی پێبکـاو رێگەچارەی ئەو واقعیو موعتەبەر دەربکەوێ. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کەبزووتنەوەی کرێکاریو جـەماوەری خـەلك هەولی نەداوە ئەو لاوازیانە وەلام بداتەوەو کەموکورییەکانی خۆی پربکاتەوەو پاشەکشە بەبۆرژوازیو ئاسۆو ئامـانجی زالی ئەو بکات. بەپێچەوانـەوە لـە مێـژە بزووتنـەوەی چـەپو بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی هـەولیداوە کەرێگاچارەیـەکی رادیکالو عادیلانەو سۆسیالیستی بخاتە روو. راستە ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیـەکی سـەربەخۆ بـووەو سـەرهەلدانو گەشەکردنو پەرەسەندنی لەبوونی خەباتی کرێکارییو دابەشبوونی چینایەتی کۆمـەلگاوە سـەرچاوەی گرتـووە، بـەلام هەمیشـە یـەکێك لـەخولیاکانو هەولـەکانی بـۆ خسـتنەرووی ئـەو رێگاچارەیـە بـووە. لـەواقیعدا گەشـەکردنی ئـەم بزووتنەوەیـەو مـەیداناربوونی بـۆ سـەرەتای دەیـەی نەوەتـەکانو ئینتفـازەی ئـازارو بزووتنـەوەی جـەماوەری خـەلك دەگەرێتەوە. هەر لەگەل سەرهەلدانیدا بۆ هێنانەمەیدانی خەلك لەشووراکاندا، بۆخستنەرووی داخوازییەکانیان خـەباتی کرد. گەرانەوە بۆ ئیرادەی خەلكو پشتبەسـتن بـەهێزی ئـەوان بـۆ ئـالوگۆری کۆمـەلو بـۆ چارەسـەری سـتەمو زولمـی قەومیو ... تاد ئەوانە خەسلەتو تایبەتمەندی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە بوون کە بەناچار دەبـوو لەگـەل رێگاچـارەی بۆرژوازیو کۆنەپەرستیدا بکەوێتە ململانێو بەرەنگاری بێتەوە. هەر لەبەرئـەوە سـەرنجی خـەلك کوردسـتان هاتەسـەر ئەم هێزە، چی دەلێت، چ پـەیامێکی پێیە؟ بەرانبەر بە رژێم دەیەوێ چی بکات؟ بۆ چارەسەری زولمو سـتەمی قـەومی لەسەر کورد دەلێ چی؟و ... تاد هەلبەت بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپ بەزۆر شت وەلامی داوەتەوە، بەلام رێگاچارەی

بۆ کۆتایی هێنان به‌زوڵمی قه‌ومی ناچه‌ند ساڵی یه‌که‌می ده‌یه‌ی نه‌وه‌ته‌کان هه‌ر گشتی بوو. ڕه‌تکردنه‌وه‌ی دابه‌شبوونی قه‌ومی، پێداگرتن‌و له‌سه‌ر ئه‌نته‌رناسیونالیزم، دژایه‌تی ڕژێم‌و سه‌رکوت‌و تۆقاندنه‌کانی، وه‌ستانه‌وه به‌دژی گه‌ڕانه‌وه‌ی، دژایه‌تی سات‌و سه‌ودا به‌مه‌سه‌له‌ی کورده‌وه‌و ...تاد زۆر شتی تر هه‌موو ئه‌وانه سه‌ره‌ڕای ئیجابی‌بوونیان هێشتا دووربوون له‌ڕێگا چاره‌یه‌کی تایبه‌ت له‌و بارودۆخه‌دا. ئه‌وه‌بوو دواتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق مه‌سه‌له‌ی جیابوونه‌وه‌ی کوردستانی هێنایه ناوه‌وه.

هه‌ڵبه‌ت کاتێك چووینه سه‌ر باسی ڕێگاچاره‌کان بۆکۆتایی هاتنی زوڵمی قه‌ومی‌و چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی کورد پێوسته به‌تایبه‌تی له‌و باره‌وه قسه‌ی هه‌مه‌لایه‌نه بکه‌ین. هه‌ریه‌ك له‌ڕێگاچاره‌کان بده‌ینه به‌رباس‌و لێکدانه‌وه‌و له‌وانه‌ش ڕێگاچاره‌ی جیابوونه‌وه‌ی کوردستان‌و پێکهێنانی وولاتێکی سه‌ربه‌خۆ.

له‌کۆتایی‌دا ئه‌وه بڵێم که‌سه‌ره‌ڕای مه‌تره‌حبوونی زیاتری ڕێگاچاره‌ی بۆرژوازی‌و حزبه قه‌ومی‌یه‌کانی کورد به‌به‌راوورد له‌گه‌ڵ ڕێگاچاره‌ی ڕادیکاڵ‌و عادیلانه‌و سۆسیالیستی‌دا، هێشتا ده‌رگا به‌ڕووی ئه‌مه‌ی دواییدا دانه‌خراوه. کوردستان به‌بارودۆخێکی تایبه‌تدا تێپه‌ڕ ده‌بێ. هێزه‌کانی ڕژێم له‌کوردستاندا نه‌ماون‌و ئاسۆی گه‌ڕانه‌وه‌یان تاکو ئێستا تاریکه، هه‌ندێك ماف‌و ئازادی بوونی هه‌یه که له‌گه‌ڵ شوێنه‌کانی تری عێراقدا به‌راوورد ناکرێ‌و به‌واقعی خه‌ڵکی ناوچه‌کانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی ڕژێم ئاواتی پێده‌خوازن‌و پێیان باشه، کۆمه‌ڵێك داخوازی به‌دی‌هاتووه (له‌چه‌شنی ده‌رچوونی هێزه سه‌رکوتگه‌ره‌کانی ڕژێم) که‌چه‌ندین ساڵ خه‌ڵك خه‌باتی بۆ به‌دیهێنانیان کردووه. له‌م بارودۆخه‌دا ده‌کرێ‌و زه‌مینه‌ی ئه‌وه هه‌یه خه‌ڵك له‌ده‌وری ڕێگاچاره‌یه‌کی رادیکاڵ‌و سۆسیالیست کۆببێته‌وه.

**احمد معین:**

## ئاڵوگۆڕی بارودۆخی سیاسی کوردستان ـ ئه‌حزابی ناسیونالیست‌و مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی

لێکدانه‌وه‌یه‌کی مارکسی ڕۆشن کۆمه‌ك ده‌کات به‌تێگه‌یشتن له‌لایه‌ن‌و فاکته‌ره جۆراوجۆره‌کان که‌ده‌وریان هه‌یه له دیاری‌کردنی سیما سیاسیه‌کانی وه‌زعی ئێستای کوردستان به‌گشتی‌و مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی به‌تایبه‌تی. به‌ڵام دیاره ئێمه لێره‌دا مه‌به‌ستمان ئه‌وه‌یه که‌به‌دیاری‌کراو تر باس له‌مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی بکه‌ین نه‌ك ئه‌وزاعی سیاسی کوردستان به‌گشتی‌و لایه‌نه جۆاروجۆره‌کانی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به‌تایبه‌تی، به‌دیاری‌کراوتر لێکدانه‌وه‌یه‌کی سیاسی ڕۆشن له‌سه‌ر بارودۆخی نه‌وه‌ته‌کانی سه‌ده ڕابووردوو یارمه‌تیمان ئه‌دات که له‌کۆتاییدا بتوانین هه‌م هه‌ڵوێستی سیاسی خۆمان له‌سه‌ر بارودۆخی مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی دیاری بکه‌ین هه‌م به‌په‌یوه‌ند به‌مه‌شه‌وه به‌رانبه‌ر به‌ڕێگاچاره جۆراوجۆره‌کان بۆ چاری ئه‌م مه‌سه‌له‌یه، هه‌ڵوێستمان ڕۆشن بکه‌ینه‌وه. گه‌ر له‌و چوارچێوه‌یه‌دا ڕێگه‌چاره‌یه‌کی هه‌مه‌لایه‌نه‌ش نه‌بێ ئه‌وا ئصوڵ‌و توخمه ئه‌صڵی‌یه‌کانی ڕێگاچاره‌ی سۆسیالیستی ده‌ستنیشان بکه‌ین.

ئێمه زۆرجار ووتوومانه که‌بارودۆخی مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی له‌مڕۆی کوردستاندا حاصڵی ته‌فاعولاتی له‌وه‌وپێشی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه نی‌یه‌و درێژه‌ی راسته‌وخۆی قۆناغی هه‌شتاکان نیه. زیندووبوونه‌وه‌ی ئه‌م قۆناغه‌ی مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی ئاکامی ئه‌و بارودۆخه‌ی دوای ڕاپه‌ڕینه‌و به‌شێکه له‌و لێکترازانانه‌ی که‌وته ناو عێراقه‌وه له‌ئاکامی ئاڵوگۆڕه‌کانی دوای شه‌ڕی خه‌لیج. ئه‌و ئاڵوگۆڕانه کاریگه‌ریی قووڵی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی کوردیش هه‌بوو وه بردی‌یه قۆناغێکی نوێوه.

ئه‌وزاعی سیاسی کوردستان له‌ئێستادا له‌ژێر کاریگه‌ری دوو مه‌سه‌له‌دایه:

یه‌که‌م: ته‌فاعولاتی مه‌سه‌له‌ی قه‌ومی له‌قۆناغێکی زۆر تازه‌دا ئه‌بعادێکی ئیقلیمی‌و جیهانی به‌خۆوه گرتووه‌و تێکه‌ڵ بووه به‌مه‌سه‌له‌ی ململانێ ئه‌مریکاو عێراق.

دووه‌م: داهاتووی ئه‌وزاعی سیاسی عێراق به‌مانه‌وه‌ی ڕژێم‌و درێژه‌ی ته‌ده‌خولی ئه‌مریکاوه.

ئێمه به‌چاوی خۆمان ده‌بینین که له‌کاتێکدا کۆنه‌په‌رستی سیاسی‌و ڕاستڕه‌وی توندبۆته‌وه. له‌کاتێکدا چینی کرێکارو کۆمۆنیزم پاشه‌کشه‌ی پێکراوه، مه‌سه‌له‌ی میللی له‌و کاته‌دا بووه به‌یه‌کێ له‌مه‌سه‌له مولحه‌کانی ساحه‌ی

سیاسی عێراق، لەو نێوەشدا ناسیونالیزمی کورد وەکو بزووتنەوەی سیاسی سەرەکی بۆرژوازی کوردستان، هێندەی تر ئەو چوارچێوە کۆنەپەرستیەی بەهێز کردووەو زاڵی کردووە بەسەر کۆمەڵ‌و مەسەلەی قەومی‌دا.

ئێستا دەوری خەڵك لەژیانی سیاسیدا بەگشتی لاوازەو فەزای زاڵ بەسەر بزووتنەوەی میللی‌دا بەقازانجی شۆڕشگێڕانە نی‌یە. سالانی 70–80کان وانەبوو، خەباتی جەماوەری‌و چینایەتی دەوری هەبوو لەسەر بزووتنەوەی میللی‌و ئەوە بواری مناوەرەی هێزە قەومیەکانی تەسك دەکردەوە.

لە 4 – 5 ساڵی ڕابووردووشدا ئاڵوگۆڕێك خەریکە لەفەزای ناو کۆمەڵگای کوردستاندا بەدی دێ. ئەوەش کاریگەری دادەنێ لەسەر مەسەلەی قەومی، تەوەهوم بەئەمریکا ڕووی لەکەم بوونەوەیە. لانی کەم نەك بەئومێدی چارەی مەسەلەی کورد بەڵکو لەئاکامی بێدەسەلاتی‌و بەناچاری چاوەڕوانی ئەمریکایە، شەڕی ناوخۆیی نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و باقی بەرنامەو سیاسەتەکانیان‌و فەسادو بێبەندوباری ئەوانی لەناو خەڵکدا زیاتر تەریك خستۆتەوە. پایەی جەماوەری ئەوان لەناو خەڵکدا لەچاو سالانی 92–94 کەم بۆتەوە، بەو پێیەش هەیمەنەی ئەو حزبانە لەناو بزووتنەوەی میللی‌و لەڕیزی خەڵکدا کەم بۆتەوە، خەڵك لەڕووی بێبەدیلی‌و ناچاری‌یەوەو چونکە سەرچاوەی سەروەت‌و سامان‌و ئیدارەی وولاتیان لەسەرەوە زەوت کردووە دوایان دەکەوێ. ئەم حزبانە هەوڵیان داوە سوود لەوە وەربگرن کەخەتەری ڕژێمی بەعس کەلەو بەرەوە وەستاوە زەق بکەنەوەو بۆ زیندووکردنەوەی هەیمەنەی خۆیان‌و گیان بەبەرداکردنەوەی ناسیونالیزم سوودی لێببینن. ڕاستە لە زۆربەی کوردستاندا زوڵمی قەومی بەمانای دەسەلاتدارەتی حکومەتی مەرکەزی نەماوە، بەلام مانەوەی ئەو ڕژێمە لەسەرکارو هەڕەشەکانی لەخەڵکی کوردستان، ڕژێمێك کەزۆرترین تالاوی کردووە بەگەرووی خەڵکی کوردستاندا، جگە لە زوعفی بزووتنەوەی کرێکاری‌و سۆسیالیستی‌و کەم نفوزی لەکۆمەڵداو ئەو پاشەکشانەی کردی، گیانی یەکێتی لەسەر بناغەی قەومی هێشتا ڕاگرتووە.

دیارە ئەوەش بەقازانجی ناسیونالیزمی کورد بەتایبەتی یەکێتی‌و پارتی‌یەو توپانیوویانە سوود لەو فاکتەرە وەربگرن.

ئەو هێرشەش کە 10 ساڵە لەدنیادا کراوەتە سەر سۆسیالیزم لەکوردستانیشدا ڕەنگدانەوەی بووەو دەوری بووە لەوەی کەگیانی یەکێتی‌خوازی قەومی ڕابگرێتەوە. بەلام هیچ یەك لەوانەی سەرەوە نەیانتوانیوە پێش بەقووڵبوونەوەی ئەزمەی ناسیونالیزمی کورد بگرن. ئەوە 10 ساڵە ئەمان حوکمڕەوان‌و بیانووی بەعسیش لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتیاندا نەبووە. کوردستان لەسایەی بەرنامەو نەخشەو پلانەکانی ئەماندا بەڕێوەچووە. هاوکاری سیاسی‌و عەسکەری‌و خۆش خزمەتییان کردووە بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە، سات‌و سەودای بێ پەردەیان لەگەڵ ڕژێمی کورد کوژدا کردووە. فەسادو تفەیلەیەتیان پەرەپێداوەو سەروەت‌و دارایی کوردستانیان زەوت کردووە. بەلام هێشتا بەبارستایی ئەو ناسیونالیزم لەناوخەڵکدا پاشەکشەی نەکردووە. دەلیلەکەی زوعفی سۆسیالیزم‌و بەدیاریکراوی بێ وەلامی بووە بەمەسەلە سیاسی‌یە مولیحەکان‌و گێڕانی دەوری پێویست لەلایەك‌و مانەوەو هەڕەشەی ڕژێمی بەعس لەلایەکی تر.

مانەوەی بەعس بەو کارکردە دەیان ساڵەیەوە لەکوردستان‌و ئیقرار نەکردنی بەدەرکردنی لەکوردستاندا سەرپۆشێکی داوە بەسەر حزبە قەومی‌یەکانداو جۆرێك شەرعیەتی (خەڵکی) بەوان بەخشیوە. ئەوەش بەتایبەتی لەکاتێکدا کە (ڕێگەچارەی سێیەم) مەترەح نەبووە، واتە ڕێگەچارەی خەڵکی خۆی یا ڕێگەچارەی شۆڕشگێڕانە غائب بووە، ڕێگەچارەیەك کەپێدابگرێ‌و بڵێ سەرباری وجودی حکومەتی بەعس‌و مەترسی ئەو، نابێ هیچ ئیمتیازاتێك‌و شەرعیەتێك بدرێ بەهیچ یەك لەباڵەکانی ناسیونالیزمی کورد، نابێ هیچ سەرپۆشێك بدرێ بەسەر دەوری ئەو حزبانەی بزووتنەوەی قەومی لەبواری گرێدانەوەی ئاوات‌و خەباتی خەڵکی کوردستان بۆلابردنی زوڵمی قەومی، بەکۆنەپەرستترین‌و ڕاستڕەوانەترین هەوڵ‌و سیاسەتی ئەمریکاوە. یەکەمجاریش نی‌یە ئەمریکا خەڵکی کوردستان تەفرە دەدات، هەر ئەوبوو بەهۆی دەوری پارتی‌یەوە لە ساڵی 975دا کارەساتێکی بەسەر خەڵکدا هێنا.

سەرجەم ئەو بارودۆخە چەندین ڕەوەندی ناکۆك‌و دژ بەیەکیشی درووستکردووە لەهاوکێشە سیاسی‌یەکانی کوردستاندا. ئەوەی لەکوردستانی عێراقدا ڕوویدا لەپارچەکانی تری کوردستاندا ڕوویان نەدا.

بگەڕێمەوە سەر ئاڵوگۆڕی 4–5 ساڵی ڕابووردوو. ئێستا سەرەتایەك بـۆ هاتنـە مـەیدانی خـەڵك دەبینـرێ، داخـوازی کۆمەڵی مەدەنی، ڕەوتێکی سکۆلاریزمیی ڕوو لەسەر، داخوازی مجتمعی عیلمانی، پێکهێنانی کۆمـەڵو دەسـتەو تـاقمی زۆر سەربەخۆ لەپارتیو یەکێتی ...تاد بەشێکن لەو دیاردانە.

دیارە سەنتەری ئەم دیاردەو جووڵانەوانە لەناو کرێکاراندا نیەو ئەوان زەعیـف تـرین لایـەنن کـەسمپاتیو بەشـداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، بەڵام ئەو جموجۆڵانە لەسەر بـیروڕای گشـتی خـەڵك کاریگـەری بـووە. ئـەم ڕەوەندانـە بـەخیلاف خواستو ئیرادەی یەکێتیو پارتیو دژ بەتەیاراتی ئیسلامین، داوای دەسەڵاتی موئەسەسات دەکەن. ڕۆژنامـەو گۆڤـاری جۆراوجۆر لەو چوارچێوەیەدا دەردەکەن.

ئەمانە دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی دەبەنە ژێـر پرسـیاری جدیـەوەو عـاملێکی فشـارن بـۆ سـەریان، دیـارە ئـەوانیش هـەوڵی زۆر دەدەن کـەئیحتوای بکـەن. ئـەو ڕەوەندانـە بەگشـتی بـارودۆخێکی مسـاعدی لـەبارتر بۆچـاری عادیلانـەی مەسـەلەی کـورد بەپـەیوەند بـە سـەرجەم داخوازییـەکانی تـری خـەڵکی کوردسـتانەوە دەڕەخسـێنن، یـەکێکی تـر لەنیگەرانیەکانی ڕژێمیش پەرەسەندنو درێژەی ئەو ڕەوەندەیە. ڕژێم دەزانێ ئێستا دەتوانـێ سـازش لەگـەڵ یـەکێتیو پارتیدا بکا، بەڵام بەهاتنەپێشی واقعیـەتێکی پایـەدارترو قووڵتـر، دەسـتی ڕژێـم دەبەسـترێ. هـەروەها ڕژێـم هەسـت بەتەشەنەکردنی ئەم (میکرۆب)ە دەکا بۆ باقی شوێنەکانی عێراق بەتایبەتیش کەزەمینەی لەو شوێنانەدا هەیـە، وەکـو ووتیشم ئەحزابی قەومی کوردی بەتایبەتی یەکێتیو پارتی گەر ئەم جموجۆڵانەیان پێشی پێ نەگیرابێ، هـەوڵیان داوە ئیحتوای بکەنو بۆ ئەو مەبەستەش دەیەها ڕێکخراوی کارتۆنییان پێکهێناوە تاپێش بەقووڵبوونەوەی شۆڕشـگێڕانەی بگرن.

دیارە ئەو جموجۆڵانە زیاتر لە ناو توێـژە مامناوەندییـەکانو ڕۆشـنبیراندا چـەقی بەسـتووەو نـازانرێ کـەیو چـۆن کرێکاران تێکەڵی دەبن. ئەو جموجۆڵە بەبێ دەخاڵەتی کۆمۆنیسـتی دەڕواتـە پێش. بەبێئـەوەش لـەقاڵبدانی لەلایـەن ڕەوتە جۆراوجۆرە بۆرژوازییەکانەوە مومکنە.

لەلایەکی ترەوە ئەبێ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد وەك ئەحزابێك بناسـرێن کـە بـۆ لابردنـی زوڵمـی قـەومی خـەبات ناکەن. ئەوان ئەیانەوێ ئەو مەسەلەیەو چارەسەرکردنەکەی دوور لەدەستی خەڵك ڕاگرنو لەسـەرەوە بەسـازش لەگـەڵ ڕژێمدا ئیمتیازێکی پێوەرگرن.

هەر ئێستا ئاڵوگۆڕ بەسەر وەزعی ئەوانیشدا هاتووە، خەریکن پایەی بەرژەوەندی خۆیان لەسەر بناغەی زەوتکردنی سەروەتو سامانی خـەڵك دادەڕێژنـەوە. سـەرانی ئـەو حیزبانـە بـوون بـەتوێژێك لەسـەرمایەداری ڕاسـتەوخۆو خـاوەنی ملیونەها دۆلار. ئەوەش هێندەی تر پـەرەی بەناڕەزایـەتی خـەڵك داوە. لەسـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامـەکاندا ڕۆژانـە نمونـەی دەیان سکاڵاو ناڕەزایەتی بەرچاو دەکەوێ، ئـەوانیش هـەوڵ ئـەدەن ئیحتیـوای بکـەن . بـەڵام هێشـتا هاوکێشـەکە لای خەڵك ئاوا مەترەحە: لاچوونی ئەمان یانی هاتنەوەی ڕژێم کەدوژمنی سەرسەختی خـەڵکی کوردسـتانەو لەدەسـتچوونی ئەو دەسکەوتانەشە کەخەڵك بەدەستی هێناوە. تیۆری کەمپی ئاوارەو ئەو جۆرە بیروبۆچوونانەش جگە لەوەی ناتوانێ شتێك بڵێو هیچی لێاستنتاج ناکرێ خەڵکی خۆشی دەتۆقێنێ. ناکرێ دەستکەوتەکانی خەڵك هەمووی ناوبنرێ کـەمپی ئاوارەو هەموو شتەکان بەیەك چاو سەیربکرێو یەکسان بکرێن بەدەورو کارکردی حزبەکانی حەرەکەی قەومی.

نـەمانی سـێبەری شـوومی بـەعس ئـاواتێکی دێرینـەی خـەڵکی کوردسـتانو دەسـکەوتێکی ئەوانـە. ئـەمڕۆ لـەناو بازنـەی ئـەو دەسـتکەوتەدا خەریکـە داخـوازی کۆمـەڵگای مـەدەنیو سـکولار، دوورخسـتنەوەی ئیسـلامو ئیسـلامیەت، هاتنـە مـەیدانی ژنـان لـەژیانی سیاسـیو فەرهـەنگی، کۆمەڵـەو جـەمعیاتی مـەدەنیو فەرهـەنگیو زۆر داخوازی دەبـن بـەهێزێك لـەناو خـەڵکدا. نـاکرێ ئـەو لایەنانـە لـەوەزعی کوردسـتاندا تێکـەڵ کـەین لەگـەڵ دەورو نەخشی ناسیونالیزم. ئەوە پێش گشـت شـتێ دیارییەکـە بـەوان دەدرێو مەدالیایەکـە شایسـتەی نـین. سـەرانی ئـەحزابی بزووتنـەوەی کوردایـەتی خـەریکن ئـەبن بـەتوێژێکی سـەرمایەدار. دژایـەتییان لەگـەڵ بـەرژەوەندی خـەڵکدا زیـاتر ڕوون دەبێتـەوە. ئـەوەش بـواری کـەمتریان دەداتـێ کـە وەکـو خـەمخۆری خـەڵك

خۆیان بنوێنن‌و خۆیان هەڵواسن بە هەوڵی خەڵك بۆ دژایەتی زوڵمی قەومی. دیارە یەکێتی‌و پارتی هەوڵدەدەن کەڵك لەهەر فرسەتێك وەرگرن بۆئەوەی پایەکانی ناسیونالیزم لەڕیزەکانی خەڵکدا زیندووکەنەوە. وەڵامە هاوبەشەکەیان بەصدام حسین سەبارەت بەگفتوگۆ هەوڵێکی لەو بابەتە بوو. لەو وەڵامەدا فرمێسکی زۆریان بۆخەڵکی کەرکوك هەڵڕشت‌و داوای وەستانی تەعریبیان کرد. ئەمان نایانەوێ دەسبەرداری مەسەلەی قەومی بن. ئەیانەوێ سیاسەتێکی ناسیونالیستی بەسەریدا زاڵبکەن‌و لەوێوە نفوزی لەدەستچوویان زیندووبکەنەوەو زۆرترین خەڵك لەدەوری بەسیج کەن.

ئەمڕۆ خەسڵەتی بۆرژوازی‌و چینایەتی ئەم حزبانە لەهەموو کات زیاتر دەرکەوتووە بۆ خەڵك. ئێمە ئەبێ ئەو خۆووشیاریە لەناو خەڵکدا بەهێزبکەین، نەك بەناو هێنانیان بەعەشایەرو چی‌و چی خەڵك لەو خەسڵەتە چینایەتیەیان گومڕابکەین. بزانین بۆ خەڵکی ئاوارەی کەرکوکی تعریب کراو لەناوچەکانی خۆیاندا چییان کردووە؟ ئەمانە دەزگای بیرۆکراتی‌و سەروو خەڵکیان ڕێکخستۆتەوەو بەریان داوەتە گیانی خەڵك، دەستی هێزە ئیسلامیەکانی کوردستانیان گرت‌و ئیئتلاف وەزارییان لەگەڵیان کردووە. ملیۆنەها دیناری سەروەتی خەڵکیان داوە پێیان‌و چاو لەتیرۆرو فتواکانیان دەپۆشن. ئەمان دەوریان بووە لەوەی خەڵك دوور بخەنەوە لەبەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان. دیارە هێشتا دەورەی شەڕی چینایەتی نەهاتووەو ئەوە توخم‌و هێزێکی گەورەی ململانێ سیاسیەکانی گۆڕەپانی کوردستان نیە، بەڵام ناڕەزایەتی جەماوەری فاکتەرێکی گرنگی گۆڕەپانی سیاسی کوردستانە. بەهێزبوونی ئەو ناڕەزایەتییانە فەزای بزووتنەوەی میللیش ڕادیکاڵ تر ئەکاتەوە، ناڕەزایەتی خەڵك ئیمکانی پەرەسەندنی هەیە. دەرهاتنی خەڵك لەژێر نفوزی یەکێتی‌و پارتی پرۆسەیەکە دەستی پێکردووەو ئەبێ ئەو پرۆسەیە بەبارە سەربەخۆکەیدا بەهێزبکەین. نیشاندانی خەسڵەتی بۆرژوازی هەردوو دەسەڵاتدارەتی کوردستان بایەخی سیاسی خۆی هەیە تاسنوور بەندیش بکەین لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەی کۆمۆنیزمی‌کرێکاری کە خۆڵی دەکردە چاوی خەڵك گوایە ئەمانە ئەحزابی عەشایەرین. ئەوە ئیمتیازێك بوو بەمان دەدراو سەرنجی خەڵکی لەو خەسڵەتە چینایەتیەیان بەلاڕێدا دەبرد گەر گوێگری هەبووایە.

ئەوە لەهەمان کاتدا یانی چاوەڕوانی شتێکی غەیری کارنامەی ئەم حزبانە لەبۆرجوازی، بۆرجوازی‌و ناسیونالیزمی کورد پێویستی بەبوژانەوەی سوونەتی عەشایەری دینی‌و قەومی‌و .. تاد، هەیە ئەوان پلاتفۆرمی ئیسلامی‌و عەشایەری بەیارمەتیدەر دەزانن بۆ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستاندا. نەك ئەوەی خۆیان عەشایەری‌و ئیسلامی بن، ئەو دەرکە خۆی لەخۆیدا دەوری کرێکاریش نەفی دەکاتەوە، مەقولاتی خەباتی چینایەتی‌و جەماوەریش ئیبتزال دەکات.

سەبارەت بەزوڵمی قەومیش دەڵێمەوە کەتەخفیفێك لەو زوڵمەدا پێکهاتووەو پاشەکشەیەکی گەورە بەسەر ڕژێمی مەرکەزیدا سەپێنراوە بەڵام نەك لەسایەی چارەیەکی ڕەسمی‌دا. ئەوە پاشەکشەیەکی مەیدانی‌یە ڕژێم کردوویەتی، بەڵام گەر ڕژێم شانسی گەڕانەوەی زۆرەملێشی بۆ هەڵکەوێ لەسایەی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی یان گۆڕانێك لەتەرازووی هێزەکاندا، باش دەزانێ کەناتوانێ بەشێوەی جاران مەسەلەکە پشت گوێ بخا چونکە دە ساڵە بارودۆخێکی جیاواز سەری هەڵداوە. زەحمەتە لەڕێگەی تانك‌و تۆپ‌و سەرکوتەوە دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە بۆ کوردستان.

یەکێتی‌و پارتیش لای خۆیانەوە ویستوویانە ئەو بارودۆخە تازەیە لەقاڵبی سیاسەتەکانی خۆیاندا قەتیس بکەن، ئازادی‌یە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان بەرتەسك بکەنەوە.

سەبارەت بەهێزە ئیسلامیەکانیش ئەوان بەرهەمی دواکەوتووترین‌و کۆنەپەرسترین لایەنی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی 10 ساڵی ڕابووردوون کەبەسەر خەڵکدا سەپاوە، لەهەمان کاتدا بەرهەمی پاشەکشەی بزووتنەوەو حزبە قەومیەکان‌و زوعف ئیشکالاتی سۆسیالیزم‌و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوون لەکوردستان‌و بێ‌بەدیلی‌یەك کەبوویانە. بەرهەمی ئەو ئیمتیازات‌و ئیئتلافەش بوون کە ناسیونالیزم خستیە بەردەمیان، کەی لەکاتی ڕاپەڕیندا ئیسلامی‌یەکان دەورو نفوریان هەبوو، ڕۆژانە یەکێتی‌و پارتی باسی پەرەدان بەهاوکاری‌و هاوپەیمانی خۆیان دەکەن لەگەڵ ئەو هێزە ئیسلامییانەدا، کورسی وەزارەتیان بەسەردا دابەش دەکەن‌و لەکێشمەکێشی یەکێتی‌و پارتی‌دا هەریەك دەیەوێ بەدانی ئیمتیازی زیاتر بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن‌و خەڵکی کوردستان‌و ژنان‌و ڕادیکاڵیزمیش پێش هەر کەس باجەکەی دەدات.

بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش، بێبەرنامە، بێپلاتفۆرم بێڕێگە چارەیەك کەپشتی بەستبێ بەواقعیەتە پایەدارەکانی کوردستان، هەوڵی داوە لەچوارچێوەی شیعاری گشتیو تەشهیری سیاسیدا دەوربگێڕێو دەخالەت بکات، یا ووتراوە سەرجەم بارودۆخی کوردستان بەرهەمی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاو بۆرژوازییە، یان ووتراوە کوردستان شانۆی ململانێی ئەحزابی عەشایەرییەو ئیسلامیەکانیش نەبوونەو لەکوردستاندا هیچ نینو تەنها بەپارەی سعودیەو بەهاوکاری پاسداری ئێرانی نێردراون بۆ کوردستانو هەموو ئەوانە پاسەوانی کەمپی ئاوارەکانن. ئەوانەش دیارە هیچی وانەبوونو نین هەربۆیەش هەڵگرانی ئەو جۆرە لێکدانەوانە زیاترو زیاتر ڕووچوونە بۆ پەراوێزی کۆمەڵو ڕووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی. مقولەی چینی کرێکاریش تقدیسی نیمچە دینی کراوەو لەهەر ناوەرۆکێکی فیعلی خاڵی کراوەتەوەو دەست نەخراوەتە سەر ڕەوەندە فیعلیەکانی کەڕەسمی سیمای سیاسی کۆمەڵگای کوردستان ئەکەن.

## ئاسۆ غریب

سەرەتای نەوەتەکان، ئینتفازە دەرگایەکی بەڕووی چارەسەری مەسەلەی میللی کوردستاندا کردەوە، هەر لەو ڕووەوە کەجەماوەری خەڵك بۆ ئەو مەبەستە لەئاستێکی فراواندا هاتبوونە مەیدانی سیاسەتو ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیو هەم لەبەرئەوەش کە ئەو ڕژێمەی لەسەر زوڵمی قەومی وەستابوو لەکوردستاندا بەواقعی ڕووخاو دەسەڵاتی تێکشکێنرا، بۆیە چارەسەری مەسەلەی میللی لەهەموو کاتێك نزیکترو عەمەلی تر بوو، بەڵام لەلایەکەوە سیاسەتی ئیمپریالیستیو تەدەخولی ئەمریکاو لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵی ناسیونالیزمی کورد بەبەستنەوەی چارەنوسی کوردستان بەسیاسەتو بەرنامەی ئەمریکاوە لەناوچەکە، بوونە ڕێگری جدیو عەمەلی لەبەردەمیدا.

لەو هەلومەرجە دیاری کراوەدا مەسەلەی میللی کوردستان کەوتە نێوان دوو تەوژمی جیاوازەوە یەکەمیان ڕێگەچارەی تەقلیدی ناسیونالیزمی کورد کە لەجاران زیاتر لەگەڵ سیاسەتی ئیمپریالیستی تێکهەڵکێش ببوو. دووەمیشیان خواستی واقعیو عادیلانەی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەزوڵمو چەوسانەوە، هەرچەندە ئەو خواستە ڕەوایەی لەدووبارە وەدەرنانەوەی ڕژێم لەکوردستان، لەگەرمەی مفاوەزاتو ساتو سەودای ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیو لەزۆر حاڵەتی تردا تەعبیری لەخۆی کردووەو لەسیاسەتو هەڵویستو داواکارییەکانی کۆمۆنیستەکانو کرێکارانی ووشیارو سۆسیالیستدا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام بەدرێژایی دەیەی نەوەتەکان جێگەو شوێنی ئەو دووانە، چ لەبواری سیاسیو چ لەڕووی نفوزو دەسەڵاتەوە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرداهاتووە، ناسیونالیزم لەماوەی ئەو 10 ساڵەدا توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکاتو ڕێگەچارەی خۆی، لەڕێگای خۆسەپاندنەوە وەك بەدیلێکی بێ منافس لێبکات. ڕێگەچارەی دووەمیش لەدواییدا کۆمۆنیزمی کرێکاری فۆرمۆلی جیابوونەوە کوردستانی لێدەرکێشاو پێشنیاری کرد چارەنووسی کوردستان لەچارەنووسی بەشەکانی تری عێراق جیابکرێتەوە، بەڵام ئەمەش لەدرێژەی خۆیدا نەیتوانی پێشڕەوییەکی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی بکات، لەبەرئەوەی کوردستان بەتووندی لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی سیاسی سەراسەری عێراقدا قەراری گرتبوو وە بەزۆر یاساو حوکمی ناوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتییەوە بەوەوە بەستراوەتەوە. بۆیە تەرحی جیابونەوەی کوردستان زۆرتر وەك ئامۆژگاری ناسیونالیزمو لەچوارچێوەی درووشمدا مایەوەو لەئەنجامی ئەوپەڕی بنبەستدا برایە بەردەمی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو نەك هەر نەیتوانی گەڵاڵەی سیاسی ڕێگەچارەیەکی واقعیو عەمەلی بێت لەدەرەوەی ڕێگەچارەی ناسیونالیستی، بەڵکو نەیتوانی درێژکراوەو بەرەنجامی واقعی ئەوەش بێت کەخەڵکی کوردستان لەئینتفازەی (1991)دا چاوەڕوانییان لێی هەبوو، خەڵکی کوردستان سەربەخۆ لەوەی چەندە خۆشباوەڕی ناواقعییان لەناسیونالیزم هەبوو، بەڵام لەقووڵایی ناخیانەوە چاوەڕوانی ئەوەیان لەئینتفازەو ئاکامەکانی هەبوو کەیەکەم/ لەدەسەڵاتی بەعسو دووەم/ لەزوڵمی قەومی ڕزگاریان بێ.

من پێم وایە یەکێك لەو گرفتو ڕێگرییانەی کە تائێستا کێشەی کوردی بەچارەسەرنەکراوی هێشتۆتەوە، مەیداندارێوونی ناسیونالیزمو وابەستەیی هێزە دەستڕۆیشتووەکانی کوردستانە بەو هێزو دەوڵەتانەی کە بۆ

بەرژەوەندی خۆیان سەریان کێشاوەتە کوردستان، دەیەی نەتەوەتەکانیش بەو ڕادەیەی ڕێگەچارەی ناسیونالیستی پایەدار تر باڵی کێشا بەسەر مەسەلەی میللیداو بەو ڕادەیەی وابەستەیی بەئەمریکاو وولاتانی ناوچەکە زیادی کرد، چارەسەری مەسەلەی میللیش لەڕێگەی ناسیونالیزمەوە ئاڵۆزتر بووەو دوورتر کەوتۆتەوە. ئەگەرچی کوردستان بەرەسمی ڕژێمی بەعسی تیانەماوە، ڕێژەیەك لەئازادی هەڵسووڕانی سیاسی هەیەو لەزۆر لایەنەوە کوردستان لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێم جیادەکرێتەوە. وەهەتا سەربەخۆ لەوەی کەماوەی 10 ساڵە ئەوەی پێی دەڵێن (ئیدارەی کوردی) کاروبارو دەسەلاتی کوردستانی بەدەستەوەیە. بەلام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا چارەسەری مەسەلەی کورد قوورسترو دووره دەست نره لەچاو ساڵی (1991)دا.

بۆیە کێشەی کوردستان ئەمڕۆ ڕێگەچارەیەکی تر دەخوازێ، ڕێگەچارەیەك کەجەماوەری فراوانی خەڵكو کرێکارانو زەحمەتکێشان تیایدا بەشداربنو لەداڕشتنو جێبەجێکردنیدا ئیرادەیان هەبێ، ئەمڕۆ لەهەموو کات لەبارترە بۆ هاتنە ناوەوەی ئەو بەدیلە. یەکێك لەو ئاڵوگۆرە نەوعییانەی کە لەم دوو سێساڵەی کوردستان ڕوویداوە، کزبوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوان ناسیونالیزمو جەماوەری خەڵکە. دەسەلاتی ناسیونالیزم ئەگەرچی بەهێزترو پایەدارتر بووە، بەلام پەیوەندی لەگەڵ خەڵك لاوازبووەو کەلێنی تێکەوتووە، ئەوەی ئەو پەیوەندیەی بەپلەی یەکەم ڕاگرتووە دەسەلاتی ئیداریو ئابوورییە، لەژێر سایەی ئەوەدا لەلایەکەوە سەرمایەدارانو دەسەلاتداران سەرگەرمی کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی سەروەتو سامانو دۆزینەوەو ساغکردنەوەی ئەو یاسایانەن کەچەوسانەوە لەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش توندتر دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە جەماوەرێکی بەرینی چەوساوە کەبێکاریو نزمی ئاستی گوزەرانو نەبوونی خزمەتگوزاریو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان یەخەیان پێگرتووەو بەغەریزە بەو قەناعەتە گەیشتوون کە هاونەتەوەیی بوون لەگەڵ تەنانەت ملیاردێریش سکی برسییان تێرناکا، ئەوان بەچاوی خۆیان جیاوازی زۆرو زەبەندی نێوان ژیانی خۆیانو ژیانی ئەوانەی بەناوی نەتەوەو نیشتمانی ئەوانەوە حوکم دەکەن بەڕۆشنی دەبینن‌و ئەوە بووە بەشعورێکی گشتی کەدەسەلاتدارانی کوردستان هێزێکی سەروو خەڵکینو نوێنەرایەتی هیچ بەرژەوەندییەکی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم وولاتە ناکەن.

ئەوە هەڵبەت نەگۆڕاوە بەبزووتنەوەیەکی چینایەتی ڕەخنەگر لەپایە چینایەتییەکانی ئەو دەسەلاتە، بەلام جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان ڕۆشن تر دەرکەوتووەو ئەوەش لەسەر ئاستێکی فراوانی کۆمەلایەتیدا ئاشکرابووە کە بەرژەوەندییە جیاوازەکان تەواوی مەسائیلەکانی کۆمەڵگای کوردستانی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە. لەبەرئەوەی یاساکانی بۆرژوازی بەچەوسانەوەی چینایەتی تاهاتووە لەلایەن دەسەلاتدارانی کوردستانەوە توندتر کراوەتەوەو دەسەلاتی سیاسی لەکوردستان هەرچی زیاتر وەك دەسەلاتێکی بۆرژوازی تەبەلوری کردووە. ئەمە تەنانەت لەو پێشنیارو داخوازییە سیاسیانەش کەناسونالیزمی کورد بۆ حەلی مەسەلەی میللی دەیدات بەحکومەتی ناوەندی ئاڵوگۆڕی پێکهێناوە، زۆرجار ووتراوە کەهەوڵی ناسیونالیزمی کورد لەخەباتی سیاسیدا بۆ ئەوەیە بەناوی مەسەلەی میللییەوە بەشی خۆی لەدەسەلاتی سیاسی عێراق وەربگرێ. بەلام ئەمڕۆ مانای عەمەلی ئەو خواستەی ناسیونالیزم پاراستنی ئەو دەسکەوتە بۆرژوازییانەیە کە لەماوەی 10 ساڵی ڕابووردوودا بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستاندا بەدەستی هێناوەو دەیەوێ لەسەرئاستی عێراقیش ڕەسمیەتی پێبدات، لەهەر ڕێگایەکیشەوە ئەمەی بۆبکرێ مەسەلەی نییە.

ئەوانە نەك هەر قەناعەتی خەڵکی لەوان دوور خستۆتەوە بەڵکو جیاوازی ئەوانیشی لەگەڵ خەڵکدا نیشانداوە. بەجۆرێك کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تەمەسوکی وەکو جارانیان بەسیاسەتەکانی ناسیونالیزمەوە نەماوەو لەئاستێکی فراواندا لێی ناڕازینو بێزاری لەبەرامبەر دەردەبڕن، ئەمە لەبابەت مەسەلەی میللییەوە زەمینەیەکی گونجاوی بۆڕێگەچارەیەکی تر فەراهەم کردووە، گرنگی ئەم

ڕێگەچارەیەی ئێمە لەوەدایە کەلەسەر ئەو زەمینەیە هەستێ‌و ببێتە تەکمیلەی سیاسی ئەو خواستە کۆمەڵایەتییەی کەئەمڕۆ لەکوردستاندا هەم بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بەزوڵمی قەومی‌و هەم بۆ ڕزگاربوون لەچەوسانەوەی بۆرژوازی هەیە. ئەو جموجۆڵ‌و ناڕازیبوونەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەیە هەرچەندە هێشتا لاوازەو هێشتا پایەگاکەی بەپلەی یەکەم لەناو کرێکاراندا نییەو هێشتا ئاوێتە نەبووە بەسۆسیالیزم، بەڵام جموجۆڵێکی واقعی‌و بابەتییەو ڕێگەچارەی ئێمە لەوەدایە ئەم جموجۆڵە بگۆڕێ بەبزووتنەوەیەکی سیاسی ئامانجدارو سەربەخۆ کەببێتە هێزی ماددی‌و جێبەجێکەری بەرنامەی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەی قەومی.

# ڕێگەچارەی سۆسیالیستی
# لەبەرانبەر مەسەلەی قەومی کورد لەعێراقدا

نزار عبدالله

پێش ئـەوەی بچینـە سـەر ڕێگاچارەیـەکی عادیلانـەو سۆشیالیستی بـۆ مەسـەلەی کـورد پێویسـتە کـەمێك لەسـەر ڕێگاچارە جیاوازەکان بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە چەند قسەیەك بکەین.

هەڵبەتە کاتێك باسی ڕێگاچارەکان ئەکەین ئەبێ ئەو ڕووداوانە لەبەرچاوبگرین کە ئـەو ڕێگاچارانـە تیایدا دەخرێتـە ڕوو. ڕۆشنە ڕژێمی بەعس تـاکو ئـەمڕۆ هیچ هـەوڵێکی نـەداوە تـاکو مەسـەلەی کـورد چارەسـەر بکـات یـان مـل بـدات بەچارەسەرێکی عادیلانە بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەو ڕژێمە لەسەر سیاسـەتەکانی ڕابـووردووی خـۆی بەردەوامـە، هەرچـەند پاشەکشـەیەکی کردبـێ و نەرمییـەکی نیشـاندابێ ئـەوە زیـاتر ڕووداوەکـە بەسـەریدا سـەپاندووە نـەك خـۆی بـاوەڕو سیاسەتی خۆی لەوبارەیەوە گۆڕیبێ.

سەبارەت بە ناسیونالیزمی کوردیش لە10 ساڵی ڕابووردوودا لەژێر کاریگەری ڕووداوەکانی سیاسـی عـێراقدا بەشـێوەی جۆراوجۆر ڕێگاچارەو بەدیلی خۆی خستۆتەڕوو.

کاتێك مەسەلەی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق مەسەلەی ڕۆژ بوو، حزبە قەومییەکانی کوردستان چارەسـەری مەسـەلەی کوردیان بەڕووخانی ئەو ڕژێمەوە گرێدایەوە. هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بوو مەسەلەی کـورد نـەك لەگـەڵ ڕژێـم بـەڵکو دوای ڕووخانی ڕژێم چارەسەر بکەن و ڕێگاچارەیـەکی سەراسـەری بـۆ بخەنـە ڕوو. لەبەرئـەوە ئـەوەندەی سـەرنجیان لەسـەر ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕووخانی ڕژێم بوو ئـەوەندە بـەلای ڕێگاچارەیـەکی تایبـەت و دیـاریکراودا نـەدەچوون، ئەمـە جگـە لەوەی پارتی و یەکێتی لەسەرەتای نەوەتەکاندا لەسـەر مەسـەلەی فیدراڵـی و ئۆتۆنۆمـی هاوڕانـەبوون و یـەکێتی لـەوەی یەکەم و پارتی لەوەی دووەم دیفاعی دەکرد.

بەڵام گرێدانەوەی مەسەلەی کورد بـەئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییـە سەراسـەرییەکانی عێراقـەوە لـە 10سـاڵی ڕابـووردوودا لەڕووداوە جیاوازەکاندا لەهەڵکشان و داکشاندابووە. پاش ئـەوەی کـە ڕۆشـنتر دەرکـەوت کەئاسـۆی ڕووخـاندنی ڕژێـم ڕۆشن نییەو ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی عێراق توانای ئەوەی نییە کە ڕژێم بڕووخێنـێ و بـەدیلێ بخاتـە ڕوو ئیـتر تاهـاتووە ڕێگـەچارەی حزبـە قەومیـەکانی کـورد بـۆ مەسـەلەی کـورد بـووە بەڕێککـەوتن و سـات و سـەودای ئـەوان لەگـەڵ ڕژێـم. هەرچەندە جاروبار(بۆنموونە پاش باسکردن لەیاسای ڕزگار کردنی عێراق) ئەو پرۆسـەیە پاشەکشـەی کـردووەو دووبـارە چارەسەری مەسەلەی کورد گرێدراوەتەوە بەچارەنووسی ڕژێم و ڕووخاندنییەوە.

بەهەرحاڵ تەوەرەی سەرەکی ئێستای ڕێگاچارە بۆرژوازییـەکان مەسـەلەی نێـوان ڕژێـم و کوردستـانە. لـەم حاڵـەدا ئاشکرایە کەحزبە قەومییەکانی کوردستان بە ئۆتۆنۆمی ڕازی نین. ئەو چوارچێوەیەو دەسـەڵاتە لەگـەڵ جـێ و شـوێنی فعلی و ئێستای ئەواندا گونجاو نییە.

ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئۆتۆنۆمی لەکاتی خۆیـدا ئیمتیـازاتێکی ڕژێـم بـوو بـەپارتی دیموکراتـی کوردسـتان و پاشەکشـەیەکی کـاتی بـوو، ئـەو دەسـەڵاتانەی درابـوو بـە(مجلـس التشـريعي) و (مجلـس التنفيـذي) زۆر شـكڵی و فۆرماڵیبوون و هیچ کات وەك هەرێمێکی لامەرکەزی و خاوەن دەسەڵات مامەڵەی لەگەڵ کوردسـتاندا نـەدەکرد و .. تـاد.

ئەوکات ڕوون دەبێتەوە کە حزبە قەومییەکانی کوردسـتان نـەیان دەتوانـی بـەوە ڕازیبـن و ملـی پـێبدەن. هەرچـەندە سەرەتا وەك ووتم پارتی دیموکراتی کوردستان دیفاعی لێدەکـرد، بـەڵام زۆر زوو قـانع بـوو کەدەسـەڵاتی ئێسـتایان زۆر فراوانترو هەمەلایەنترە بەبەراورد لەگەڵ ئیمتیازاتەکانی حوکمی زاتیدا. لەبەرئەوە بەزوویی گشت حزبە قەومییـەکانی کوردستان ڕوویان لەحوکمی زاتی وەرگێڕاو ڕێگاچارەی فیدرالیزمیان هێنایە ئاراوە.

نـاوەڕۆکی ئـەو تەرحـە هیـچ نیـە جگەلـە بـەڕەسمی ناسـینی واقعیـەتی ئێسـتای کوردسـتان و بـەڕەسمی ناسـینی دەسەڵاتی فعلی حزبە قەومییەکانی کورد لەم هەرێمەدا.

لەواقعدا ناسیونالیزمی کورد بەتەجروبە بەوە گەیشتووە کەگۆڕانکاریەکانی سەراسەری عێراق بەهەر کوێ بگـا ئـەبێ ئەم دەست لەم دروشمو داخوازیـەی هەڵنـەگرێ. لەبەرئـەوە کـاتێك لەگـەڵ ڕژێم دەکەونـە گفتوگۆ بـاس لەفیدرالیـەت دەکەنو کاتێکیش دەچن بۆ واشنتۆنو بۆ لای سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراق هەمان باسو داخـوازی دەهێننـە ناوەوە. ئەوان تێگەیشتوون کەچ با بێو چ بۆران ئەبێ لەم دەسکەوتەی ئێستایان کەم نەکاتەوە.

هەڵبەتە ڕژێم بەرامبـەر بەفیدرالیـەت تائێستا سەرسـەختانە دژایـەتی نـەکردووە. قسـەکانی ئـەم دواییانـەی صدام حسینیش کاتێ باسی گفتوگۆی هێنایە ناوەوە ئـەوەی پێوەدیـار بـوو کـە ڕژێم ناچـاربووە پاشەکشـەیەك بکـاو باسـی ریفۆرمو ئیصلاحاتێك بهێنێتە ناوەوە، بۆیە دەیووت کێ ڕێگای لێگرتوون بەکوردی بخوێنـنو ئەنجومـەنو دەسـەڵاتیان هەبێو چـیو چـی. دیـارە ئـەوەی بـەلای ڕژێمـەوە گرنگـە لـەم دەورەیـەدا دوورخسـتنەوەی ئـەو دوو حزبەیـە(پـارتیو یەکێتی) لەدەوڵەتانی ناوچەکەو لەئەمریکاو ئارام کردنەوەی بارودۆخی کوردسـتانە بـەجۆرێك بتوانـێ کەلەپرۆسـەیەکی شێنەییدا بیان خاتەوە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی. خودی ئەوەی ڕژێم ئۆتۆنۆمی تەرح نەکرد وەکو بناغەو بنچینەیەك بۆ گفتوگۆ نیشانەی ئەوەبوو کە ڕژێمیش بەو باوەڕە گەیشتووە کە ناتوانێ لەرێگەی ئەو ئەزموونە شـکت خـواردووەوە جارێکی تر بێتەوە کوردستانو ڕوویەك نیشان بدا.

بەڵام سەربەخۆ لەو بارودۆخەی کەفیدراڵیەتی تیادا دەخرێتـە ڕوو پرسـیار ئەوەیـە کـە ئایا فیدراڵیـەت چارەسـەری مەسەلەی کورد دەکات یان نا؟

پێشتر ووتمان بۆرژوازی وەکو حوکمێکی گشتی، لەبارودۆخێکدا دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی زوڵمی قـەومی بکـاو لە بارودۆخێکی تردا ناتوانێ. ئەوەی کـەبۆرژوازی عـێراق بـەکوردو عەرەبـەوە ئـەتوانێ ئـەو مەسـەلەیە چارەسـەر بکـا هێشـتا هـەر بـەکراوەیی ماوەتـەوەو وەڵامـی وەرنەگرتۆتـەوە. بـەڵام ئـەوەی کـە ڕۆشـنو بەبەرچاوەوەیـە ئەوەیـە کـە فیدرالیەت لـەحاڵی تـەحقیقبوونو جێگیربوونیدا وەڵامـی یـەکجارەکی بـەزوڵمی قـەومی لەسـەر کـورد نـاداتـەوە بـەڵام هاوکات ئەو زوڵمە سووکتر دەکاتو لاواز دەیهێڵێتەوە. چونکە بەدیهاتنی فیدرالیەت هەم ڕژێم لەسەر کار دەهێڵێتـەوەو هەم دەسەڵاتی حزبە قەومیەکانی کورد لەهەرێمی کوردستاندا جێگیردەکات.

ئەوەی کەهێز هاوسەنگی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە چی بەسـەردێ، ئایا جـارێکی تـر ڕژێمـی مەرکـەزی شـەقێك لـە فیدرالیزم هەڵدەدات یان دەسەڵاتی فیدراڵی لەکوردستان جیابوونەوەی تەواو ڕادەگەیەنێ ئەوە مەسەلەیەکە لەئێسـتادا قابیلی پێشبینی نیەو بەبارودۆخو گۆڕانکاری ناوخۆییو دەرەکـی گـەورەوە بەسـتراوەتەوە. ڕەنگـە ئـەو گۆڕانکارییانـە ببن بەهۆی چارەسەری یەکجاری زوڵمی قەومیو دابەشبوونی قەومی لەعێراقداو ڕەنگە بەپێچەوانەوە هـەنگاوێك بـێ بـۆ تووندبوونەوەو داسەپاندنی زیاتری. لەبەرئەوەیـە کـەدەڵێین فیدرالیـەت چارەسـەری یـەکجارەکی زوڵمـی قـەومی نیـە، بەڵام وەکو ووتمان لەحاڵی جێگیربوونیدا ئەو زوڵمە سووکتر دەکاتو ئیحساسـاتی خـەڵکیش بـەوەی کـە(کـورد بـوون) بـووە بەسـەرچاوەی زوڵـمو نـەداریو بەدبەختیـەکانی زیـاتر دەڕەوێتـەوە. خۆمـان ئێسـتا بـەچاوی خۆمـان ئـەم تەجروبەیەی کوردستان دەبینین. ڕاستە ڕژێمی بەعس لەجێگای خۆی ماوەو هێشتا لەو دیو سـنوورەکانەوە هەڕەشـە دەکات بەڵام خودی ئەوەی خەڵك ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە ڕووبەڕووننینو دەسـەڵاتێکی تـر لەسـەروو خۆیانـەوە دەبینن هەر خودی ئەوە ئیحساسی مەزلومیەتی لەلای خەڵکی کوردستان کەمتر کردۆتەوەو بارێکی لەسەرشـانی خـەڵك سووککردووە.

بەوپێیە نـاکرێ بڵێـین کـە ڕێگاچـارەی بـۆرژوازی (وەکـو پێشـتر زۆر جـار لەبزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتیدا دووپـات کرایـەوە) مەسـەلەی کـورد ئـاڵۆز دەکـاتو بـێ چارەسـەر دەیهێڵێتـەوە، بۆیـە دەبـێ ئێمـە ڕێگاچارەیـەك بخەینـە ڕوو کەچارەسەری ڕیشەییو یەکجاری مەسەلەی کورد بکات، وەهانی بۆرژوازی بدەیـن کـەمل بـدات بـەو ڕێگاچارەیـەو یـان ناچاری بکەین کە قبووڵی بکات. لەواقعدا تـەرحی جیابوونـەوەی کوردسـتان بەپشتبەسـتن بـەدیدگاو بۆچوونێکـی لـەو چەشـنە هاتـە نـاوەوە، ئـەویش نـەك لەلایـەن بـۆرژوا قەومیـەکانی کـوردەوە بـەڵکو لەلایـــەن بەشـێك لەبزووتنـــەوەی کۆمۆنیستی عێراقەوە واتـە حزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکـاری عـێراق. ئـــەوەی کـە قەومیـــەکانی کـورد جیابوونـــەوەی

کوردستانیان بەرز نەکردۆتەوە وەکو دروشمێکو هەوڵیان بۆ نەداوە نیشانەی ئەوەیە کە مەیلی جیابوونەوەو سەربەخۆیی خوازانە لەناو ئەواندا زۆر لاوازە یان لایەنگری نییە.

لەڕاستیدا هەندێك لەکەسایەتییەکان(زیاتر لەدەرەوەی عێراق)و رۆشنبیرانی قەومی بەجۆرێك لایەنگرییان لەم رێگاچارەیە کردووەو باوەشێنیان کردووە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کەئەوە مەیلێكو نەزعەیەك بێ، بەڵکو زیاتر بەرزکردنەوەی درووشم بووە.

لایەنگرانی جیابوونەوەی کوردستان لەو باوەڕەدان کە ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی چارەسەری یەکجارەکیو ریشەیی مەسەلەی کورد نییە، بۆیە چارەسەری واقعی ئەوەیە کە ڕژێم برووخێو دەوڵەتێکی غەیرە قەومی دابمەزرێ یاخود کەرژێم لەسەرکار ماوە کوردستان جیابێتەوەو ببێت بە وولاتێکی سەربەخۆ یان هەندێك جار دەڵێن (بژی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ!).

لەو نێوەدا ئەگەر هیچ یەك لەوانە ڕوونەدات لایەنگرانی ئەم تەرحە بەدەستی خاڵی دەمێننەوەو مەگەر هەر دروشم بڵێنەوە. ئێستا کە دەبینین ڕژێم نەڕوخاوەو لەوەناچێ کەڕوخانەکەشی نزیك بێ، لایەنگرانی جیابوونەوەی کوردستان توندتر لەسەر ئەو رێگاچارەیە پێدادەگرن. بەڵام کاتێك دەبینرێ کەبزووتنەوەی کرێکاری لاوازە، بزووتنەوەی جەماوەری خەڵك بەو ئاستە نەگەیشتووە کەلەگەڵ بۆرژوازیدا بکەوێتە بەرانبەرکێوە، دەبینین لایەنگرانی جیابوونەوە بەکردەوە جێبەجێبوونی ئەو رێگاچارەیە لەکۆڵخۆیان دەکەنەوەو دەیسپێرن بەناسیونالیزمی کوردو ئامۆژگاری دەکەن کە بەرژەوەندی ئەو لەوەدایە کە دروشمی جیابوونەوەی کوردستان هەڵگرێ، بەم جۆرە وەکو ئامۆژگارێکیان لێهاتووە کە خەریکن وانە بەقەومییەکان دەڵێنەوەو چەپو ڕاستی خۆیان فێردەکەن. یان لەنائومێدیدا ڕوودەکەنە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانو سەردانی وەزارەتەکانی وولاتانی ئیمپریالیستی دەکەن تا بەڵکو لایەنگری لەو تەرحە نیشان بدەن.

ڕەنگە بڵێن ئێمە داوای ریفراندۆمێکی گشتی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ بڕیاردان لەسەر جیابوونەوەو پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆ، ئێمە بڕوامان بە ئیرادەی خەڵك هەیەو بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە. دەمانەوێ خەڵك لەدیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا بەشداربێو چیو چی.

بەڵام هەرکەس ئەلفو بای سیاسەت لەبیرخۆی نەباتەوە دەزانێ کە ریفراندۆم لەهێز هاوسەنگییەکدا دەکرێو هێزێکی ئەوێ تاکو بیسەپێنێ. پێشمەرجی ئەوە هاتنە مەیدانی خەڵکە، بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێزە کەسەربەخۆبێو داخوازی ڕادیکاڵو عادیلانەی هەبێو باوەڕی بەهێزی خۆیو دەوری خۆی هەبێ. کاتێك ئەمە نەبێ یان هیچ هەوڵێك بۆ بەدیهاتنی ئەم پێشمەرجانە نەبێ ئیتر باسکردن لە ریفراندۆم داواکردن لە(UN)و ئەمریکا بۆ سەرپەرشتی کردنی خۆش خەیاڵییەکە.

بۆرژوازی لەخۆیەوە نایەت هەق بدات بەخەڵك بڵێ ئەوە من واز لەهەقی خۆم دەهێنمو دەیدەم بەتۆ، تۆ وەرە بڕیار لەسەر چارەنوسی من بدە. رێك بەپێچەوانەوەیە. حزبە قەومییەکان هاتوون هەم چارەنووسی خۆیانو هەم چارەنووسی کوردستانو خەڵکەکەی دیاریدەکەن، ملی خۆیان نادەنە دەستی خەڵك، ڕیشی خۆیان بەو ناسپێرن، ئەوان دەیانەوێ ملی خەڵك بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە.

ئەگەر وای دابنێین کە جیابوونەوەی کوردستان رێگاچارەیەکی دروستو عەمەلییەو جێبەجێ دەبێ لەو حاڵەدا لەکوردستاندا، وەکو وولاتێکی سەربەخۆ، بەرژەوەندی خەڵكو بەرژەوەندی چینی کرێکار چی بەسەردێ؟ وولاتێکی بچووكو خاوەن دانیشتوانێکی کەم، دەوڵەتێکی لاواز، نەبوونی پاڵپشتێکی ئابووری بەهێز، هێشتا ئەو چوارچێوەیە نییە کە خەباتی کرێکاریو جەماوەری خەڵك تیایدا باشتر بەرەو پێش بچێ. هەر ئێستا سەیری ئەم واقعەی کوردستان بکەن. ئەمە سبەینێ ببێ بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ چ ئاڵوگۆڕێكو گۆڕانکارییەك ڕوو دەدات؟ دیارە هەمیشە لەژێر هەڕەشەو چەپۆکی دەوڵەتانی ناوچەکەدا دەبێ، دەوڵەتێك دەبێ کەبەحوکمی لاوازییەکەی ئەبێ ملکەچو پاشکۆی

دەوڵەتو هێزێکی لەخۆ گەورەتر بێ. ئەمە جگە لەوەی کەدەتوانن بەپێی مەنتیقی هێز هەموو رێکەوتنێکی دیل هێنەرانەی بەسەردا بسەپێننو قووتی بدەن!.

ئەمە جگەلەوەی کەتوانای بەرگرتنی بەهێرشی سەربازی ئەو دەوڵەتانەو پووچەڵ کردنەوەی هەڕەشەکانیانی نییە.

لەواقعدا خەڵکی کوردستان کاتێك ئەو بارودۆخە لەبەرچاو دەگرن، کاتێك هەڕەشەی عێراقو ئێرانو تورکیاو ملنەدانی هێزە قەومییەکانی کورد بەو رێگاچارەیە دەبینن ئامادەنین پشتگیری لێبکەنو شوێنی بکەون. دوای چەندین ساڵ تەبلیغ کردن دیفاع کردن لەو رێگاچارەیە جگە لە خاوەنەکانی کەسی تر پشتیوانی لێنەکردووە. هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەم رێگەچارەیە لەبری گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵكو بەهێزکردنی، دوورکەووتنەوەیە لێیانو پەرەدانە بەبێ ئیرادەییو پاسیفیزم لەریزەکانیاندا. کاتێك دروشمێکی قەبە بەرزبکەیتەوەو خەڵك خۆی لەو ئاستەدا نەبینێ جێبەجێی بکات، رۆشنە خەڵك فێری سیاسەت ناکەیت بەڵکو لێی دوور دەخەیتەوەو پاسیف دەبن، یاخود بەناچاری ئەبێ شوێن رێگاچارەیەکی بۆرژوازی بکەونو ئەوەیان لا عەمەلی تر بێ.

کەواتە رێگاچارەی عادیلانەو سۆشیالیستی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد چییە؟ هەڵبەت وەڵام بەم پرسیارە بەلەبەرچاوگرتنی پایە تیۆرییەکانو باسەکانمان کەکردمان تاووتوێکردنو فۆرمۆڵە کردنی پوختی دەوێ. من هەوڵ ئەدەم بەکورتی چەند شتێك بڵێم، دواتر دەکرێ ووردتر لەو بارەیەوە قسەکانمان بکەین.

هەڵبەت یەکەمین رێگاچارەی گشتی ئەوەیە کە چارەسەری مەسەلەی کورد بەیەکجاری بەسۆسیالیزمو کۆمۆنیزمەوە گرێبدەینەوە. (لەسایەی ئەم رژێمەدا هەڵاواردن لەسەر بنەمای قەومیو نەژادیو ... تاد مانایەکی نامێنێ. کاتێك بزووتنەوەی کرێکاریو جەماوەری رژێمی مەرکەزی لەعێراق برووخێنێو لەجێگایدا (دەوڵەتێکی کرێگاری) دابمەزرێنێ ئیتر چارەسەری عادیلانەی مەسەلەی کورد کاری ئەو دەوڵەتەیەو لەرێگای گەڕانەوە بۆ ئیرادەو بڕیاری خەڵکی کوردستان خۆیانەوە، لەرێگەی پەیرەوی کردن لەمافی هاووڵاتی یەکسانەوە ... تاد وەڵامی کۆتاییو یەکجارەکی خۆی وەردەگرێتەوە. ئێمە زۆر گرنگە کەبزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەو ئاسۆو ئامانجە سەرتاسەرییەوە گرێبدەینەوەو ئومێدو هیوای خەڵكو خەباتیان بۆ چارەسەری یەکجاری مەسەلەی کورد بخەینە خزمەت ئەو ئامانجە گەورەترو پایەدارترەوە.

هەرچەشنە پەرەسەندنێکی خەباتی جەماوەری خەڵکی سەرتاسەری عێراق دژی رژێمی مەرکەزی، نزیك بوونەوەیان لەرووخاندنی رژێمو بەدەستهێنانی ئازادیەکان چەندین هەنگاو خەڵکی کوردستان لەچارەسەرێکی یەکجاریو عادیلانە نزیك دەکاتەوەو دەستی رژێمو بۆرژوازی قەومی دەبەستێ بۆ سەرکوتو کوشتارو داپلۆسینی خەڵك.

ئەمە هەرچەندە درێژخایەن بێو هەوڵو تێکۆشانی زۆری بوێ ناکاتە ئەوەی ئەو کارە لەجووڵانەوەو تەبلیغو هەڵسووڕانماندا رەنگ نەداتەوە.

بەڵام جگە لەو رێگەچارە گشتییە ئێمە رووبەرووی بارودۆخێکی تایبەتین کەناکرێ چاوپۆشی لێبکەین. بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لاوازە، بزووتنەوەی جەماوەری خەڵك بۆ رووخاندنی رژێم هێزی نییەو لەئایندەیەکی نزیکیشدا کەمو کوڕییە سەرەکیو پایەدارەکانی خۆی پڕناکاتەوە. جگە لەمە رژێم هەڕەشەکانی وەك خۆی ماوەتەوەو گفتوگۆ دەخاتە روو، فیدرالیزم تەرح دەکرێ، ... تاد.

لەم بارودۆخەدا گرنگرین شت ئەوەیە کەتێبگەین مەسەلەی سەرەکی بریتییە لەتەخفیف کردنو سووککردنی باری قورسی مەسەلەی کورد. بمانەوێو نەمانەوێ لەکوردستانیشدا بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لاوازنو دوورن لە رێگاچارەی کۆتاییو یەکجارەکی مەسەلەی قەومی کورد. دیارە نامانەوێ تیۆریزەی زوعفو لاوازی بکەین، بەڵکو پێش ئەوەی بریاربدەین بۆ ئاسمان بفڕین ئەبێ ژێر پێی خۆمان دیاری بکەینو بیناسین. ئێمە ئێستا بڵێین چارەسەری مەسەلەی کورد کاری ئێمەیە وانییە. ئەمڕۆ رێگەچارەی بۆرژوازیی بەدەر لەئیرادەی ئێمە بەسەرماندا سەپاوە، حزبە قەومییەکان دەسەڵاتیان لەهەرێمی کوردستاندا بەدەستەوەیەو خۆیان سەپاندووە. بۆتەنها بڕیارێکیش ناگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی

خەڵك‌و پرسی پێناكەن. ڕژێم نایەوێ چارەسەری مەسەلەی كورد بكات. هەردوو ئەم تەرەفە بەشكڵ‌و شێوەی جۆراوجۆر كەڵك لە مانەوەی ئەو مەسەلەیە وەردەگرن‌و بۆ مانەوەو درێژە پێدانی تێدەكۆشن. ئێمە ناچارین پرۆسەیەك بگرینە بەر تاكو ڕێگای ئەم كارەیان لێبگرین‌و لانی كەم كۆمەڵێك ئیصلاحات بسەپێنین كە باری ئەو مەسەلەیە سووك تر بكات بەو ئومێدەی لەداهاتوودا چارەسەرێكی یەكجاری بكەین. خاڵی سەرەكی ئەوەیە كەخەڵك لەو پرۆسەیەدا بەشداربێ‌و ئیرادە بنوێنێ‌و بڕیاربدات یان لەدانی بڕیارەكاندا تەرەف‌و لایەنێك بێ، بزووتنەوەی جەماوەری خەڵك بەداخوازی رادیكاڵەوە هێز هەڵخرێنێ‌و كۆی بكاتەوەو ناڕەزایەتی دەربڕێ. ئەمڕۆ دەبینین كەبەهەندێك شێوە ڕای گشتی لەكوردستاندا هەیە یان خەریكە دروست دەبێ، هەندێك دامەزراوەو موئەسەسات هەیە كە بۆ خۆیان گرنگن‌و بەشێكن لەخەڵك، ئەوانە هەنگاوی سەرەتایین بۆ هەنگاوی گەورەتر.

دەبێ هەنگاو بەهەنگاو بچینە پێش‌و لەهەر هەنگاوێكدا كەچارەسەر یان تەرحێكی دیاریكراو بۆ مەسەلەی كورد دێتە ناوەوە خەڵك بەشدار بكەین تیایدا. بەم جۆرە دەتوانین هەم دەسكەوتی زیاتر بەدەست بهێنین‌و هەم دیفاع لەوەش بكەین كەهەیە.

ئێستا كۆمەڵێك دەسكەوت بەدیهاتوون كەئەبێ دیفاعیان لێبكەین‌و خەڵك بۆ پاراستنیان هان بدەین. گرنگترینی ئەوانە مەسەلەی چوونەدەری هێزەكانی ڕژێمە لەكوردستاندا. نەبوونی ئەو هێزە سەركوت‌و داپڵۆسێنەرانە خۆی هێزی داسەپێنەری زوڵمی قەومی دەركردووەو بەم مانایە ئەوە ئیصلاحێكەو هەنگاوێكی باشە. لەبەرئەوە ئێمە ئەبێ بەتایبەتی تەحریمی گەڕانەوەی ڕژێم بكەین بۆ كوردستان. دیارە كاتێك ڕژێم بیەوێ بگەڕێتەوە ئەوە هەر تەنها بەدرووشمێك تەنگەبەر نابێتەوە، بەڵكو كۆمەڵێك هەنگاوو كاری تر دەكەوێتە دەستووری كارمانەوە بۆئەوەی بەكردەوە درووشمێكی لەو بابەتە جێبەجێبكەین.

هەڵبەتە (مەسەلەی مفاوەزات)یش كەدێتە ناوەوە خۆی ڕێگەچارە نی‌یە بەڵكو قسەكردنە دەربارەی ڕێگەچارەكان. جگە لە دروشمی نەگەڕانەوەی ڕژێم‌و تەحریم كردن‌و هەڵخراندنی ڕای گشتی بۆی زۆر مەسەلەی تر دێتە ناوەوە كەدەبێ باسی بكەین. ئێمە ئەم دوواییانە كاتێك مەسەلەی مفاوەزات هاتە ناوەوە زۆر شتی باشمان ووت لەپەیامی كۆمۆنیزمدا. بەگشتی پێشمەرجەكانمان خستەڕوو بۆهەر گفتوگۆیەكی جددی كەتایبەت بێ بەچارەسەری مەسەلەی كورد یان سووككردن‌و تەخفیفكردنی ئەو مەسەلەیە. دیارە ڕژێم مل نادا بەچارەسەری یەكجاری مەسەلەی كوردو تەنانەت كەمترین ئیصلاحات كە ئەو مەسەلەیە سووك تر بكات‌و بەزۆری دەزانێ. بەڵام بەهەرحاڵ ئەبێ لەو بارەوە پێشمەرجەكان دیاریبكرێن‌و ڕێگا لەسات‌و سەودا بگرین‌و هاوكات بزووتنەوەی جەماوەری خەڵك بەرێگاچارەی سەرتاسەری‌و گشتی خۆمان قانع بكەین.

سەبارەت بە وەی كەڕژێم نەگەڕیتەوە بۆ كوردستان، یان كاتێك گفتوگۆو مفاوەزات دێتە ناوەوە پەیوەندی كوردستان‌و ڕژێمی مەركەزی چۆن بێ، پەیوەندی سیاسی‌و ئیداری‌و حقوقی بەچ شێوەیەك بێ یان ئێمە لەئێستادا لایەنگری لەچی ئەكەین بەتایبەتی ئەوەی كەئێمە تەئییدی كوردستانێكی فیدراڵ دەكەین یا نا پێم باشە لەو بارەوە هاوڕێ ئەحمەد ئەو مەسەلەیە باس بكات.

## سالار صابر

تەحریم‌و نەگەڕانەوەی ڕژێمی عێراق بۆ كوردستان پشتیوانی جەماوەری‌و حزبی زۆری هەیە، خەڵكی كوردستان درك بەو ئاكام‌و مەئساتە دەكەن‌و لەبەرچاویانە لەگەڕانەوەی ڕژێم‌و بەعسدا، چ تراژیدیایەكی ئینسانی ڕوودەدات، چۆن سەركوتی ئازادی دەكرێت. خەڵكی لەكوردستاندا بەدرێژایی چەندین ساڵ زوڵمی لێكراوە، بەناوی كوردبوونەوە هەموو مافێكی لێزەوت كراوە ئەگەر ڕژێم بێتەوە تەنها ئیعتراف

بەئۆتۆنۆمییەکی داتاشراو دەمێنێتەوە، ئەویش راستەوخۆ لەقازانج پاراستنی دەسەلاتدا دەبێت. پێشتر لەکاتی بوونی ئۆتۆنۆمیدا کوردستان خاپوور کراو بەسەدان هەزاری لێبێسەرو شوێن کراو ... تاد.

ئەمە بەو مەعنایەش نییە ئێمە دیفاع لەم بێئاسۆییو بێئایندەییەی ئێستای کوردستان دەکەین یان وەزعو گوزەرانی ئێستای خەلکی کوردستانمان پێباشە، پێمان وایە ئەم بێناونیشانییەی ئێستاو باری گوزەرانو شێوەی ژیانی خەلك دەبێ ئالوگۆڕی بەسەردا بێ. ئەوەی پەیوەندی هەبێ بەو ڕێگاچارانەوە تاکو ئێستا خۆی لە چەندین تەرحدا دەبینێتەوە. یەکەم: فیدرالیزم ڕێگاچارەی ناسیونالیزمی کوردە بۆ چارەسەری کێشەی میللی لەکوردستاندا کەئەم ڕێگاچارەیە لەپێشەوە ئاشکراو دیارە بۆ پێکهێنانی شێوەیەك لەدەسەلاتی بۆرژوازی قەومی کوردە لەکوردستاندا.

دووەم: ڕێگاچارەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە کەتەرحی ریفراندۆمو جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ دەکات. کە لە جەوهەردا تەرحێکی انفصالی رادیکالە، بەلام دەوری چینی کرێکاری تێدا غائبەو سەرەنجام بەهۆی لاوازی بزووتنەوەی کرێکاریو بەدیلی سۆسیالیستییەوە دەچێتەوە کیسەی ناسیونالیزمەوە. دیارە ئیسلامییەکانیش وەك هێزێکی سیاسی خۆیان زۆر بەدوور گرتووە لەوەلام بەکێشەی میللی لەکوردستاندا تەکئیدی شکلی ناسیونالیزمی کورد دەکەن، بەلام لەناوەڕۆکدا ئەم کێشەیە هیچ بایەخی نییە بەلایانەوە.

ئەوەی بەرەی منیش دەگەڕێتەوە لەئێستادا بۆ مەوزوعی چارەسەری مەسەلەی میللیو لابردنی زولمی قەومی، وەك مارکسیستێك ماف دیاری کردنی چارەنووسە بۆ خەلکی کوردستان تا پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ بۆکوردستان. ئەم ڕێگایەش مەرهونە بە هاتنەمەیدانو هاوکاریو هاوخەباتی چینی کرێکاری کوردو عەرەبەوە. من پشتیوانی لەم ڕێگاچارەیەیان دەکەم، ئیرادەی خەلکی کوردستان تێیدا سەرەکییە، بەلام هەندێ پرسیار دێتە پێشەوە پێویستی بەوەلامدانەوە هەیە ئەویش ئێمە چی دەلێین لەبەرامبەر گفتوگۆی یەکێتیو پارتیدا لەگەل ڕژێم، وەیان دەست تێکەلاوکردنی ناسیونالیزمی کوردو عەرەب.

**ئەحمەد معین**

## ڕێگەچارەکان لەبەرانبەر مەسەلەی کورد لەعێراقدا( دەروازەیەکی گشتی!)

دەمەوێ لێرەدا چەند سەرنج دەربڕم:

ئەم بەشەی باسەکەمان، مەسەلەیەکی ئایدۆلۆجی نیە، دیارە مەبەستم ئەوە نیە ئایدۆلۆجی بەرەلاکەین، مەبەستم ئەوەیە بگەڕێینەوە سەر فاکتە دیاریکراوەکان سەبارەت بەبارودۆخی ئێستاکەی مەسەلەی میللی لەکوردستانی عێراق.

من پێم وایە لێرەدا دەبێ کۆمەلێك فاکتەر ببینین کە دەوری مەسەلەکەیان داوە، بۆیە لەدەربڕینی چەند سەرنج لەسەر قسەکانی هاورێ سالارەوە دەست پێدەکەم.

ئێمە کاتێ شیعاری نەگەڕانەوەی ڕژێم بەرزدەکەینەوە ئەوە سەبارەت بەیەك لایەنی مەسەلەی قەومییە. کەئەشلێین (نابێ ڕژێم بگەڕێتەوە کوردستان) نەمەبەستمان ئەوەیە ڕژێم لەباقی عێراقدا شەرعیەتی هەیەو نە تەقدیسی وەزعی مەوجودی کوردستانیش ئەکەین، مەبەستمان ئەوەیە لەکوردستاندا وەزع نەگەڕێتەوە بۆبارودۆخی پێش ڕاپەڕین. ڕژێم هێزی ئەصلییە لەسەرکوتی خەلکی کوردستانو داواکاریەکانی لەبواری دوایی‌هێنان بەزولمی قەومی.

سەبارەت بەچارەی ریشەیی مەسەلەی کوردیش ئەبێ ئەوەمان لەپێشەوە لاروون بێ کە نەڕێگەچارە بۆرژوازییەکان هەروا ئاسان دەچنە پێشو نەڕێگەچارەی شۆڕشگێڕانە. ئەمە تەنها لێرە وانیە، بۆنمونە لەفەلەستیندا خۆ چینی کرێکار – ڕێگەچارەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆی پێك نەهێناوە لەبەردەم ڕێگەچارەی بۆرژوازییدا بەلام بەبەرچاوی هەمووانەوە دەبینین کەڕێگەچارەی ناسیونالیستیو ئیمپریالیستی چۆن لەفەلەستیندا بەبنبەست

گەیشتوون. لەکوردستانیشدا هێزی چینی کرێکار یـا هـەر جـۆرە رادیکـاڵیزمێك بەربەسـتێکی مـاددی ڕاسـتەقینەی نیـە بەڵام لەناوخۆی بۆرجوازیشدا ناتەبایی قووڵ هەیە لەسەرچارەی مەسەلەی کورد.

ڕاسـتیـیەکەی گـیروگرفتی مەسـەلەی کـورد ئەوەیـە کـە هـەر لەسـەرەوە لـەچوارچێوەی کێشمەکێشـی نێـوان ناسیونالیزمو بۆرجوازی کوردو عەرەبدا هاتووەو چووە، ئەوە سەرباری دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەو ئـەمریکا. هیچ وەختێك فرسەت بۆ کۆمۆنیستەکانو چەپەکانو چیـنی کرێکـاری کوردسـتانو عـێراق هەڵنەکـەوتووە ڕێگـەچارەی خۆی بخاتە ڕوو.

بـەو مانایـە خـودی دەسـەڵاتدارەتی سـەرمایەداریو بـۆرژوا ــ ناسـیونالیزم بـووە بـەڕێگرێك لەسـەر ڕێی چـارەی مەسەلەی کورد هەروەك چۆن لەهەموو مەیدانێکی سیاسی کۆمەڵایـەتیـدا بـووە بـەڕێگر لەبـەردەم هـەر پێشـکەوتنێك، بۆرجوازی لەعێراقدا دەورە بەدەورە مەسەلەی نەتەوایەتی دەمەزەرد کردۆتەوەو تەعریفی کردۆتـەوەو بـەپێی مەرامـە سیاسیەکانی خۆی دایڕشتۆتەوە. ئەوەش مەسەلەکەی زیاتر ئـاڵۆزکردووەو دووری خسـتۆتەوە لـەچارەی ڕاسـتەقینەو ڕێگەچارەی دروستیشی لەخەڵکیش وون کردووە.

ئێسـتا مەسـەلەی یـەکێتی ئـەڵمانیا وەکـو مەسـەلەیەك کـەڕەنگ بـێ ئاڵۆزییـەك بـۆ شۆڕشـی کرێکـاری لـەو وڵاتـە پێکبهێنێ لەلایەن بۆرجوازیەوە بەهەر شێوەیەك بێ چارەسەرکراوە. ئیتر چینی کرێکـاری ئـەوێ لەسـبەی ڕۆژدا نایـەت شیعار بۆ ئـەو مەسـەلەیە بەرزبکاتـەوە. بـەڵام لـەعێراقدا وانیـەو مەسـەلەکە بـەو ئاقـارەدا نـەچووە. شۆڕشـی شـوبات لەڕوسیا گەرچی ئیزدواجیەتی لەدەسەڵاتی سیاسیدا لـەنێوان حکومـەتی کـاتی شـووراکاندا پێکـهێنا، بـەڵام مەسـەلەی قەومیاتی لەووڵاتەدا چارەسەر نەکردو بەناچاری مایەوە بۆ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

مەسەلەکە مەبدەئی نیە بڵێی مەسەلەی قەومی لەخانەی مەسەلە دیموکراتیکەکانـەو هـەر بـەپێی سروشـتی خـۆی ئەبێ پێش شۆڕشی سۆسیالیستی چارەسـەر بکرێ. زۆر فاکتـەری سیاسـی تـر دەرگـیرن لـەوەدا، بۆیـە مـن پێـم وایـە چـارەی مەسـەلەی کـورد بـە مۆدیلـە بۆرجوازیەکـەی بەسـتراوەتەوە بـەئاڵوگۆڕێکی بنـەڕەتی هـەم لـەو سیسـتمە کەڵەکەبووەی دەوڵەت لەعێراقدا کەلە (1958)ەوە متمرکز تر ئەبێو تەراکماتی زیاتر ئەبێو هەم بـەئاڵوگۆڕێکی گـەورە لەتەرازووی هێزی چینایەتیـدا یا ئەوەتا مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی ئاڵوگۆڕو پێشـکەوتنێکی ئـابووری بۆرجوازیانـە وەکو ووڵاتی سەنگافوورەدا سەرخانو ژێرخانی ئابووری عـێراق لـەچوارچێوەی گەشـەو پێویسـتی قووڵـی سـەرمایەدا، ژێرەو ژوور کات.

بەو پێیە لـەچوارچێوەی کێشمەکێشـی کۆنەپەرسـتی نێـوان ناسـیونالیزمی کـوردو عـەرەبداو بـەم مۆدیلانـەوە کـە تاقیکرانەوە، ئەم مەسەلەیە شانسی چارەکردنی نیە.

بەڵام لەڕوانگەی پرۆلیتاریاوە چاری مەسـەلەی کـورد لـەعێراقدا ڕاسـتەوخۆ گرێدراوەتـەوە بـە مەسـەلەی شـۆڕش لەئاستی هەموو عێراقدا. هـەم تێکشـکانی دەزگـای سـەرکوتگەری دەوڵـەتی ئێسـتای عـێراق کـە وەسـیلەی سـەرکوتی داخوازیەکانی خەڵك کوردستان بووەو هەم پاشەکشەیەکی گەورە بەبزووتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبیو تێك ڕووخـانو تەریك خستنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەگشتی، پێشمەرجن بۆچارەی ڕادیکاڵو ئێستای مەسەلەی کورد لەعێراقدا.

بەدیـهێنانی ئـەو ئەرکانـەی سـەرەوە بەشـێکی دانـەبڕاوو فـەصڵی یەکـەمی شۆڕشـی سۆسیالیسـتین لـەم وڵاتـەدا. تاقیکردنەوەی دەیانساڵی مەسەلەی کورد لەعێراقو تەفاعولاتەکان هەروەها گرتنە دەستی لەلایـەن هـێزە تـەقلیدیو تازەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە جگە لەوەش ساتو سەودایەك کەماوەی چـل سـاڵە لـەنێوان بۆرجـوازی کوردو عەرەبەوە بەو مەسەلەیە دەکرێ، دەریخست کە ئەو مەسەلەیە نەك لەچارەکردن نزیك نەبۆتەوە بەڵکو ئـاڵۆزتر کـراوە. بۆیـە تـەئکید دەکەمـەوە کـەچارەی ئێسـتاو عادیلانـەی ئـەو مەسـەلەیە بـەندە بەشـۆڕش لەگشـت عـێراقداو ئاڵوگۆڕەکانی مەسەلەی کورد هەمیشە بەشێك بوون لەتەفاعولاتی بارودۆخی سیاسی سەرتاسەری عێراق.

دیارە هێزی شۆڕش لەعێراقدا، ئێستا لەحاڵێکی لاوازو سەرەتاییدایە بەو مانا سۆسیالیستیەوە کەئێستا دەیبینـین، خەڵکی باقی عێراق ئێستا بەچاوی تەماشاچییەکی دوورەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکەن، هەڵبەتـە ئـەوان بـەچاوی

سۆزو بەدوور لەکینەو دووژمنایەتی ئەرواننە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ چاری  شۆڕشگێڕانەی مەسـەلەکەیان. بەڵام بەدوور لە قوورسایی و هەڵوێستێکی فیعلی، واتە وەکو متەعاتیفێکی دوورە پەرێزو بێگێڕانی دەوری پێویسـت بـۆ فشار هێنان بۆ رژێم لەچوارچێوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕگێڕانەی سەرتاسەری کەدەستی رژێم لەکوردستاندا ببڕێ.

ئەوەی ئێستا لـەو بـوارەدا مەترەحـە، جگـە لـەو رێگەچارەیـەی کـە حککـع دەیبـا بـەرێوە ئـەوەیان زیـاتر لـەرووی ئایدۆلۆجییەوە باش بوونی رێگەچارەی نـاوبراو دەسـەلمێنن نـەك لـەرووی عەمـەلی بوونیـەوەو بـەدوور لەمەسـەلەکانی شـۆڕش لەگشـت عـێراقدا، ئـەوەی مەترەحـە رێگەچارەیەکـە کەهـەدەفـو ئاکـامی تـەرازووی هـێزی قۆنـاغی 10 سـاڵی پێشووی نێوان ناسـیونالیزمی کـوردو حزبـەکانی لەلایـەكو رژێمـی مەرکـەزی لەلایـەکی تـرەوە بـەو پاشەکشـە زۆرەوە کەلەئاکامی تەدەخولی ئەمریکی لەعێراقدا کردوویەتی.

لەبەرانبەر ئەو بارودۆخەدا ئەبێ ئێمە بەرخوردێکی رەخنەگرانەو ئۆپۆزیسیۆنی فەعالانەتر بنوێنـین، لەبەرانبـەر ئـەو رێگەچارە مەترەحەی بۆرجوازیدا، گەر وانەکەین، ئەم مەسەلەیە بەغیابی هـەر رەقیبێکـی رادیکـاڵو شـۆڕگێڕ یـان رێك لەچوارچێوە کۆنەپەرستییەکەیدا بۆدەورەیەك یەکلادەکرێتەوە، گەر وانەکەین هیچ دەورێکمـان نابێ لەبەسـیج کردنـی خەڵك لە مەیدانێکی گرگرتووداو هەر ئەبێ ئەحکامە گشتییەکان بجووینەوە سەبارەت بە مەسەلەی قەومی.

## ئاسۆ غریب

ڕاسـتیەکەی مـن بـاوەڕم وایـە کەهـەم بـەپێی واقیعـی سیاسـیو هـەم بـەپێی تەجروبـە، هـەردوو رێگـەچارەی ناسـیونالیزمی سـونەتیو رێگـەچارەی ئیمپریالیسـتی بەبنبەسـتی خۆیـان گەیشـتوونو هیـچ چارەسـەرێکی باشـتر لـەو هەڵواسراوی و بێناسنامەییەی ئێستا لەوان چاوەڕوان ناکرێ، مانەوەی دەسترۆیشـتوویی ئـەوان لـەگۆڕەپانی سیاسـی کوردستاندا، تەنها ئەوەیە کەماوەی چارەسەر نەکردنی کێشەی نەتەوەیی درێژتر دەبێتەوە.

من ناڵێم هیچ رێگاچارەیەکی بۆرژوازی نیـیە یـان بەمانایـەکی تـر لـەچوارچێوەی دەسـەڵاتی بـۆرژوازیدا رێگاچـارە نییە، مەسەلەکە مەترەحەو زۆریش واریدە پێش سۆسیالیزم  ئـەم کێشـەیە چارەسـەرببێ، بـەڵام ئـەوەی ناسـیونالیزم هێناویێتیو ئەوەی ئیمپریالیزم پەیرەوی دەکات کێشەی نەتەوەیی کوردستان بەچارە سـەر ناگەیـەنێو وەك لەپێشـەوە ووتمـانو بـەکردەوەش بینیمـان ئالۆزتریشـی دەکـات. بۆیـە پێویسـتی تـەرح کـردنو روون کردنـەوەی رێگـەچارەی تـر کەباسمان کرد، زیاتر خۆی دەسەپێنێ.

دیـارە ئێمـە وەکـو لەقسـەی هـەموماندا دەرکـەوت پێمـان وایـە کەسۆسـیالیزم چارەسـەری ریشـەییو یـەکجاری کێشـەی نەتـەوەیی دەکـات لـەعێراقداو بـەو پێیـە زۆر پێویسـتو گرنگـە خـەبات بـۆ لابردنـی چەوسـانەوەی نەتـەوەیی ببەسـترێتەوە بەخـەباتی چینایـەتیو خـەباتی سۆسیالیسـتی دژی سـەرمایەدارییەوە، بـەڵام لـەکاتێکدا کەپێویسـتی چارەسـەری کێشـەی نەتـەوەیی کوردسـتان فـەوری تـر هاتۆتـە پێشـەوە، مـەرج نییـە بـەپێی چارەسـەری دڵخـوازی ئێمـەبێت. ئێمـە هـەر کەسـێك لێمـان بپرسـێ رێگەچارەتان بـۆ مەسـەلەی میللـی چیـە  دەڵێـین سۆسـیالیزمو هیـچ دوو دڵیـەکمان لـەم پرەنسـیبە نییـەو بـەردەوامیش لەهـەوڵدانین کێشـەی قـەومی وەك بـاقی مەسـەلەکانی تـری کۆمـەڵگای سـەرمایەداری لـەڕێگای دامەزراندنی سۆسـیالیزمەوە چارەسـەر ببێ. بەڵام کـاتێك کـە سۆسـیالیزم بـەدی نـەهاتووە یـان خـەریکی بـەدی هـاتن نییـە ئێسـتا، ئیـتر ئـەوە دروشمێکـی گشـتییەو ناتوانـێ وەڵام دەرەوە بێـتو پێویستیشـە بەدەسـت پێوەگرتنی ئـەو پرەنسیبەشـەوە قسـەی تایبـەتر بکـەین.

ئـەو قسـە تایبەتـەی ئێمـە مـەرج نیـە وەك قسـەی تایبـەتی کۆمۆنیسـتەکانی پێـش خۆشمـان بێـت. پێشـتر ووتمـان کۆمۆنیسـتەکان لەهـەموو سـەردەمەکاندا لـەبارەی مەسـەلەی قەومییـەوە یـەك شـتیان نـەووتووەو بـەپێی هەلومەرجـەکانو تایبەتمـەندی خـودی کێشـەکە چارەسـەریان بـۆ ئـەو مەسـەلەیە دانـاوە. لەگـەڵ ئەوانەشـدا ئەگـەر دەسـت بـدا بەگشـتی کۆمۆنیسـتەکان لـەچوارچێوەی فراوانـتردا چارەسـەری کێشـەی

نەتەوەییان خستۆتە ڕوو. بەبڕوای من بۆ مەسەلەی کوردیش ئێستا واباشترە. لەلایەکەوە جیابونەوەی کوردستان کەتائێستا لەباری ڕەسمییەوە وەك ڕێگەچارەی کۆمۆنیستەکان ناسراوە، لەڕووی عەمەلییەوە ئیمکانی نییەو هێزی جێبەجێکەری ئەم پرۆسەیە دیار نییەو لەباشترین حاڵەتدا وەك دروشمێك دەمێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەڕووی سیاسیی و ئەمنیی و ئابورییەوە لانی کەم ئەو کێشانەی ئێستا کوردستان هەیەتی، بەجیابوونەوەی کوردستان لەشوێنی خۆیان جێگیردەبن و کوردستانێکی لاوازو بچوك هەمیشە لەژێر پێخوستو گوشاری وولاتانی ناوچەکەدا قەرار دەگرێ و کێشەی ئاسایشی ئابووری و کەم دەرامەتی بۆ دروست ئەبێ و ڕووخاندنی ڕژێمی بۆرژوا ــ ناسیونالیستی بەعس کەیەکێکە لەپێشمەرجەکانی چارەسەری کێشەی کوردستان، هێزی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانی لێجیادەبێتەوە، بەڵام لەچوارچێوەی فراوانتری عێراقدا هەم پاراستنی سنوورەکانی کوردستان و هەم دابینبوونی پێداویستییە ئابوورییەکان باشتر فەراهەم دەبێ و هاوکات زەمینەی خەباتی سۆسیالیستی و سەرکەوتنی ئەو خەباتە ڕەخساوتر دەبێ.

بەپێی ئەوانە سەرەڕای ئیمکان بوونەکەی، بۆخەڵکی کوردستانیش واباشترە لەسەر ئاستی عێراق دەست بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد ببرێ هەم بەمانای شەریك کردنی غەیری کوردو هەم بەمانای چوارچێوە جوگرافیەکەی. بەڵام ئایا ئەمە لەڕێگاچارەی ناسیونالیستی نزیکمان ناکاتەوە؟! ئایا ئەمە بەمانای گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان نیە، وە یاخود ئەو سەراسەری بوونە نابێتە بارمتەی مەترسی مانەوەی سێبەری ڕژێم لەکوردستان؟ دەبێ وەڵامی ئەمانەش بدەینەوە.

ڕێگەچارەی ناسیونالیستی بەتایبەتی لەباری عەمەلییەوە ساتو سەودایە لەگەڵ ڕژێمی ناوەندی بۆ بەشی زیاتر. ئەمە نە بۆ ئێمە مەترەحەو نەدەتوانێ بەهیچ شوێنکمان بگەیەنێ. وەك زۆرجاری تریش ووتوومە ئێمە گەر لەسۆسیالیزم بێینە خوار، دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی کەماف هاوولاتی بوونی یەکسانی تێدابێ بۆهەموو دانیشتوانی عێراق بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان نەتەوەکاندا دەتوانێ کێشەی نەتەوایەتی نەهێڵێ و هەموو نەتەوەکان لەسەر بنەمای هاوولاتی بوون لەپەیوەندیدابن بەیەکترەوە، ئەمە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و ئەوکاتیش هەم بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و هەم بۆ خێراتر سڕینەوەی ئاسەوارە زیانبارەکانی جیاوازی نەتەوەیی کە لەڕێگای دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەڕێوەچووە، دابەشکردنی ئیدارەی دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچانەدا کەتایبەتمەندی هاوبەش و لێکچوویان هەیە، (بۆنمونە لەعێراقدا باکورو باشورو ناوەڕاست) پەیوەندییەکی فیدراڵی پێکەوەیان ببەستێ. بەڵام ئەو فیدراڵیەتە زۆر جیاوازی هەیە لەوەی ئەمڕۆ ناسیونالیزمی کورد داوای دەکات، ئەوەی ئەوان لەسەر بنەمای جیاوازی قەومییەو ڕێڕەوەکەی سەوداو مامەڵەی نێوان ناسیونالیزمی کوردو عەرەبە بەڵام، ئەوەی من باسی دەکەم بۆ سڕینەوەی ئەو جیاوازییەیەو بەستراوە بەڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و بەخەباتی خەڵکەوە.

هەڵبەت ئەو فیدرالیزمە قەومیەش سەرباری ئەوەی جیاوازی قەومی زیاتر ڕسمیەت پێدەدات، چەوسانەوەو کێشەی قەومی سووکتردەکات بەڵام چارەسەری ناکات و وەك برینێکی قابیلی کولانەوە هەر دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی هەردوو جەمسەرەکە ناسیونالیزمەو هەردوولا بەبەردەوامی هەوڵدەدەن لەو پەیوەندییەدا هەریەکەی بەشی خۆی زیاد بکات.

ئەمڕۆ لەئاستێکی فراوانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا باسی فیدرالیزم دەکرێ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەکوردستانی عێراقدا ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕێگەچارەیەکی خراپ نییە چ مارکس لەسەردەمی خۆیداو چ لینین لە دامەزراندنی یەکێتی فیدراڵی سۆڤیەتەکاندا دەستیان بۆ بردووە، بەڵام ئەو مەسەلەیە لەکوردستان بەو ڕادەیەی کەناسیونالیزمی سونەتی بووەتە خاوەنی و بەوان ناسراوەتەوە تاڕادەیەك و لەئەوساتێکی دیاریکراودا مەنبوز بووە،

لەبەرئەوەی ناسیونالیزم پەیوەستی کردووە بەسات‌و سەودای نێوان خۆی‌و دەسەڵاتی مەرکەزی‌یەوە، بۆیە ئەو فیدرالیزمەی کەمن باسی دەکەم لەوەی ناسیونالیزمیش جیامان دەکاتەوە. ئەو جیاکردنەوەیە بەدڵنیایی‌یەوە جیاوازی هونەری نی‌یە لەخستنەڕووی مەسەلەکەدا، بەڵکو جیاوازی‌یەکی سیاسی‌و بەرنامەیی‌یە بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی.

## سالار صابر

بەدرێژایی نزیکەی پەنجا ساڵە زوڵمی قەومی لەکورستانی عێراقدا لەلایەن ناسیونالیزمی شۆڤینی عەرەبەوە بەسەر خەڵکی کورددا بەڕێوەدەچێ، خەڵکی کورد بەدەلیلی کوردبوونیان دەچەوسێنەوەو بەهرەمەندنین لەمافە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانیان، بەهاووڵاتی پلە دوو ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ. ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی دروست کردووە، دەستنیشانکردنی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆچارەسەری ئەو کێشەیە مەوزوعێکی زۆر گرنگ‌و بایەخدارە.

ئەوەی تاکو ئێستا ڕاگەیەنراوە بۆ چارەسەری کێشەی میللی ڕێگەچارەی ناسیونالیزمی کورد بووە بەپلەی یەکەم، ئەویش دەورەیەکی دوورو درێژ دیفاع بووە لەئۆتۆنۆمی‌و بەدەستهێنانی ئیمتیازێك لەبەرامبەر ناسیونالیزمی شۆڤینی حاکم لەعێراقدا، سەرئەنجام ئەم ڕێگاچارەیە بێئاکام مایەوەو نەیتوانی هیچ ئاڵوگۆڕێك لەکێشەی کورددا بەدی بهێنێ‌و هەقی هاووڵاتی بوونی ئاسایی بۆ خەڵکی کورد دەستەبەر بکات.

دەیەی نەوەتەکان‌و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەبەسەر عێراقدا هات، ڕژێمی بەعس لەکوردستان دەرکراو دام دەزگاو ئیدارات کەوتە دەستی ناسیونالیزمی کوردو ئەو شیعاری ئۆتۆنۆمی‌یەش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، فیدرالیەت وەك درووشمێکی ناسیونالیزمی کورد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی‌و لابردنی زوڵمی قەومی بەرزکرایەوەو کەوتە جێگای حوکمی زاتی، فیدرالیەت نەك هەر لەچوارچێوەی حکومەتێکی دیموکراسی، پەرلەمانی وەك سەرەتا بانگەشەیان بۆدەکرد، بەڵکو هەتا لەئێستاشدا کە حکومەتی دیکتاتۆری بەعس لەسەر کارە ئەمەش بۆمەنفەعەت‌و قازانجی ناسیونالیزمی کوردو بۆ بەشداری‌کردنە لەدەسەڵاتی سیاسی‌دا لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا بەدیکتاتۆریەت‌و دیموکراتیەکەیەوە.

لەبەرامبەر ئەمەدا ڕێگا چارەیەك کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق تەرحی کرد، جیابوونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆیە لەکوردستاندا لەژێر چاودێری‌و نەزارەتی(UN)دا، لەواقیعدا ئەم فەزا گەرمکردن‌و ڕێگاچارەیە بێدەخالەت‌و ئامادەیی چینی کرێکاری کوردستان‌و عێراق‌و بەبێ هاتنە مەیدانی خەڵکی زەحمەتکێش، سپاردنی دەسەڵاتە بەناسیونالیزمی کوردو خۆی لەخۆیدا قازانجێکیش بەچوونەپێشی بزووتنەوەی کرێکاری‌و پێشکەوتووخواز ناگەیەنێ.

سەبارەت بەوەش کەئێوە باستان کرد، ئێمە باس لەڕێگاچارە دەکەین بۆ نەهێشتنی زوڵمی قەومی‌و بۆ حەلی مەسەلەی میللی، ئەمە شتێکەو تەخفیف کردنی شتێکی ترە. بەواقعی‌و بۆ تەخفیفی مەسەلەی میللی کەتەرح کرا، بەلێکدانەوەو ڕێگایەکی دروستی نازانم. تەصەورم وانیە لەم ڕێگایەوە (نەستراتیژی‌و نەتاکتیکی) هەنگاوێکی جدی‌و پێشڕەوانە بنێین، ئەوەی من پشتیوانی لێدەکەم ئەو ڕێگاچارەیە نیە.

ئێمە دەتوانین لەباری تاکتیکیەوە تەجاوەزی ئەم وەزعیەتە بکەین. بەڕای من دیاریکردنی ڕێگاچارە لەکوردستانی عێراقدا لەئێستادا نەگەڕانەوەی دەسەڵاتی بەعسە بۆ کوردستان، کەبەشێك لەکێشەکە چارەسەر دەکات. مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان تا پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەقێکی ڕەوایە، کەئەمیش پەیوەستە بەئامادەیی‌و داخوازی شەعبی خەڵکی کوردستانەوە.

ئێمە کۆمۆنیستەکان ڕێگا خۆشکەر نین‌و بەقازانجی چینی کرێکاری عێراقی نازانین بەبێ دەخاڵەت‌و نەخشی چینی کرێکار واردی ئەم ڕێگاچارەیە بین، کۆمۆنیستەکان پشتیوانی لەهاوکاری‌و هاوخەباتی چینی کرێکاری کوردو عەرەب دەکەن. لەئاستی جیهانیشدا ئەم هاوکاری‌و هاوخەباتی‌و پێکەوە ژیانەی چینی کرێکاری جیهان پشتیوانی لێدەکەین.

زوڵمی قەومی لە50 ساڵی ڕابووردوودا لەسایەی حاکمیەتی ناسیونالیزمی شۆڤینی عەرەبدا برینێکی قووڵی کردۆتە جەستەی خەڵکی کورد، تاهاتووە ئەو برینانە قووڵتر کراوەتەوەو پەرەی پێدراوە بەمەرامی ڕاگرتنی حاکمیەتی بەعس، منیش دەڵێم لەئێستادا دوورە چارەسەری، بەڵام تا ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس و شۆڤینیەتی عەرەبی لەعێراق ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەت لەڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، ڕژێمێکی دیموکراسی نەیەتە سەرکار کەهەقی هاووڵاتیبوونی کورد بەیەکسانی لەگەڵ نەتەوەکانی تر بەڕەسمی بناسێ، چارەی مەسەلەی میللی زۆر لەمومکینەوە دوورە.

## نزار عبدالله

لەڕاستیدا وەزعیەتی کوردستان بەبارودۆخێکی زۆر تایبەتدا تێپەڕدەبێ و حوکمو فۆرمۆڵە گشتییەکانی ڕابووردوو ناتوانێ کاف بێ و وەڵامدەرەوەی بێ. ئێستا فۆرمۆڵی ماف دیاریکردنی چارەنووس ئەگەر بەگشتیش ڕەت بکەینەوەو تەنها ئەو مافە بۆخەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسین هێشتا هەر کاف نییە. مەسەلەی کورد لەعێراق ئێستا جیاوازی هەیە لەگەڵ هەمان ئەو مەسەلەیەدا لەئێران، لەوێ هێشتا ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریەکی سەرەکی بەدی نەهاتووە کەتیایدا خەڵکی کوردستانی ئێران کەمێك زیاتر لەماف دیاریکردنی چارەنووس نزیك بووبێتەوە، هێشتا دەکرێ فۆرمۆڵێکی گشتیت هەبێ و نەبوونی ڕێگاچارەی تایبەت تر ڕێگە لەکارو هەڵسووڕانت لەبزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئێراندا نەگرێ. هەتا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتە بوو کەخودی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەرەڕای ئەوەی دیفاع لەجیابوونەوەی کوردستانی عێراق دەکات، دیفاع لەهەمان درووشم بۆ کوردستانی ئێران ناکات.

دیارە خەڵکی کوردستانی عێراق ماف خۆیانە ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ڕیفراندۆم بکەن، یان بڕیاربدەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن. ئەو مافانە ئێمەش دەبێ دووپاتی بکەینەوەو پشتگیری لێبکەین. بەڵام چەند ئەتوانین ئەوانە جێبەجێبکەین وە ئایا بەرزکردنەوەی ئەوانە وەکو دروشمێك دامان نابڕێ لەپرۆسەیەك کە ئێستا لەکوردستاندا هەیەو دەستی پێکردووە؟ دیارە پێشتر وەڵامی ئەمانەمان داوەیە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوانە بوو ووتمان تەخفیفو سووککردنی مەسەلەی زوڵمی قەومی لەسەر کورد ئێستا پرۆسەیەکە ماوەیەکە دەستی پێکردووەو ئێمە ئەبێ لەو پرۆسەیەدا بەشداربین و کاریگەریی لەسەر دابنێین.

درووشمی فیدراڵی یەکێکە لەوانە، ڕاستە بۆرژوازی ڕێگەچارەی فیدراڵی تەرح کردووە. بەڵام خودی دروشمی فیدرالی وەکو ڕێگەچارەیەك بۆ سووککردن و کەمکردنەوەی باری قورسی زوڵمی قەومی لەمارکسیزمدا نامۆ نیە، هەر مارکس خۆیبوو کەدیفاعی لەو دروشمە کرد لەمەسەلەی ئێرلەنددا، ئەو پێی وابوو پەیوەندی ئێرلەندە بەبەریتانیاوە پەیوەندییەکی اتحادی(واتە فیدرالی)بێ باشترە. ئەو دیفاعی لەوەکرد کەحکومەتێکی فیدراڵی لەئێرلەندە کەدەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزایی خۆی هەبێ دابمەزرێ و پەیوەندی بەبەریتانیاوە فیدرالی بێ و جیانەبێتەوە لێی. گوایە لەپەیوەندییەکی لەو بابەتەدا هاوژیانی و هاوخەباتی چینی کرێکاری بەریتانیاو ئێرلەندا لەچوارچێوەیەکی فراوانتردا دەچێتە پێش و بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەشیان و هاوخەباتی و هاوپشتی چینایەتیان دەباتە سەر.

هەڵبەت فیدراڵیەت، ناسیونالیزمی کورد تەرحی کردووە. بەڵام کاتێك بوو بە پرۆسەیەك و خۆی سەپاند لەسەر ئەم درووشمەو لەسەر چۆنێتی دەسەڵاتی فیدراڵی، دەستوورەکەی، دەسەڵاتەکانی، ماف هاووڵاتی بوون، مافە سیاسی و مەدەنییەکان، ئازادییەکان و .. تاد دەتوانین چەندو چۆنی زۆر لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردو عەرەبدا بکەین و مەیدانێکی فراوان هەیە بۆململانێ و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵیان. بەڵام بەپێچەوانەوە گەر لەسووچێکدا هەر درووشم بەرزبکەینەوەو ئەندامان و لایەنگرانمان لەبەری بکەن و هەمیشە بیلێینەوە ئەوە نامان گەیەنێ بە هیچ بەبیانووی خۆجیاکردنەوە لەبۆرژوازی و ڕادیکاڵبوون ئیمزای حاشیەبوون و کەنارەگیری خۆمان لەسەر کاغەزێکی سپی مۆردەکەین و بەکردەوە دەیدەینە دەستی بۆرژوازی. بۆنمونە

زۆرجار بیستوومەو خوێندوومەتەوە کە فیدرالیزم بۆیە ڕەت دەکەینەوە چونکە هەویەتی قەومی لەناوناباب بەڵکو دەیان هێڵێتەوەو لەبەرامبەر یەکدا ڕایان دەگرێ. بەڵام خۆ پێش لەفیدرالیەتیش هەویەتە قەومییەکان(کوردو عەرەب بۆنمونە) هەرهەنو لەبەرامبەر یەکدا شیرو تیر لەیەکتر دەسوون. جا باشترە لەخاڵێکدا بگەن بەیەکو ئەو بەرەنگارییە کەمبێتەوە یان فەزایەك دروستبێ کە مەترسی شەڕو دووبەرەکی کەمبکاتەوە. دیارە ئەم مەسەلانەی باسمان کرد هێشتا براوەنین‌و تاوو تویۆ زیاتریان دەوێ. بەڵام گرنگە لەدەرگاکانی بدەین‌و خۆمان بۆ وورده‌کاری زیاتر لەسەریان ئامادەبکەین.

## ئاسۆ غریب

مـن موداخەلەیەکی کورتم ماوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری ئەو مەسەلانە، منیش موافقم بەقسەکانی هاورێ نزار بەمەرجێك لەجیاتی ئەوەی بڵێین ڕێگاچارەی کۆمۆنیستی‌و کرێکاری بۆمەسەلەی میللی، بڵێین ڕێگایەك بۆ تەخفیفی کێشەی میللی لەئێستاداو شتەکە دیاری بکەین چونکە ئەو دوو مەسەلەیە لەیەکتر جیاوازن. ئەوەی کەمن باسم کرد ڕێگایەکە بۆ چارەسەری مەسەلەی میللیی‌و بەستراوەتەوە بەڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە. لەئێستاشەوە بۆ رووخانی بەعس ماوەیەکی نێوانە کەمەعلوم نییە چەند دەخایەنێ لەم ماوەیەدا هەوڵدان‌و نەخشەدانان بۆ سووکردنی قورسایی مەسەلەی میللی نەك هەر مەنفی نییە، پێویستیشە . پێویستە لەم بارەیەوە شتی عەمەلی بڵێین نەك دڵخواز، بۆنمونە ئەگەر قسەیەك لەسەر پەیوەندی نێوان کوردستان‌و عێراق هەیە شتێکی باشە شێوەی ئیدارەی کوردستان جیابکەینەوەو تا ئەوکاتەی ڕژێم ماوە کوردستان لەپەیوەندی فیدرالیدا بێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی‌و دەسەڵات‌و شێوەی ئیدارەکەی لەکوردستان دیاری بکرێ‌و وەك سەبارەت بەگفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم باسمان کرد ڕۆڵی جەماوەری خەڵك‌و ئیرادەیان لەبەرچاوبگیرێ‌و لەپاڵ ئەوەشدا پێشنیاری خۆمان بۆ شێوەی ئیدارەی کوردستان بخەینە ڕوو. بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك بەمانای گەڕانەوەی ڕژێم نییە بۆ کوردستان، بەڵکو تەخفیف کردنی کێشەی ڕژێمە لەگەڵ کوردستان لەچوارچێوەیەکی ڕەسمیدا. یان بەمانایەکی تر ڕەسمیەت دانە بەنەگەڕانەوەی ڕژێم‌و پارێزگاری یاسایی سەربەخۆیی نیسبی ئێستای کوردستانە، واتە ئەگەر قسەیەك لەسەر مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی ئێستای عێراق هەبێ تەنها لەو چوارچێوەیەدایەو هەر ئەوەندەش بەقازانجی خەڵکە.

## ئەحمەد معین

ئێمە لەوەو پێش کەمتر لەم بوارەدا قسەمان کردووەو هەڵوێستمان دەربڕیوە. با مەسەلەکە لەبواری فەرەزیاتدا نەهێڵینەوە، ئێمە مەسەلەیەکی واقعیمان لەبەردەستدایە. ئایا چینی کرێکاری عێراق یا کوردستان ئەتوانن لەئێستادا بەشێوەیەکی ڕیشەیی چارەی مەسەلەی کورد بکەن؟ ئێمە لەم مەسەلەیەداو لەئێستادا لەڕووی ئایدیۆلۆجیی‌و باشترین ڕێگەچارەی نەزەرییەوە قسە ناکەین. نەخۆشێکیان هێناوەتە سەر مەشرەحەکەمان‌و لەسەر نەخۆشییەکەی ئێستای چی ئەڵێین؟ ئێمە لێرەدا باسی ئەوە ناکەین کام ڕێگەچارە باشە. ناڵێین ڕێگەچارەکەمان ئەبێ سۆسیالیستی یان شۆڕشگێڕانە بێ، هیچ یەك لەوانەمان نەووتووە. ئەڵێین بۆرجوازی خەریکە بەنەوعێك ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات لەئێستادا، جا ئەگەر دەخالەت نەکەین‌و دەوری نەبینین، خەسڵەتی بۆرجوازی ئەم ڕێگەچارەیە زەقتر دەبێ. بەڵام گەر هێزێك‌و فشارێکی ڕادیکاڵ بەرسەیەوە بێ دیارە دەستی ئەوان بەکراوەیی ناهێڵێتەوە. ئێمە بەیانی 11ی ئازاری حەفتامان لەبیرە نەخەڵك دەوری هەبوو، نەهێزێکی پێشکەتنخوازو نەچەپ کە هەش بوو. تەنانەت مەلا مستەفا گوێی بەمەکتەبی سیاسی حزبەکەی خۆشی نەدەداو وەفدێکی پێکهێنا لەمەسعودو ئیدریس بەرزانی‌و محمود عوسمان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمداو بەو جۆرە برانەوەو ڕێککەوتنێکیان مۆرکرد. بەڵام کۆمەڵگای کوردستانی ئێستا وەکو ئەوکاتە

نیە. ئێمە ئەرکمانە وەکو ڕێنیشاندەری چینی کرێکار دەوری خۆمان بگێڕینو بەوانو بەخەڵك بڵێین ئەم پرۆژەو ئەو ڕێگەچارەیە زیاتر لەخزمەتی ژیانو گوزەرانی ئێستاو خەباتو بەرژەوەندی داهاتوومانە.

هەرچی پەیوەندی بەمەسەلەی کوردیشەوە هەیەو بڵێین گەر ناتوانین ڕێگەچارەی سەربەخۆی شۆڕشگێڕانە پیادەبکەین، بابێین بۆ ئێستاو لەڕووی مەرحەلیەوە بڵێین فلانە ڕێگەچارەیان لەوچاو ئەوی تردا، خەسڵەتی ئینفیجاری ئەو مەسەلەیە کەمتر دەکاتەوە، دڕکێك لەگیانت دەردێنیو هیچی تر. ناشڵێین نەئەمە نموونەی ڕێگەچارەی سویسریەو نەنمونەی ڕێگەچارەی سۆسیالیستی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە بۆ مەسەلەی قەومی.

هێزە قەومیەکان خەریکە خەڵك بەڕێگاچارەکانی خۆیان گۆش ئەکەن، ئەبێ خەڵك بزانێ ئێمە ئەڵێین چی؟ مەسەلەی ڕێگەچارە بۆ زوڵمی قەومی، باسی خەڵکەو هاتۆتە سەرخوان، ڕۆژانە باسو کێشەی لەسەرەو خەڵکی پێبەسیج ئەکرێ. ئەبێ ئێمەش قسەیەکی ڕۆشن لەو بارەوە بکەین. شکڵە عەمەلیەکەیو چۆنێتی پیادەکردنو شیعاری خۆمان لەم ڕووەوە بدەین.

ئەبێ بەم (معطیات)ەوە کەلەسەر ئەرزی واقیع هەیەو بەم توانایی‌یەی بزووتنەوەی کرێکاریەوە قسەیەکی لەسەر بکەین. دیارە بشڵێین ئەمە ڕێگەچارەی ریشەییو یەکجاری نیە. بۆرجوازی کوردیو عەرەبی خەریکی ساتو سەودایەکن لەسەر ئەم مەسەلەیە.

مەبەستی ئێمە بەمەوزوعیەتەوە تەخفیفی باری پڕئازاری مەسەلەکەو ڕێگرتنە لە تەقینەوەی بەبارە کۆنەپەرستیەکەیدا. گەر ڕێبگیرێ لەدەرکردنی خەڵك لەکەرکوكو ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ڕژێمو بوار بۆ ئەوە نەمێنێ ئاوارەی شارەکان بن بەهۆی کوردبوونیانەوە، یان ئەوانەی دەرکراون بگەڕێنەوە، تەعریب ڕابگیرێ، تەهجیر نەمێنێ، دامو دەزگای سەرکوتی ڕژێمی مەرکەزی نەگەڕێنەوە کوردستانو ئەوە بکرێ بە حاڵەتێکی ڕەسمیو چەندین هەنگاوی تر، بەگشتی تینی ئازارەکە سووك تر دەکەن. بەڵام گەر ئێمە خەڵك بەتەنیایی جێبهێڵین ئەوکات نەدەوری خۆمان گێڕاوەو نەهەڵوێستێکی سیاسیو عەمەلی مان بووە.

دیارە ئێمە بەم تەرازووی هێزی سیاسیەوە ڕێگەچارەیەکی نمیچە ئەوروپی بۆ مەسەلەی کورد بەباشتر دەزانین لەچاو ڕێگاچارەیەکی وەحشیانەو بەربەری بەعسییانە. دیارە بەو ڕێگەچارە ئەوروپیەشەوە سەرمایەداری لەجێی خۆی دەمێنێ، دەسەڵاتی بۆرجوازی دەمێنێ، بەڵام ئارامی گەڕاوەتەوە بۆناوچەکەو خەڵك دەیانپەرژێ بیر لەگوزەرانو داخوازیو مافی تر بکەنەوە. ئێستا کە دەخەوی نازانی سبەی کێ دەسەڵاتداری شارە، نازانی کام دەوڵەتی چوار دەور لەشکرکێشی دەکات، هەمیشە لەژێر مەترسی تۆپبارانو هێرشدایت. بەهۆی تەفاعولاتی مەسەلەی کوردەوە، کوردستان بووە بەمەیدانی تەراتێنی گشت دەوڵەتانی ناوچەکە، ئێران، تورکیا، عێراق، سوریاو ... تاد هەموویان، دەستی تێوەردەدەن.

مەسەلەیەکی تریش هەیەو ئەبێ بەڕاشکاوی بیلێین. ناکرێ ئێمە هەربڵێین دەوڵەتی پانو پۆڕتر لەبارترە بۆ داهاتووی خەباتی چینایەتی. ئەمە بەگشتیو لەبارودۆخی نۆرماڵدا ڕاستە. بەڵام ڕژێمی عێراقو دەوڵەتەکەی لەسەر بناغەی ناسیونالیستی عەرەبی دامەزراوە. نمونەی زبرو دڕی ڕژێمێکی تۆتالیتاریو متمرکزی بۆرجوازیە، سیستمێکی دەگمەنو تایبەتە. ئێمە چەند پێمان بکرێ لەم ڕووەشەوە تەمرکزی ئەم دەوڵەتو سیستمی سیاسی ڕژێمە تێکبشکێنین، بەقازانجی شۆڕشە. خاوکردنەوەی ئەو خەسڵەتەی سیستمی سیاسی لەکوردستانو کەمکردنەوەی دەوری دەوڵەتی مەرکەزی لەکوردستاندا، خزمەت بەو ئامانجەش دەکا.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کەوا ئێمە لەئێستادا ناتوانین ئەلگۆی خوازراوی خۆمان بۆ چارەی مەسەلەی کورد جێبەجێبکەین، هەر کەسێکی چەپو کۆمۆنیستیش ئەتوانێ ئەوە ئێمە پێشوازی لێئەکەین گەر لەئاستی (ڕستەی شۆڕشگێڕانە)دا نەیهێڵێتەوە. بۆیە نەك هەر ئەوە بەڵکو لەچوارچێوەی ڕێگەچارەی نێوان ناسیونالیزمی کوردو

عەرەبیشدا، ناتوانین شەرتو شروتی خۆمان بەتەواوی بسەپێنین. بەکورتی دەبێ لەم بوارەشدا بەدەر لەئیرادەو حزبـی خۆمان توانای هێزی چینی کرێکارو ئاستی خەباتی ئەو چینە لەبەرچاوبگرین.

بەکورتی ئێمە لەبەرانبەر ئەم سیستەمە متمرکزەی دەوڵەتی عێراقدا، سیستمێکی فیدراڵیو لامەرکـەزیمان پێباشـترە وەکو چوارچێوەیەك بۆ چارەی مەسەلەی کورد. ئەم سیستەمەی ئێستا وەسیلەیەکی کراوەیـە بەدەسـتی ناسـیونالیزمی بەعسی حاکمەوە بۆ سەرکوتکردنی هـەموو داخوازییـەکانی خـەڵك بەخەشـن تریـن شـێوەو سـەرکوتی قـەومی لەسـەر خەڵکی کوردیش بەتایبەتی.

بـەڵام ئایـا فیدرالیـەت وەکـو رێگەچارەیـەکی بۆرجـوازی چ رەوتێـك دەگرێتەبـەر؟ ئـەوەی بەسـتراوەتەوە بـەرەوتی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە وەکو باقی مەسەلەکانی شۆڕشو خەباتی چینایـەتی لـەعێراقدا. جڵـەوی ئـەوە تەنها بە دەستی بۆرجوازی نیە. گەر رێگەچارەی فیدراڵی 6سـاڵ لەمەوبـەر بکرایـە مـن ئـەڵێم لەڕوانگـەی بـەرژەوەندی شۆڕشی عێراقەوە خراپتر ئەبوو. ئێستا کۆمەڵێ رەوەندو ئاڵوگۆڕ لەکوردستاندا هاتوونەتـە پێـش. کەبەگشـتی ئیجابی ترن. خەڵك ووشیار ترن. دەسەڵاتی سیاسی ناسپێرن بەوەکالەت بەهەر لایەنێك کەخۆی بڵێ من نوێنەری خەڵکمو فلانە سـەروەریم هەیـە. ئەوانـە کـاڵ بوونەتـەوە. سـاڵی 93 خـەڵك لـەڕووی دامـاویو بـن بەسـتەوەو لەگەرمـەی برسـێتیو هەژارییەکەدا بەهاتنەوەی ڕژێمیش قایل نەبوو.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کـە لـەڕووی مەنهەجییـەوە مەسـەلەی قـەومی لەکوردسـتانو وەزعـی سیاسـی کوردسـتان بەگشـتی دوو مـەوزوعی جیـاوازترن. ئێمـە دەمـانووت وەدەرنـانی هێزەکـانی ڕژێـم لەکوردسـتانو ئێسـتاش دەڵێـین رێگەگرتن لەگەڕانەوەی ڕژێـم بـۆ کوردسـتان. ئـەوە یـانی چـی؟ لەڕوانگـەی ئێمـەوە یـانی ئـەوە کـەکرێکارانو خـەڵکی کوردستان لەگەڵ سێلایەن، حکومەت، پارتیو یەکێتی تەرەف بن، یەکێکیان لێدەرچووە.

ئێمە ئەبێ لەهەموو رێگەچارەیەکی بۆرجوازیدا، بەڵگەنامەیەك لەبابەتی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بەرزبکەینەوە.